# پێژی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووککردنەوە و
# ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا

# پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووککردنەوە و
# ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا

**سازان زاهیر سەعید**

**هەولێر - ٢٠١٣**

* ناوی کتێب: پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووککردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا.
* لێکۆڵەر: سازان زاهیر سەعید.
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٢٣٦).
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٥٠٢)ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە.
* ئەم کتێبە، لە بنەڕەتدا بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماجستێر) لە بواری وشەسازیی زمانی کوردیدا، لەژێر سەرپەرشتی د. فارووق عومەر سدیق، لە ساڵی (٢٠٠٩) پێشکەشی بەشی کوردیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە.

# پێشەکی

ناونیشانو بواری لێکۆڵینەوەکە بۆ (پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووککردنەوەو ناسکی لەسازکردنی وشەی نوێدا) تەرخانکراوە، لێکۆڵینەوەکە هەنگاونانێکی سەرەتایە، کە بۆ یەکەمجار لەپێناو بەدەستهێنانی ڕادەی پێزی گروپێك لە مۆرفیمە داڕێژەکانو دەرخستنی ڕۆڵو قورساییان لە فراوانکردنو پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، پشت بە زانستی ئامار دەبەستێت، کە ئەمڕۆ بەگشتی، بەپێی ئەم زانستە ئەنجامی ڕاستەقینەی لێکۆڵینەوەی زانستی هەڵدەسەنگێنرێت، هەموو ئەمانەش، هۆکارو پاڵنەری سەرەکیی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکەن.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، زمانی کوردی– دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست– شێوەزاری سلێمانی بەکارهێنراوە، سەرجەم نموونەکانیش لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە وەرگیراونو کراونەتە داتای لێکۆڵینەوەکە، بۆ ئەمەش، بەشێوەیەکی سەرەکی، ڕێبازی "لێکۆڵینەوەی پەسنی" پەیرەوکراوە، هەندێجاریش، بەپێی پێویست ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی گیراوەتەبەر.

دەکرێ بایەخی نامەکە بەگشتی لەم چەند خاڵەدا کۆبکرێتەوە:

١. بۆ گەیشتن بە ڕاستی زانستیی بەهۆی پشتبەستن بە زانستی ئامارەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێتە ڕێخۆشکەرێك بۆ لێکۆڵینەوە زمانییەکانی دواتر.

٢. بە سنورداناێکی مێژوویی دادەنرێت، بۆ چاودێریکردنی چەندێتیو چۆنێتیی پلەی هەڵکشانو داکشانی پێزی گروپێك لەمۆرفیمە داڕێژەکانو نیشاندانی ڕۆڵیان لەپڕکردنەوەی کەلێنی فەرهەنگی کوردی لەڕابردوو و ئێستادا، بەمەش دەتوانرێت تیشك لە قۆناغەکانی نەشونماکردنی فەرهەنگی کوردی بدرێت.

٣. داتاوەرگرتن لەسەر بنەمای کەرەستەی زارو شێوەزارەکانی زمانی کوردی، بۆ ئەو لێکۆڵینەوانە گرنگە، کە لەبواری زارناسی (Dialectology)دا ئەنجامدەدرێن. هاوکات پەیوەست بە چەمك و هۆکانی دەربڕینی بچووککردنەوەوە، سوود لە زمانەکانی (فارسی، ڕووسی، ئەڵمانی، ئینگلیزی، ئیسپانی، عەرەبی) بینراوە، ئەمەش لە لێکۆڵینەوە زمانییە بەراوردکارییەکاندا، نرخ و بەهای تایبەتیی خۆی هەیە.

لێکۆڵینەوەکەش، جگەلە پێشەکی و ئەنجام، سێ بەشی لەخۆگرتووە؛ بەجۆرێك بەشی یەکەم بۆ (چەمکی پێزو مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە) تەرخانکراوە، کە تێیدا چەمکی پێز پەیوەست بە بەرهەمدارییەوە بەگشتی و دواتریش لەزمانەوانیدا، ڕوونکراوەتەوە، پاشان تایبەتمەندێتی و بنەمای هەڵبژاردنی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە خراونەتەڕوو، هەروەها پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کارانەی پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەبووە، کراوە.

بەشی دووەم تایبەتە بە (ئەرك و بەکارهێنانی مۆرفیمی بچووککردنەوەو ڕۆڵیان لە بچووککردنەوەی ناوی تایبەتیی مرۆڤدا)، لەم بەشەدا، چەند بڕگەیەکی وەك پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمی بچووککردنەوە، ئەرکەکانیان، پەیوەندیی سینۆنیم لە نێوانیاندا باسکراوە، پاشان بەکارهێنانی سینتاکسیی هەندێ وشەی بچووککراوە، واتای فەرهەنگی و پراگماتیکیی وشە بچووککراوەکان نیشاندراون، دوابەدوای ئەمانەش، ڕۆڵی ئەم مۆرفیمانە لە بچووککردنەوەی ناوی تایبەتیی مرۆڤداو مەبەستەکانیان بە نموونەوە خراونەتەڕوو.

بەشی سێیەم لەژێر ناونیشانی (پێزی مۆرفیمی بچووککردنەوە لە سازکردنی وشەی نوێدا)یە، لەم بەشەدا، بەشێوەی پراکتیکی، پەیوەست بە خستنەڕووی پێزی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە لە ڕۆنانی وشەی نوێدا، تەرزی هەریەك لە مۆرفیمەکان دیاریکراوە، دواتریش لە ئامارێکدا، ڕێژەی بەپێزی و بەرهەمداریی ئەم مۆرفیمانە بەپێی ئاست و ڕادەی بەرهەمدارییان نیشاندراوە.

# بەشی یەکەم

# چەمکی پێزو مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە

## ١/ ١ بەرهەمهێنان: production

بەرهـــەمهێنان بـــەواتا گشـــتییەکەی ((کـــردەی دروســـتکردن، یـــان پەرەپێدانی شتومەکەکان دەگرێتەوە))[1]، واتە پلاندانانو کارکردن لـەبوارە جیاوازەکانـــدا لـــەپێناوی دەســـتکەوتنو هێنانەبەرهـــەمی جـــۆرو بابـــەتی دیـــاریکراوی شـــتێکدا، وەك بەرهەمـــە کشـــتوکاڵییەکان، شـــتومەكو بابەتـــە پیشەسازییەکان، بەرهەمە نەوتییەکان، هەروەها سـەرجەم ئـەو بەرهەمانـەی لەکارگەکانـــدا لەئـــەنجامی ئاوێتـــەکردنو کـــارلێکی مـــاددە کیمیاییەکانـــەوە لەبوارەکانی (فیزیك، کیمیك،...هتد)دا بەدەستدەهێنرێن.

هەر لەو ڕوانگەیەوە، مەبەستی بەرهەمهێنان لە زمانەوانیدا، بریتییە لـە هەوڵدانی قسەکەر بۆ خستنەتەکیەكو لێکدانی کەرەستە زمانییـەکان، لـەڕێی جێبەجێکردنی یاساکانی فۆنۆلۆژیو مۆرفۆلۆژیو سینتاکسـەوە بەسـەر دانـە دەنگییـیو فەرهـەنگیو سینتاکسـییەکانی زمـانێکی دیـاریکراودا، بـەئامانجی دروســتکردنو بەرهـــەمهێنانی فـــۆڕمی واتـــادارو دروســـتەی ڕێزمـــانیی نـــوێ. بۆنموونە یاسای لکاندنی مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ بە بناغەکانەوە، بەگشتی دانـەو بەرهـەمی نـوێ دەهێنێتـەئاراوە. دەتوانرێـت بەشـێوەیەکی گشـتی، دیاردەکە لەم هاوکێشەیەدا ڕوونبکرێتەوە:




---

١. Oxford Word Power, (2002: 587).

کەواتــە بەرهــەمهێنان وەك هاوکێشــەیەکی نــەگۆڕو چەسپاو لەهــەموو بوارە جیاوازەکاندا دووپاتدەبێتەوە، چونکە کرۆكو واتاکــەی، بــەپێی جۆری بابەتەکە، بەدەستخستنی بەرهەمە جۆراوجۆرەکان دەگرێتەوە، لەئاکامی ئەو کارانەی لەو پێناوەدا ئەنجامدەدرێن، هەروەها ئەو ڕێگایانەش، کە پەیوەست بەو بوارەوە دەگیرێنەبەر.

پێــز[1] و ڕادەی هــەموو ئــەو بەرهەمــە بەدەســتهێنراوانەش لــەڕووی چەندایەتییەوە لەیەکتری جیاوازن، کە هەندێکیان بــەپێزنو بــڕی بەرهــەمیان لــەوانیتر زۆرتــرە، بەپێچەوانەشــەوە، بــوونی ئــەم جیاوازییــەش، زاراوەی (بەپێزیی، بێپێزیی)ی بۆ بەکاردەهێنرێت.

### ١/١-١ بەپێزیی پەیوەست بە بەرهەمدارییەوە:

چــەمكو واتــای (پێــز) و (بەرهــەم)، بەیەکــەوە بەســتراونەتەوەو پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەیە، بۆیــە زۆربــوونی پێــز، ڕاستەوخۆ ئامــاژە بــۆ بەرزبوونــەوەی ئاستــی بەرهەمــداریی دەکــات، بۆیــە دەبێــت بــۆ ڕوونکردنــەوەی واتــای وشــەی (پێــز)، پشــت بەچــەمکی (بەرهەمــداریی) ببەسترێت.

بەرهەمداریی لە سەرجەم بوارو زانستە جیاجیاکاندا، واتایەکی گشتیی دەبەخشێت، واتە سنوورو چوارچێوەیەکی فراوانی هەیەو تەنیا بە زانستێکی تایبەتییــەوە نەبەســتراوە، چــونکە وەك پێشــتر ئامــاژەی پێــدرا، ئامــانجی پرۆســەی بەرهــەمهێنانو چــالاکی لەهــەر بوارێکــدا، دەســتکەوتنی ســوودو بەدەستهێنانی بەرهــەمی نوێیــە، لەپاشــدا هەوڵــدان بــۆ زیــادکردنی ئــەنجامو ڕێژەی بەرهەمــە بەدەستهاتووەکان، لەمەشــەوە دەتوانرێت لەســەر بنــەمای ڕێژەی ئەو بەرهەمانە، پلەو ئاستی بەپێزییان دیاریبکرێت. کەواتە بــەپێزیی،

---

١. د.فــارووق عومــەر سدیق، پێیوایــە، وشــەی (پێــز) لــە کوردیــدا لەگــەڵ (پــۆڵزە)ی ڕووســیو سلاڤیدا سەرچاوەیان یەکە. دیدارو چاوپێکەوتنی تایبەتی، ١٥/٤/٢٠٠٨.

گوزارشت له دیاریکردنی جیاوازیی ڕێژەی بەرهەمو ئەنجامی کۆتایی کارەکان دەکات، کە پەیوەستە بە ڕادەو بڕی ماددەی بەرهەمهاتووەوە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، پێویستیی وادەکات لەهەر بوارێکدا بەرهەمو داهێنانی نوێ بهێنرێتەکایەوە، بۆنموونە لە بوارەکانی کشتوکاڵو پیشەسازیو تەکنەلۆژیاو.... هتددا، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ڕێژەی خواستو داواکارییەکانەوە لە کۆمەڵدا، پەیوەست بەمەشەوە، هەوڵی پەرەپێدانو زیادکردنی ڕێژەو جۆری بەرهەمەکان دەدرێت، بەگرنگیپێدانی زیاترو بەکارهێنانی چەندین ڕێگای نوێ (مۆدێرن)و پێشکەوتوو. ئاشکراشە پێزو توانای بەرهەمهێنان وەکیەك نییە، بەڵکو لەڕووی جۆرایەتیو چەندایەتییەوە جیاوازییەکی دیار لە ڕێژەی بەرهەمەکاندا بەدیدەکرێت.

بۆنموونە لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا، بەردەوام بەرهەمو داهێنانە نوێکانی بواری تەکنەلۆژیا، هاوشان لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی خواستو داواکارییەکاندا، ڕووی لە زیادبوون کردووە، بەمەش پێزو کەڵکیان زۆرتربووە، بۆنموونە (داهێنانی ئامێری کۆمپیوتەر، دەیەها جۆری جیاوازی موبایل بەتەکنیکی نوێو پێشکەوتووەوە، هەروەها برەودان بەگەشەسەندنو فراوانکردنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت،.....هتد)، هەموو ئەمانەش، ئاماژە بۆ بەپێزییو بەرهەمداریی جۆرو بڕی کەرەستەو ئامێرە بەرهەمهاتووەکان لە بواری پیشەسازیو تەکنەلۆژیادا دەکەن، کە ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبوونو گەشەسەندنی بەردەوامدان.

### ١/١-٢ بەپێزییو بەرهەمداریی لە زماندا:

وەك پێشتر ڕوونمانکردەوە، پەیوەندییەکی بەهێزو ڕاستەوخۆ لەنێوان چەمکی (پێز) و (بەرهەم)دا هەیە، بۆیە دەتوانرێت هەر لەو ڕوانگەیەوە لەبواری زمانیشدا کاربکرێت. هەرچەندە بەرهەمداریی لە هەموو زانستەکاندا چەمکێکی هاوبەشی هەیە، بەلام پێویستە بۆ کارکردن لەهەر بوارێکی تایبەتیدا، واتاکەی پەیوەست بە کەرەستەو داتاکانی زانستەکەوە

شیبکرێتەوەو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە بۆ ناساندنو ڕاڤەکردنی واتای بەرهەمداریی لە زمانەوانیدا، دەبێت تایبەت بێت بەکەرەستەو دانە زمانییەکانەوە. لێرەشدا هەوڵدەدرێت واتاکەی لەڕێی وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی زمانەوانانەوە لەم بوارەدا ڕوونبکرێتەوە.

بۆنموونە بەلای چۆمسکییەوە، بەرهەمداری، پەیوەست بەچۆنێتیی ڕوونکردنەوەی زمانپژاندنی منداڵ گرنگیو بایەخی پێدراوە، کە هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانیدا، لەباریدایە ئەو دەربڕراوانە بەرهەمبهێنێت، کە لەوەوپێش بەهیچ جۆرێك نەیبیستوون [1].

کریستەڵ بەم شێوەیە باسیدەکات: ((زاراوەیەکی گشتیی زمانەوانییە، ئاماژەیە بۆ توانای داهێنەرانەی بەکارهێنەرانی زمان لە بەرهەمهێنانو تێگەیشتنی ژمارەیەکی زۆرو دیارینەکراوی ڕستەکان))[2].

فاسۆڵد دەڵێت: ((بەرهەمداری تایبەتمەندییەکی بنەڕەتیی زمانی مرۆڤە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ژمارەیەکی بێ کۆتا لەمانای نوێ، بە لێکدانی ئەو فۆڕمانەی لە زمانەکەدا هەن، بەگوێرەی یاساو ڕێساکانی زمانەکە ڕۆبنرێن.))[3].

کەواتە بەرهەمداریی لە زمانی مرۆڤدا، ئاماژە بە توانای سروشتیی مرۆڤ دەکات لە کردەی لێکدانو خستنەپاڵی کەرەستەو دانەی ئاستە جیاوازەکاندا بەپێی چەند یاسایەکی تایبەتیو دیاریکراو، کە لە مێشکدا هەڵگیراون، ئەم یاسایانەش، هەندێکیان ژمارەیەکی زۆر یەکەی نوێ بەرهەمدێنو هەندێکیشیان بەپێچەوانەوە، بوونی ئەو جیاوازییەش لە جێبەجێکردنی یاساکانی پەیڕەوی زماندا، سەرئەنجام

ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕێژەی دانەو بەرهەمە نوێکان دەبێت، بەشێوەیەکی تر، بەرهەمدارییو بێبەرهەمیی یاساکانە، ئاستی بەپێزیی دەستنیشاندەکەن،

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محەمەدی مەحویی، (٢٠٠١: ٤٠).

٢ Crystal, (2003: 374).

٣ Fasold, (2006:512)

بەچەشـنێك یاسـای بەرهەمـدار، واتـای زۆریـی پێـزو برِشـتو یاسـای بێبەرهەمیش، بەپێچەوانەوە.

زمان بەشێوەیەكی گشتی لە هەموو ئاستێكیدا بـەپێزو بەرهەمـدارە، بۆیە ((توانای بەرهەمهێنانی دەربڕاوە نوێكان بۆ نرخاندنی ڕژێمەكانی زمـان سەنگی محەك نییەو ڕۆڵی سەرەكیی نابینێت، نەگوتراوەو نایشگوترێت، ئـەم زمانە چالاك ترە لـەو زمانـە...، چونكە هەمـوو زمانـەكان بەبەرهـەمن))[1] و بـەردەوام بـەهۆی توانـای بەكارهێنەرانـەوە، بەرهـەمو پێكهاتـەی نـوێ سـازدەكرێت، جگـە لـەوەش ((بەرهەمـداریی، بەشـێكە لـە زانیـاریی زمـانیی قسـەكەر))[2]، واتـە ئـەو زانیارییانـەی لـەبارەی وشـەو یاسـاكانی دارِشـتن‌و خستنەپاڵیانەوە هەیەتی.

هـەموو زمانێـك خـاوەنی كۆمـەڵێك دەسـتوورو یاسـای گرامـاتیكیی خۆیەتی، كە مرۆڤ ناتوانێ لێیان لابدات، چونكە هەریەكەیان، لەئەنجامی ئـەو گۆڕانانەوە هاتوونەتەكایەوە، كە لە پەیوەندییەكانی ناو كۆمەڵدا ڕوویانـداوە، بۆیـە كاتێـك تێگەیشـتن ڕوودەدات، كـە قسـەپێكەری زمـان، خـۆی بـە پـەیڕەوكردنی تـەواوی یاسـا گراماتیكییـە ئەبسـتراكتییەكانی زمانەكەیـەوە ببەسـتێتەوە. ئـەم یاسـایانەش، بـوارێكی لـەبارو گونجـاو لەبـەردەم بەكارهێنەرانـدا دەڕەخسـێنن، تـا بتـوانن شانبەشـانی گۆڕانكارییـەكان بەوجۆرەی پێویستیانە، زمانەكـەیان بـەكاربهێنن، بەوپێیـەی (بەرهەمـداریی یەكێكە لـە ڕێگاكانی گۆڕان لە زماندا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێویسـتییەكانی قسەپێكەران)[3].

لەو ڕوانگەیەوە، كە زمان هۆكاری سەرەكیی پەیوەنـدیو گۆڕینـەوەی بیروڕایە لەنێوان ئەندامانی كۆمەڵدا، قسـەكەر هەوڵـدەدات دروسـتەی وشـەو فرێزو دواتر ڕستەی ڕاستو دروست لەڕووی واتـاو فۆڕمـەوە بۆگەیانـدنی بـیر

---

[1] محەمەدی مەحویی، (٢٠٠١: ٤٠).

[2] Haspelmath, (2002: 101)

[3] Fasold, (2006: 4)

بەرهەمبهێنێت، بۆ ئەمەش ((بەرهەمداریی‌و چالاکیی سیستمی پەیوەندی‌و لەیەکگەیشتن، نیشانەی تایبەتیین، کە بواری داڕشتنی پێکهاتەو لێکدانەوەی نیشانە (signal)ە نوێکان دەڕەخسێنن))[1].

کەواتە پێزو بڕشتی زمان، پەیوەست بە پێویستییەکانی ئاخاوتن‌و بەکارهێنەرانییەوە، بەتوانای پێکهێنان‌و ڕۆنانی جۆرەها دروستەو دەربڕاوی نوێوە بەندە، بۆیە سیمایەکی تایبەتیی‌و دیاری زمان لەوەدا دەردەکەوێت، کە ((هەموو پێڕەو (سیستم)ەکانی زمانی مرۆڤ ڕێگە بە بەکارهێنەرەکانیان دەدەن ژمارەیەکی بێشومارو نادیار دەربڕراو دابڕێژن‌و تێیانبگەن، کە لەوەوپێش هەرگیز نەبیستوویان‌و نەخوێندوویاننەتەوە))[2]، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ بەپێزیی زمانی مرۆڤ.

### ١/١–٣ بەپێزیی لە مۆرفۆلۆژیدا:

گۆڕانکارییەکانی ژیان‌و کەرەستەو بیرە نوێکان، بەردەوام پێویستیی هاتنەکایەی وشەی نوێ دەهێننەئاراوە، ئەم کارەش، دەشێ هەندێ جار لەڕێی وەرگرتنی وشەی زمانەکانی ترەوە، بە هاتنەناوەوەی بەرهەم‌و داهێنانە نوێکان ئەنجامبدرێت، کە لەگەڵ خۆیاندا دەیەها وشەی نوێ دەهێننەزمانەوە، وەك (سکانەر، فلاش میمۆری، مێدیا، کۆپی، ڕیفراندۆم، ڕیفۆرم،......هتد)، یان بە لێکدانی وشەو مۆرفیمەکان بەهۆی کۆمەڵێ یاسای مۆرفۆلۆژیی دیاریکراوەوە. لەپاڵ ئەوانەشدا، هەندێجار لەباریی وشەیەك‌و فراوانیی بەکارهێنانی، بوارو هەلومەرجی گونجاو دەڕەخسێنن، تا وشەی تری لێبکەوێتەوە، ئەمەش ئاماژە بۆ بەپێزیی وشەکە دەکات.

---

١ Lyons, (1981: 22).

٢ Lyons, (1981: 4).

ئەوەی جێی سەرنجە، دانەکانی ئەم ئاستە ((بەشێکیان گەنجینەی وشە چالاکەکانن‌و بەشەکەی تر گەنجینەی وشە ناچالاکەکانن))[1]، بۆنموونە، ئەو وشانەی لە ژیانی ڕۆژانەداو لای هەموو چینوتوێژێکی کۆمەڵ ئەکتیڤن‌و بەکارهێنانیان فراوانە، وشە چالاکەکانن‌و لەبارن تا ببن بە (پۆلۆسیمیا)[2] و ژمارەیەکی زۆر وشەی نوێیان لێبکەوێتەوە، وەك وشەکانی (ئاو، سەر، دەست، چاو،....هتد)، هەروەها ناوی ڕووداوەکانی (گرتن، بردن، خواردن،...هتد)، لەناو ئاوەڵناوەکانیشدا وەك (بەرز، پاك، تیژ، خۆش، خاو،....هتد).

لێرەدا ئەگەر (ئاو) بەنموونە وەربگرین، لەبەرئەوەی وشەکە ڕەگەزو هۆی سەرەکیی بەردەوامبوونی ژیانە، بۆیە وەك ناوێك لە فەرهەنگدا بەپێزو چالاکەو بەگوێرەی پێویستییەکانی ئاخاوتن‌و دیاردە نوێکان، بەشداریی داڕشتنی چەندین وشەی تر دەکات، وەك لە وشەکانی (ئاوەڕۆ، ئاودان، ئاوبازی، ئاوکاری، ئاوپرژێن، ئاودێر، ماستاو، بەفراو، باراناو، خوێیاو، تێراو، ...هتد)دا دەردەکەوێت، جگە لەوەی، وەك زاراوەیەکیش لە بوارە زانستییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگو بەرچاوی هەیە، کە فۆڕمی($H_2O$) ی وەك هێما بۆ دانراوە.

لەلایەکی تریشەوە، وشەکە بەشداریی دروستکردنی ئیدیۆمی کردووە، وەك (ئاو بە ئاگردا کرا، ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە، ئاوی پێی داهات[3]، سەرەڕای بەشداریکردنی لە داڕشتنی پەندی پێشیناندا، هەروەك دەربڕاوی (١)، (٢).

١) قەدری مانگ نی یە تا نەگاتە شەو

---

[1] بەرانیکۆڤا، (١٩٧٣: ١٣٥)، وەرگێراوە لە نامەی ماستەری (تابان محەمەد سەعید حەسەن، ٢٠٠٨: ١٠).

[2] پۆلۆسیمیا: هێزو توانای وشەیە، لە بەدەستهێنانی واتایەکی تردا و بەکارهێنانی لەپاڵ واتا سەرەکییەکەیدا، واتە ئەو وشانەن، کە لەیەك کاتدا چەند واتایەك دەگەیەنن. (د.فارووق عومەر سدیق، وانەی خوێندنی بالآ، ٢٠٠٧/٥/١٦).

[3] جەلال مەحموود عەلی، (١٩٨٢: ٤٢– ٤٥).

گەرما ئاوی سارد ئەخاتە برەو

٢) ئاو بەری گیرا پەنگ ئەخواتەوە

ڕایی بیّ ڕێبوار لێی ئەخواتەوە[١]

بەپێچەوانەشـــەوە ئەگـــەر ســـەرنجبدەین، وشـــەكانی (ســـەمەنی، هەڵخلیسـكان، سـەرفترە،.....هتد)، بـەكارهێنانیان سـنووردارو دیـاریكراوە، بۆیە بەڕادەی وشەكانی پێشتر كاراو چالاك نین، بـەڵكو بـەكارهێنانیان زیـاتر بە كات، یان وەرزێكی دیاریكراو، یـان بۆنەیـەكی ئاینییـەوە بەنـدە، ئەمـەش وایكردووە بەرهەمدار نەبن.

ســـەبارەت بـــە بەرهەمـــداریی لـــە مۆرفۆلۆژیـــدا، فـــرۆمكین دەڵێـــت: ((بەرهەمداریی ئامـاژە بـۆ ئـەو یاسـا مۆرفۆلۆژییانـە دەكـات، كـە دەتـوانریّ بەشـێوەیەكی سەربەسـت (ئـازاد)، بەسـەر هـەموو فۆرمـەكانی زمانەكـەدا، بەمەبەسـتی پێكهێنانـــی وشـەی نـویّ، جێبـەجێبكرێن))[٢]. كەواتـە هـەموو یاسـاكانی زمـان وەكیـەك بـەپێزو بەرهەمـدار نـین، بۆنموونـە لـەناو وشـە لێكدراوەكانیشـدا، لێكـدانی دوو بناغـە ڕاسـتەوخۆ، بـیّ ئـامرازی بەسـتن، بەرهەمدارترە وەك لە لێكدان بەهۆی ئامرازەوە، هەموو ئەمانەش ئاماژەن بۆ جیاوازیی پێزی یاسا مۆرفۆلۆژییەكان لە بەرهەمهێناندا.

لەبارەی بەپێزیی مۆرفیمە وشە داڕێژەكانیشـەوە[٣]، هـەر بەوشـێوەیە تێبینیدەكرێت، ڕێژەی بەشداریكردنو یەكگرتنیان لەگەڵ بناغەكاندا وەكیەك

---

[١] پەندەكانی پیرەمێرد، بەرگی دووەم، (١٩٩٥: ٣٢١ – ٣٤٢)

[٢] Fromkin, Rodman, (2003: 592).

[٣] جێی ئاماژەیـە، بـەپێزی لـەناو مۆرفیمـە سینتاكسییەكاندا، پەیوەنـدی بـە گـۆڕینی فـۆرمی وشەوە هەیە لە گەیاندنی = واتا ڕێزمانییەكاندا، كە بریتین لە بەرهەمی گراماتیكیی. ڕادەی ئەكتیڤیی ئەم چەشنە مۆرفیمانـەش لـەڕووی ئەركـەوە لەیـەكجیان، بۆنموونـە لـە دیـالێكتی خوارووی كوردیدا، مۆرفیمەكانی/– ان/و/– ها/ بۆ كۆی ناو لەئێسـتادا بـەكاردەهێنرێن، /– ان/ مـۆرفیمێكی چـالاكترو بـەپێزترە، چـونكە ڕۆڵێكـی دیـار لـە كۆكردنـەوەی نـاوی شتومەكەكاندا دەبینێتو بەڕادەیەكی یەكجار فراوان بەكاردێت، تەنانەت ئاوەڵنـاو و ژمـارەو جێناوەكانیش، دەتوانرێت بەیارمـەتی ئـەم مۆرفیمـە كۆبكرێنـەوە، وەك: (كـوڕان، برایـان،

نین، بۆنموونه به بەراوردکردن دەگەینە ئـەوەی، (نـاو+ پاشـگر) یاسـایەکی مۆرفۆلۆژیی بەپێزەو دەتوانێت لەگەڵ زۆربەی دانـەکانی زمانـدا وشـەی نـوێ دابڕێـژێت، بۆیـە یاسـایەکی بەرهەمـداره، بـەڵام یاسـای (پێشـگر + نـاو) بـۆ داڕشتنی وشەی نوێ، هێنـدەی ئـەو یاسـایەی سـەرەوە بـەپێز نییـە، بـەڵکو زیاتر ناوی ڕووداو سازدەکات، جگە لەوەش ژمـارەی پێشـگرەکان بەبـەراورد لەگەڵ پاشگرەکاندا کەمترن، لەسـەر ئـەو بنەمایـە بەرهەمەکانیشـیان کـەمتر دەبـن، کەواتـە ((دەشـێ یاسـا مۆرفۆلۆژییـەکان بێبەرهـەم بـن))(١). لەگـەڵ ئەوەشـدا، کـە ((ڕێـی تێدەچـێ یاسـایەکی بێبەرهــەم، ببێتــە یاســایەکی بەرهەمدار))(٢)، سـەرئەنجام هـەموو ئەمانـەش، کاریگـەرییان لەسـەر گـۆڕینی ئاستو ڕێژەی بەرهەم دەبێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیـاتر، گروپـی پاشـگره ئەبسـتراکتەکانی /– ی، – یّتی، – ایەتی، – ەتی، – ایی، – ێنی، – ە/ بەنموونە وەردەگرین، دەبینین /– ی/ لەهەموویان بەپێزتره، چونکه بۆ پێکهێنانی ناوی ئەبستراکت، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر بناغەی هەمەچەشنەدا یەکدەگرێت، وەك (منداڵی، باخەوانی، ئاسـنگەری، ناسـکی، گـەنجی، دەسـتپاکی،...هتد)، بـەڵام /– ە/، تـەنیا

---

خۆشەویستان، جوانان، دەیان، سەدان، ئەوان، خۆمان،...هتد)، بەپێچەوانەشەوە، /– ها/ ڕۆڵێکـی کـەمتر دەبینێـت، کـە زیـاتر کۆکردنـەوەی ژمـارە لـەخۆدەگرێت، وەك (دەیـەها، سەدەها، هەزارەها، ساڵەها، چـەندەها،.....هتد)، لەبەرئـەوە لـە ئێسـتای زمـانی کوردیـدا پێزی نییە.

دەشێ زۆریـی پێـزو بەرهـەمی مـۆرفیمی کـۆی /– ان/، پەیوەنـدی بـە لایـەنی فۆنەیتیکییـەوە هـــەبێت، لـــەڕووی ئاســـانیی دەربـــڕینو گۆکردنـــەوە، بەوپێیـــەی/– ان/ بـــەپێزترینو بەرهەمدارترین مۆرفیمە بەبـەراورد لەگـەڵ هـەموو سـینۆنیمەکانیدا، کـە/– هـا، – هـات، – جات/ ن، چونکە وەك تێبینیدەکرێ، /– ان/ بە دەنگی ڤاوڵ دەستپێدەکات، کە بۆدەربڕین ئاسـانترە، بەپێچـەوانەی هەریـەکێ لـە سـینۆنیمەکانییەوە، کـە بـەدەنگی کۆنسـۆنانت دەستپێدەکەن.

١ Haspelmath, (2002: 40).

٢ Trask, (1993: 294).

بەژمارەیەکی کەمی بناغەکانەوە دەلکێت، وەك (چاکە، خراپە، باشـە)، بۆیـە ڕێژەی بەرهەمی لەهەموویان کەمترە. کەواتە بەپێزیی مۆرفیمـە بـۆ نموونـە لـە ئینگلیزیدا، بەکارهێنانی پاشگری /wise-/ تا ئەم دواییەش سنووردار بوو، کە تـەنیا لـە ژمارەیەکی کەمی وشەکاندا وەك (Clockwise, otherwise...) دەبینرا، بـەلاَم ئێسـتا بووەتە پاشگرێکی بەرهەمدار.

وشە داڕێژەکان، ئاماژە بـۆ بەرهەمـداریی یاسـاکانی داڕشـتن دەکـات، کـە دەشێت هەندێکیان ڕێژەیـەکی یـەکجار فـراوان وشـەی نوێیـان پێسـازبکرێت، وەك لە هەندێ یاسای تر.

### ١/١-٤ بەپێزیی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوەو هۆکارەکانی:

مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە وەك گروپێـك مـۆرفیمی وشـەداڕێژ، بـۆ سـازکردنی وشــەی نــوێ پێــزو بەرهــەمیان لەیــەك جیــاوازە، ئەمــەش بــە پێویسـتیو بیرکردنـەوەی مرۆڤـەوە پەیوەسـت دەبێـت، کـە لەگـەڵ هـەر وشەیەکدا هەڵبژاردنی چەشنێکیان بە لەبارترو گونجاوتر دەزانرێتو پەنای بۆ دەبرێت، بەلاَم پێزو ڕادەی بەرهەمداریی ئەم مۆرفیمانـەش جـێگیرو چەسـپاو نین، بەڵکو (ڕەنگە ئەو گیرەکە وشە داڕێژانەی لـە هەنـدێ قۆنـاغی مێـژووی زمانــدا زۆر بەرهەمــدارن، بــە تێپــەڕبوونی کــات ئاســتی بەرهەمــدارییان کەمببێتەوە)[1]، کەواتە دەشێ مۆرفیمێك لە سەردەمێکدا چالاکو بەپێز بـێ، بەلاَم دواتر بەپێی قۆناغە جیاوازەکانو کارتێکردنی چەند هۆکارێکی زمـانیو نازمانییەوە، گۆڕانی بەسەردا بێت، بۆنموونە ناکرێ پێشـبینی ئـەوە بکـەین، بەپێزیی مۆرفیمی /- کە/ی بچووککردنەوە چەسپاو و نەگۆڕبێت.

بــەپێزیی مۆرفیمــەکانی بچــووککردنەوە پشــت بەچــەند هۆکارێــك دەبەستێت، کە لەچەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو:

---

١ Fasold, (2006:76).

١- هۆکارێکی جیاوازیی پێزو ڕێژەی بەرهەم لەنێوان مۆرفیمەکانی بچووککردنەوەدا، هۆی سیمانتیکییە، پەیوەست بەنیشانەی واتایی بناغەکانەوە، کە بەگشتی وەك بنەما لەهەڵبژاردنی هەر مۆرفیمێکدا، پشتیان پێدەبەسترێت[1].

٢- یەکێك لەهۆکارە بەهێزەکانی بەرهەمداریی پێکهاتە زمانییەکان بەگشتی، بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی[2](جۆری بیرکردنەوەو تێڕوانینی ئەندامانی کۆمەڵ)و جیاوازیی عادات و کلتورە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەندە، سەبارەت بە پەسەندکردن و بەکارهێنانی فۆڕمێك بەشێوەیەکی بەرفراوان لەجیاتی فۆڕمێکی تر، ئەم حاڵەتەش، بەڕوونی لەناو مۆرفیمەکانی

[1] بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: بەشی یەکەمی نامەکە، (١/٦-٣)، ل ٢٧- ٣٠.

[2] أ- لەئینگلیزیدا، کەمبوونەوەو کزبوونی ڕادەی پێزو بەرهەمداریی پاشگری مێینەی /-ess/، بەهۆی کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە گوشاری خراوەتەسەر، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، هەندێ وشەو زاراوەی وا لەلایەن کۆمەڵەوە پەسەندبکرێن، کە لەڕووی ڕەگەزەوە بەتەواوی بێلایەن بوون. واتە وشەکان ڕاستەوخۆ ئاماژەیان بۆ مەبەستەکە کردووە، بێ بەکارهێنانی پاشگری مێینە، وەك بەکارهێنانی وشەی(Server) بەواتای(خزمەتکار)، لەجیاتی وشەی (Waitress) بەواتای (ئافرەتی خزمەتکار). بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:(Fasold, (2006: 76

ب- پێویستیی بەکارهێنانی ڕۆژانە، گرنگییەکی زۆری لە بەپێزیی و زیادکردنی ڕێژەی بەرهەمدا هەیە، چونکە لەهەر بوارێکدا کۆمەڵێك وشە سەرەکین و بەبەردەوامی لە بەکارهێناندا دووبارەدەبنەوە، بەمەش پێزو برشتی ئەو وشانە بە بەراورد لەگەڵ وشەکانی تردا زیاتر دەبێت. لەم ڕووەوە (د.فارووق عومەر سدیق) بۆچوونی وایە، (ئەو وشانەی ئەندامی کێڵگە (فیلد)ە سەرەکییەکانن، وەك (خواردن، ئەندامانی لەش، دیاردە سروشتییەکان،...هتد)، گرنگن و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەژیانی کۆمەڵەوە هەیە)، بۆیە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا چالاك و بەهێزن و بەرێژەیەکی زیاتر لە وشەو دانەکانی تر بۆ پێکهێنان و سازکردنی وشەی نوێ بەکاردەهێنرێن، بەو واتایەی ئەوجۆرە وشانە شیاون تا لەگەڵ گۆڕان و پێداویستییە نوێکاندا، بەبرشت بن و بەردەوام بەرهەم و وشەی نوێ بهێننەئاراوە.

پ- زۆرجار چالاکی (ئەکتیڤ)ی بەکارهێنانی وشە، یان کەرەستەیەك، بۆچەند هۆیەکی تر دەگەڕێتەوە، لەوانە (جۆری پیشە، وەرزێکی تایبەتی، کات و سەردەمێکی دیاریکراو، ....هتد).

بچـووككردنەوەدا بەدیـدەكرێت، بۆنموونــە جیــاوازیی شـێوەزارو ژینگــە، كاریگـەریی لەسـەر گـۆڕینی بیركردنـەوەی قسـەپێكەران دەبێـت، ئەمـەش وادەكات ڕێككەوتن لەسەر هەڵبـژاردنی مۆرفیمێك لـەناو گروپەكەیداو زۆرتـر بەكارهێنانی، لە زمانێكـەوە بـۆ زمـانێكی تـر بگۆڕرێـت. بۆنموونـە لـە زمـانی فارسـیدا /– چـە/ ژمارەیـەكی زۆرتـر وشـەی بچـووككردووەتەوە بەبـەراورد لەگـەڵ كوردیـدا، بۆیـە پاشـگرێكی بەرهەمـدارە، وەك وشـەكانی (دولابچـە، كتابچە، دریاچە، باغچە، بقچە، قالیچە، خوانچە، بازارچە، طاقچـە، میدانچـە، كوچە، كلوچە، الوچە، دریچـە، خواجـە، سرایچـە،.....هتد)[1]، ئـەو ڕاسـتییە دەسەلمێنن، ئەمەش بەڵگەیە بۆئـەوەی، /– چـە/ لـە هـزر و تێڕوانینـی ئـەو میللەتەدا، بەهای تایبەتیی خۆی هـەبووە، بـەڵام لـە كوردیـدا بەپێچـەوانەوە مۆرفیمەكە بەپێز نییە، وەك لە بەشی سێیەمی نامەكەدا ڕوونكراوەتەوە.

٣– هەندێ جار لایەنی فۆنەتیكیو ئاوازی دەنـگ، ڕۆڵو كاریگـەریی خـۆی لە بەپێزیی ئەم مۆرفیمانەدا دەبێت، بۆنموونە پێدەچێت بەشـێكی بـەپێزیی مـۆرفیمی /– لـە/ ی بچووككردنەوەو ئەلۆمۆرفـەكانی، كاتێـك لەگـەڵ نـاوی تایبــەتیی مرۆڤــدا بــەكاردێن، بـۆ لــەباریی دەربڕینــی ئــاوازی دەنگـەكــە بگەڕێتەوە، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ /– كە/دا، كە بەو ڕادەیە بەپێز نییە.

٤– یـەكێكیتر لـە هۆكارەكـان بـۆ لایـەنی مۆرفۆلـۆژی دەگەڕێتـەوە، كـە بەگشـتی ئـەو فۆرمانـەی لـەڕووی سترِاكچـەرەوە سـادەن، بەبـەراورد لەگـەڵ ئەوانەدا، كە لێكدراون، پێزو بڕشتیان زیاترە، وەك بەرهەمداریی /– كـە، – لـە/، بـە بـەراورد لەگـەڵ /– چـكە، – وولكـە/ دا، ئەمـەش جـارێكی تـر بـۆ ئاسانیی دەربڕینو كەمتر بەكارهێنانی وزە دەگەڕێتەوە[2].

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە:

(أ)http://www.Tabari.Blogsky.com(3 :1368) ,

(ب) محمودی شفیعی، (١٣٧٧: ٧٥).

(پ) علی اكبر دهخدا، (١٣٧٧: ٦٧٧٢– ٦٧٧٣).

[2] بڕوانە بەشی سێیەم، (٢/٣)، ل ٩٨.

٢/١ **کورتەیەك لەبارەی مۆرفیمەوە[١]:**

ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان ئەو ڕاستییەیان سەلماند، کە وشە بۆ پارچەی وردتر کەرتدەکرێ، پارچەی وا، کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت[٢]، واتە وشە لە بنچینەدا لە دانەی بچووکتر پێکدێت کە (مۆرفیم)ە، بەڵام ئەم بیرە بۆ وشەی سادە دەستنادات، چونکە ناتوانرێت بۆ دانەی بچووکتر بەشبکرێن، بە جۆرێك هەر ئەو واتایە بگەیەنن، کە لە بنجدا هەیانە، چونکە جیاکردنەوەو لێکترازاندنیان وادەکات واتاکانیان لەدەستبدەن، وەك (دار، کار، دەست، سەر، شەو،...هتد)، بۆیە ((گرنگی تەواوی بیرۆکەی مۆرفێم لە وشەی ئاڵۆزو ئاوێتەدا دەردەکەوێ، چونکە ئەمانەن کە لەیەکەی واتایی بچووکتر دروست بوون، واتە دەبن بەپارچەی واتایی ووردترەوە))[٣]، کە خاوەنی واتای فەرهەنگیی خۆیانن، بۆنموونە:

خومچی < خوم + /– چی/
شۆخەژن < شۆخ + /– ە –/ + ژن

لەپاش سەرهەڵدانی، مۆرفیم وەك دانەیەکی زمانیی، بووەتە جێی بایەخی زمانەوانانو بەشێوازو بۆچوونی جیاجیا، دیاردەکەیان ناساندووەو پێناسەیان کردووە، بۆنموونە:

مارتین: ((بچووکترین پێکهاتەی پڕواتایە لەدەربڕینی زمانییدا)) [٤].

---

[١] بۆزانیاریی زیاتر لەبارەی مۆرفیمەوە، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
أ– کەوسەر عەزیز ئەحمەد، (١٩٩٠: ٥– ٣١).
ب– شێرکۆ حەمە ئەمین قادر، (٢٠٠٢: ١٧– ٢١).
[٢] محەمەد مەعروف فەتاح، سەباح رەشید قادر، (٢٠٠٦: ٧).
[٣] سەرچاوەی پێشوو.
[٤] Haspelmath, (2002: 16)

کاتامبا: ((مۆرفیم بچووکترین جیاوازییە لە شێوە (فۆڕم) ی وشەدا، کە بتوانێ بچووکترین جیاوازی لە واتای وشە، یان ڕستە، یان دروستەی ڕێزمانیدا دروست بکات))[1].

ئەگەر بڕوانینە ئەم بۆچوونەی (کاتامبا)، دەبینین پێناسەی مۆرفیمی لەسەر بنەمای کەمترین جیاوازیی فۆڕمی وشەکان کردووە، بەو مەرجەی ببێتە هۆی دروستکردنی جیاوازیی واتایی نێوان دەربڕینە زمانییەکان، چ لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا بێ، یان سینتاکس. بۆنموونە، وشەی (باخچە) لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە، بە بەراوردکردنی لەگەڵ (دەریاچە)دا دەردەکەوێت، جێکەوتەی یەکەمی وشەی (باخچە)، کە فۆڕمی (باخ)ە، بووەتەهۆی دروستکردنی جیاوازیی واتایی لەگەڵ جێکەوتەی یەکەمی (دەریاچە)دا، کەواتە جیاوازیی فۆڕم، وشەی جیاواز بۆ واتای جیاواز دەخوڵقێنێ، بۆیە (باخ، دەریا) مۆرفیمن.

لەئاستی سینتاکسدا:

٣) أ- ڕۆژان سێوەکەی خوارد.

ب- ڕۆژان سێوێکی خوارد.

جیاوازیی فۆڕمەکانی (- ەکە، - ێك) لە وشەکانی (سێوەکە، سێوێك)دا، بووەتە هۆی دروستکردنی جیاوازیی واتای ڕێزمانیی بەرکاری ڕستەی (٣_أ) بەرامبەر بە بەرکاری ڕستەی (٣_ب)، هەر بۆیە ئامرازەکانی /- ەکە، - ێك/ بە مۆرفیم دادەنرێن.

زمانەوانە کوردەکانیش، بەم چەشنە باس لە مۆرفیم دەکەن:

محەمەد مەعروف فەتاح: ((هەموو کەرەسەیەکی ڕێزمانی شی دەکرێتەوە بۆ چەند دانەیەکی پچووك کە پێ ی دەوترێ مۆرفیم))[2].

محەمەدی مەحوی: ((مۆڕفێم یەکەیەکە، ناتوانرێت لەڕێی شیتەڵکردن و جیاکردنەوەوە بکرێت بەیەکەی گچکەتری خاوەن_واتا یان هەڵگری واتا))[3].

---

[1] Katamba, (2006:24)

[2] محەمەد مەعروف فەتاح، (١٩٩٠: ٨).

[3] محەمەدی مەحویی، ئەرمیین عومەر، (٢٠٠٤: ٦٢) .

لەمەوە دەردەکەوێت، پێناسەکان تاڕادەیەك لەیەکەوە نزیکن‌و خاڵی هاوبەشی نێوانیان، پێداگرتنە لەسەرئەوەی، کە ناتوانرێت مۆرفیم بۆ یەکەی بچووکتر کەرتبکرێ، بەمەرجێ واتا لەدەستنەدات.

لەبارەی جۆرەکانی مۆرفیمەوە، یولْ[1] بەگرنگیدان بە واتا، مۆرفیم بۆ دوو جۆر بەشدەکات: سەربەخۆ (ئازاد)، بەند (ناسەربەخۆ). مۆرفیمە بەندەکانیشی، بەپێی شوێنی هاتنیان لە وشەدا، بەمشێوەیە دیاریکردووە، پێشگر(پرێفیکس)، پاشگر(سوفیکس)، دواتریش لەڕوانگەی ئەرکەوە، گیرەکەکانی کردووە بە دوو بەشەوە: وشەداڕێژەکان، سینتاکسییەکان.

هەر لەم ڕووەوە، (فرۆمکین) پۆلکردنی مۆرفیمەکانی لە ئینگلیزیدا لەم هێڵکارییەدا دەرخستووە[2]:




کەواتە بە سەرنجدان‌و تێڕوانین لە بۆچوونی ئەو زمانەوانانە لەبارەی پۆلکردنی جۆرەکانی مۆرفیمەوە، دەردەکەوێت، بەگشتی واتاو شوێن‌و ئەرکی مۆرفیمەکان دەکرێنە پێوەرو لەسەر ئەو بنەمایانە، پۆلکردنەکان ئەنجامدەدرێن. لەڕووی بەکارهێنانەوە، بەپشتبەستن بە بنەمای واتایی، دوو چەشن مۆرفیم دیاریدەکرێت:

---

١ Yule, (2006: 63- 64).

٢ Fromkin ,Rodman, (2003: 104)

١- سەربەخۆ: ڕاستەوخۆ بێ ئەوەی پێویستیان بە دانەی تر هەبێت، واتا دەبەخشن.

٢- بەند: لە بەکارهێناندا سەربەست نین، بەڵکو بەیارمەتی وشەکانی تری زمانەکـە، واتاکانیـان بەرجەسـتە دەبێـت. کەواتـە ((مـۆرفیمی سـەربەخۆ ڕەگەزی بنچینەیی وشە دەگرێتەوە، بـەڵام مۆرفیمـە بەنـدە جۆربـەجۆرەکان دەتوانن بۆ پێکهێنانی وشـەی تـر، بەمۆرفیمـە سـەربەخۆکانەوە بلکـێن))[1]. مۆرفیمە بەندەکانیش، بەپێی ئەرکیان دووجۆرن:

## ١-٢/١ مۆرفیمە وشە داڕێژەکان[2]:

لەفەرهەنگدا کاردەکـەنو ئـەرکیان داڕشـتنی وشـەی نوێیـە بەرامبـەر چـەمكو دیـاردەی نـوێ. ئـەمجۆرە مۆرفیمانـە لـە کوردیـدا، بـەپێی شـوێنی هاتنیان لە وشەدا دوو جۆرن:

أ- پێشگر:

دەکەونە پـێش بناغـەوەو وشـەی نـوێ پێکـدەهێنن، وەك:/ڕا-، دا-، هــەڵ-، بــە-،...هتــد/. بۆنموونــە لــە (ڕاهــاتن، داهــاتن، هەڵخســتن، بەهێز،...هتـد)دا دیـارن. لـە کوردیـدا، نـاوی ڕووداوی داڕێـژراو (چـاوگ)، بەبەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تری ناودا، زیاتر بەهۆی پێشگرەوە دادەڕێژرێت.

ب- پاشگر:

بەکۆتایی بناغەوە دەلکێنو لـە سـازکردنی وشـەی داڕێـژراودا ڕۆڵێکـی چالاك دەبینن، لەم ڕووەشـەوە ((نـاوی داڕێـژراو لـە زمـانی کوردیـدا بـەزۆری بەیارمەتی پاشگر پێك دێ))[3]. پاشگرەکان لە کوردیدا، دەشـێ بـەپێی ئـەو

---

[1] Falk, (1978: 29).

[2] بۆ زانینی زانیاریی لەبارەی سیماکانی ئـەم مۆرفیمانـەوە، بڕوانـە نامـەی ماسـتەری (شـێرکۆ حەمە ئەمین قادر، ٢٠٠٢: ٢٥- ٣١).

[3] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩: ١٠٧).

واتا نوێیەی بەوشەی دەبەخشن، چەند گروپێکی سەرەکییان لێجیابکرێتەوە، لەوانە:

أ–پاشگرەکانی بچووککردنەوە:

بەشداریی ڕۆنانی ژمارەیەکی زۆر وشەی نوێو بچووککراوە دەکەن، ئەوانیش بریتین لە /– لە، – ڵە، – کە، – ۆکە، – چە، – چکە، – وولکە، – کەلە، – کەڵە،...هتد/، وەك: (مێروولە، گۆزەڵە، ڕەشکە، خاڵخاڵۆکە، باخچە، دەریاچە، خانووچکە، گوێچکە، تەشتوولکە، پاچوولکە، ڕەشکەلە، پانکەڵە...هتد).

ب– گروپی پاشگرە ئەبستراکتییەکان:

گروپێکن ڕۆڵی سازکردنی ناوی ئەبستراکتی دەبینن، ئەم گروپەش پاشگرەکانی /– ی، – ایەتی، – ایی، – ەتی،...هتد/ دەگرنەوە، وەك: (مامۆستایی، جوڵایی، دۆستایەتی، برایەتی، بەرزایی، دەشتایی، پیاوەتی،..... هتد).

پ– ئەو پاشگرانەی ناوی پیشە سازدەکەن:

پاشگرەکانی /– چی، – ەوان، – گەر،...هتد/ دەگرنەوە، وەك: (بۆیاخچی، چایچی، ئاشەوان، باخەوان، خومگەر، چەقۆگەر،.....هتد).

ت– پاشگرە داڕێژەکانی ناوی شوێن (لۆکاتیڤەکان):

/– گا، – ستان، – دان/ نموونەی ئەم چەشنە پاشگرەن، وەك: (سەیرانگا، لەوەڕگا، دارستان، کوردستان، خەڵوزدان، خوێدان،.....هتد).

## ١/٢–٢ مۆرفیمە سینتاکسییەکان:

ئەم چەشنە مۆرفیمانە، بۆ گەیاندنو بەخشینی چەمكو واتای ڕێزمانیی وشەکان، هاوبەشیی ڕۆنانی دروستەی فرێزو ڕستە دەکەن، وەك مۆرفیمەکانی /– ەکە، لە–.....– دا، بە– ، دە–،...هتد/، هەروەك لە (٤)دا خراوەتەڕوو:

٤) خوێندکارەکە لە تاقیکردنەوەدا دەرچووØ .

لە ڕستەی (٤)دا هەریەك لە فۆڕمەکانی(– ەکە، لە – ........ – دا، – وو، Ø)، مۆرفیمی سینتاکسین.

### ٣/١ زاراوەی بچووككردنەوە لە زماندا: Diminutive

وشەی بچووككردنەوە لەباری ئاساییدا بۆ زۆر حاڵەت، کە شیاوی بچووككردنەوەن بەکاردەهێنرێت، وەك بچووككردنەوەی قەبارەی شتومەکە جۆراوجۆرەکانی سروشت، بەڵام لێرەدا وەك زاراوەیەکی تایبەت بە بواری زمانەوانییەوە باسدەکرێت، کە بەرامبەر وشەکانی (Diminutive) و (تصغیر)ە لە زمانی ئینگلیزیو عەرەبیدا. کەواتە بچووككردنەوە ((دیاردەیەکی زمانیی ناسراوە لە زۆربەی زمانەکاندا))[١] و بە شێوازی جیاجیا هەیە.

لەم ڕووەوە، (کریستەڵ) بۆچوونی وایە ((بچووككردنەوە زاراوەیەکە لەبواری مۆرفۆلۆژیدا، بۆ گوزارشتکردن لەو گیرەکانەی واتای گشتیی بچووككردنەوە دەبەخشن....))[٢].

هەروەها زاراوەی بچووككردنەوە وەك ئاوەڵناوێك بۆ ئەو وشانەش بەکاردێ، کە بەهۆی گیرەکی بچووككردنەوەوە داڕێژراون، سەرەڕای ئەوەی فۆڕمی کورتکراوەی ناوی تایبەتیی مرۆڤیش لەخۆدەگرێت[٣]، بەمەش بەکارهێنانی زاراوەکە وەك ئاوەڵناو، مانای (وشەی بچووككراوە) دەگەیەنێت.

بەمپێیە کاتێ وشەکە وەك یەکەیەکی زمانیی وەسفبکرێت، ئەوا لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیدا، پرۆسەی بچووككردنەوەی وشە (ناوو ئاوەڵناو)دەگرێتەوە، بەهۆی ئەو دانە زمانییانە (مۆرفیمەکانی بچووككردنەوە) وە، کە ئەرکی داڕشتنی وشەی نوێی بچووككراوە دەبینن.

---

١ هادي نهر، (٢٠٠٢: ١٦٣).
٢ Crystal, (2003:139).
٣ Cruse, (2006: 50).

**٤/١ پۆلکردنی کەرەستە فەرهەنگییەکان لەڕووی قەبارەوە:**

وشـــەکانی زمـــان (مۆرفیمـــە ســـەربەخۆکان)، بەســـەر دوو پۆلـــدا بەشدەکرێن:

أ- بنەڕەتی:

ئەو وشانەن، کە لە سروشتدا چ لەڕووی قەبارە و چ لەڕووی تەمەنـەوە واتای بچووکیی دەگەیەنن، بێ ئەوەی پێویستیان بە پاشگری بچووککردنەوە هەبێت، واتە ئەو جۆرە وشانە داڕێژراو نـین، وەك (سـاوا، بـەرخ، زیـخ، تـۆز، ورد،...هتد).

ب- هەڵگوێزراو:

ئەو فۆڕمانە دەگرێتەوە، کە لـە پرۆسـەی خستنەتەکیەکی کەرەسـتە فەرهەنگییـەکانی زمانەکـەدا، بـەهاوکاریی مۆرفیمـەکانی بچـووککردنەوە دادەڕێـــژرێنو بچـــووکدەکرێنەوە، وەك (گۆزەڵـــە، باخچـــە، وردیلـــە، خنجیلە،.....هتد).

**٥/١ بچووککردنەوەی وشە:**

کەرەســـتەو شـــتومەکەکان، کـــە بـــوونو قەوارەیـــەکی بەرجەســـتە (کۆنکرێـــت)یـــان هەیـــە، پێویســـتیی بـــەکارهێنانی ڕۆژانـــەنو لەگـــەڵ گۆڕانکارییـەکانو زیـادبوونی خواسـتی مرۆڤـدا، بەمەبەسـتی نەهێشـتن، یـان پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی لەبوارە جیاوازەکاندا هەن، لە گەشەو زیادبوونی بەردەوامدان.

(گۆزە، جام، خـانوو)، کـە نموونـەی پێداویسـتییەکانن، هەنـدێجار بـۆ دروسـتکردن، یـان داهێنـانی کەرەسـتەی تـر، کـە تاڕادەیـەکی زۆر لـەڕووی جۆرەوە هاوشـێوەی خۆیـانن، دەبـن بـە بنـەما، بـەڵام هەنـدێ سـیفاتی وەك جیاوازیی(قـــەبارە، ڕووبەر،.....هتـــد)، کـــە لەزمانـــدا بـــەهۆی نیشـــانە واتاییەکانـــەوە دیاریـــدەکرێن، لەیەکیانجیادەکاتـــەوە، ئەمـــەش جـــارێکیتر، پەرەپێدانی بەرهەمو شت (ناولێنراو)ەکانە، تا لەگەڵ داواکارییـەکانی مرۆڤـدا

هاوئاراستە (تەریب)بن. بۆنموونە (گۆزە) هێمای کەرەستەیەکە لەسروشتدا، (خانوو) ناولێنەرە لە یەکەو شوێنی نیشتەجێبوون، بەڵام دواتر لەپاڵ بوونی ئەمانەدا، داواکاریی دروستکردنی هاوشێوەکانیان، بە بچووککردنەوەی قەبارەو کەمکردنەوەی ڕووبەرەکانیانو.......هتد، هاتووەتەئاراوە، بەمشێوەیە:




ئەم کردەیە بێگومان ئاوەڵناویش دەگرێتەوە، کە زیادکردنی مۆرفیمەکە، تەنیا خۆی لە نرخپێدان، یان کەمکردنەوەی پلەی ئاوەڵناوەکەدا دەبینێتەوە، چونکە بوونو قەبارەیەکی کۆنکرێتی نییە، کردەکەش بەمجۆرەیە:




(کردەی بچووککردنەوەی وشە)

وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارن:

| بناغه | + | م.بچووککردنەوە | ← | وشەی هەڵگوێزراوی بچووككراوە |
|---|---|---|---|---|
| تەشپی | + | /– لە/ | ← | تەشپیلە |
| سەبەتە | + | /– وولكە/ | ← | سەبەتوولكە |
| ڕەق | + | /– ەڵە/ | ← | ڕەقەڵە |
| سپی | + | /– كەلە/ | ← | سپیكەلە |

دەرکردەی بچووككراوە

كەواتە لەم پرۆسەیەدا، فۆرمێكی زمانی (مۆرفیمی بچووككردنەوە)، ئەو مانایەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، كە بریتییە لە (بچووككردنەوەو كەمكردنەوەی واتا)، بە وشەكانی دەبەخشێت، بەوشێوەیەی بتوانن ڕاستەوخۆ مەبەست بپێكنو بەڕوونیی واتای ئەو ئاماژەبۆكراوانەی لەپێناویاندا سازكراون، بەدەستەوەبدەن، ئەم كردەیەش، دەتوانرێت بە (بچووككردنەوەی وشە) ناوزەدبكرێت.

## ٦/١ پێناسەی مۆرفیمی بچووككردنەوە:

هەرچەندە تاكو ئێستا پێناسەیەكی چڕوپڕ بۆ مۆرفیمی بچووككردنەوە، وەك گرووپێك مۆرفیمی وشەداڕێژ نەكراوە، كە بەگشتی زۆربەی لایەنەكانی بگرێتەخۆ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ نیشاندانی تێڕوانینی زمانەوانان لە وەسفكردنو خستنەڕووی ئەم چەشنە مۆرفیمەدا، چەند پێناسەیەكمان وەرگرتووە، لەوانە:

١- تراسك، بەمجۆرە لە مۆرفیمی بچووككردنەوە دەدوێت: ((گیرەكێكی وشەداڕێژە، دەشێ بە مەبەستی دەربڕینی چەمكی بچووكیی قەبارەی شت/ كەرەستە، بۆ وشە زیادبكرێت، سەرەڕای ئەوەی هەندێجار، بیرۆكەی سۆز، یان هەستی خۆشەویستی دەخولقێنێ))[1].

---

[1] Trask, (1993: 82).

٢- کاتامبا لەبارەیەوە دەڵێت: ((مۆرفیمێکە، ئاماژە بۆ بچووکیی، یان نازو خۆشەویستی دەکات))[1].

٣- کروس، سەبارەت بە گیرەکی بچووککردنەوە (diminutive affix) دەڵێت: ((گیرەکێکە، دەبێتە هۆی بچووککردنەوەی ماناو مەبەستی ناوێك، یان کەمکردنەوەی نرخو بایەخی ئەو واتایەی وشە بنەڕەتییەکە (پێش وەرگرتنی گیرەکەکە) دەیگەیەنێت.)) [2].

هەروەها لەبارەی مەبەستەکانی مۆرفیمی بچووککردنەوەوە، بۆچوونی بەمشێوەیەیە: ((مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە زۆرجار بۆ دەربڕینی هەستی خۆشەویستی، یان نیشاندانی پەیوەندیو تێکەڵاوی، هەروەها قەبارەی بچووکی کەرەستەکانیش بەکاردەهێنرێن....))[3].

٤- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بەمجۆرە تەماشای ئەم مۆرفیمانە دەکات، کە: ((بەزۆری بۆ بچووك کردنەوە یا گەیاندنی مانای نازداری بەکاردەهێنرێن، بەلاَم هەندێکیان جگە لەواتای بچووك کردنەوە، مەبەستی کەش دەگەیەنن))[4].

خاڵی هاوبەش لەم پێناسانەدا، گرنگیدانە بەو واتایەی ئەم چەشنە مۆرفیمانە دەیگەیەنن، کە بەگشتی خۆی لە بچووککردنەوەی قەبارەو دەربڕینی سۆزو خۆشەویستیدا دەبینێتەوە. لێرەدا، دەشێ بەمشێوەیە تەماشای مۆرفیمی بچووککردنەوە بکەین:

ئەو مۆرفیمانەن، کە بەگشتی گوزارشت لە چەمکی بچووککراوەییو ناسکیی دەکەنو بەیاریدەی بناغەی هەمەچەشنە وەك (ناو، ئاوەڵناو)، لە فەرهەنگی زماندا هاوکاریی ڕۆنانی وشەی نوێ دەکەن، ئەویش بە کەمکردنەوەی هەندێ لە نیشانەی واتایی بناغەکان بۆ گەیاندنی مەبەستی

---

[1] Katamba, Stonham, (2006: 350).

[2] Cruse, (2006 :50).

[3] سەرچاوەی پێشوو، ٤٩.

[4] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٧: ٥٦-٥٧).

جۆراوجۆر، یاخود دەبن بە هێما(ناولێنەر)ی کەرەستەکانی سروشت، جگەلەوەی هەندێکیان لەگەڵ ناوی تایبەتیی مرۆڤدا بۆ دەربڕینی واتای پۆزەتیڤ، یان نێگەتیڤ بەکاردەهێنرێن.

### ١-٦/١ تایبەتمەندییەکانی مۆرفیمی بچووککردنەوە:

مۆرفیمی بچووککردنەوە لە کوردیدا، خاوەنی هەندێ خەسڵەتو تایبەتێتیی خۆیەتی، کە لەخوارەوە دەخرێنەڕوو:

١- لە زمانی کوردیدا، ئەم چەشنە مۆرفیمانە لەشێوەی گروپێك پاشگردا دەبینرێن، کە بۆ سازکردنی وشەی نوێو دەربڕینی چەمکی بچووککراوەیی کاردەکەن.

هەر بۆ دەربڕینی ئەم چەمکە بەهۆی مۆرفیمی بەندەوە، لە چەند زمانێکی تردا کەڵك لە پێشگرو پاشگرو ناوگریش دەبینرێت. بۆنموونە لە ئینگلیزیدا ئەم مۆرفیمە لەشێوەی هەردوو فۆڕمی پێشگرو پاشگردا دەبینرێت، وەك پێشگری /mini-/ لە وشەکانی(minimarket, minicar,..ect.) دا، بەواتای (بازاڕی بچووك، ئوتومبێلی بچووك)، هەروەها پاشگری /let-/، لە وشەکانی (Booklet, Piglet,….ect.) دا، کە بەواتای (نامیلکە، بەچکە بەراز)دێن. تەنانەت لە هەندێ زمانی تردا وەك ئیسپانی، مۆرفیمی بچووککردنەوە لەشێوەی ناوگردایە، کە بناغەی وشەکە، بۆ دوو بەش کەرتدەکاتو دەچێتە نێوانیانەوە، وەك ناوگرەکانی /-it-, -ill-/، کە لە وشەکانی (gatito, palillo)دا بەواتای (بێچووە پشیلە، چیلکەی بچووك) دیارن، بناغەی وشەکانیش لەبنەڕەتدا بریتین لە (gato) بەواتای (پشیلە)، (palo) بەواتای (چیلکە)[1].

---

[1] بۆزانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

١- Trask, (1993: 82).

٢- Haspelmath, (2002: 80)

لــە عەرەبیشــدا شــێوازی بچــووککردنەوە جیــاوازە، کــە بــەهۆی کێش(وزن)ە تایبەتییـەکانی (فعیـل، فعیعـل، فعیعیـل)ەوە جێبەجێدەکرێت، وەك:

قلم ⟵ قلیم

کتاب ⟵ کتیب

عصفور ⟵ عصیفیر[1].

٢- تایبەتێتییەکی ئەمجۆرە مۆرفیمانە ئەوەیە، لە هەندێکیانـدا گەیانـدنی چەمکی بچووککراوەیی‌و ناسـکیی، بـەهۆی یـەکگرتنی دوو مـۆرفیمی هـەمان چەشنەوەیە، واتە ڕێدەدەن مۆرفیمی تری هـاوجۆری خۆیانیـان بـەدوادابێت، بۆ ئەمەش، پەیوەندیی تەکنشینیی نێوان فۆرمە سـادەکانی ئـەم مۆرفیمانـە بۆ پێکهێنانی مۆرفیمی لێکدراو، بەگشتی بەپێی ئەم ڕیزبەندییەیـە:{/- چـە + -کە/، /- لە + -کـە/، /- کـە + - لـە/}، وەك (خانووچـکە، شارۆچـکە، گردۆڵکـە، پاچـوولکە، پانکەڵـە، سـوورکەلە،......هتد)، بـەڵام تایبـەتێتیی بەدوایەکــداهاتنی دوو مـــۆرفیمی هاوچەشـــن، بەگشـــتی لـــە مۆرفیمـــە وشەداڕێژەکانی تردا بەدیناکرێت.

٣- ئـەو مۆرفیمانـەی لـە جـۆری لێکـدراون، لەهەنـدێ بـاردا وەك تاکـە مۆرفیمێـك ڕەفتاردەکـەن، واتــە ناتوانرێـت جـارێکیتر لەیەکجیابکرێنــەوەو لێکبترازێنرێن، بەوشێوەیەی، بەتەنیا یەکێکیان لەڕووی ئـەرك‌و واتاوە بۆ ئەو مەبەستە لەبری ئەویتریان بەکاربهێنرێت، وەك:

• ڕێ + /- چە/ + /- کە/ ⟵ ڕێچکە

ڕێ + /- چە/ ⟵ ڕێچە *

ڕێ + /- کە/ ⟵ ڕێکە*

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

أ- فارس محمد عیسی، (٢٠٠٠: ٥٧١- ٥٩٦).

ب- حاتم صالح الضامن، (١٩٩١: ٢٨٨- ٢٨٩)

• نامه + /- یل/ + /- که/ ⟵ نامیلکه

نامه + /- یل/ ⟵ نامیل *

نامه + /- که/ ⟵ نامکه *

هەر ئەم تایبەتێتییە لە مۆرفیمە لێکدراوەکاندا وایکردووە، هەندێجار مۆرفیمێکی تری سادە وەربگرن، وەك لە وشەی (گوێچکەلە)دا دەبینرێت، کە بەمشێوەیە دروستبووە:

گوێ + /- چە/ + /- کە/ ⟵ گوێچکە

گوێچکە + /- لە/ ⟵ گوێچکەلە، وشەکەش وەك زاراوەیەکی زانستی بەکاردەهێنرێت.

هەروەها بەکارهێنانی وشەی (نامیلکۆکە) لە شێوەزاری هەولێردا، کە بەمجۆرە سازبووە:

نامە + /- یلکە/ + /- ۆکە/

٤- پێدەچێت ئەو وشانەی مۆرفیمی لێکدراویان وەرگرتووە، لە سەرەتادا مۆرفیمی سادەیان وەرگرتبێت، پاش ماوەیەکی تر مۆرفیمێکی تریشیان بۆ زیادکرابێت (بووبێتن بە مۆرفیمی لێکدراو)، بەبەڵگەی ئەوەی، هەندێ وشە بەپێی جیاوازیی ناوچەکان، مۆرفیمی (سادە، لێکدراو)یش وەردەگرن، وەك (جاشوولە، داسوولە)[1]، لە هەندێ شوێنو (جاشوولکە، داسوولکە)ش، لە هەندێ شوێنی دیکە. بوونی (جاشوولە، داسوولە)، ئەو ڕاستییەی سەرەوە دەخەنەڕوو، کە تا ئێستاش لە هەندێ ناوچەدا بۆ بچووککردنەوەی ئەو وشانە، تەنیا فۆڕمە سادەکە بەکاردەهێنرێت، لەمەوە دەردەکەوێت (جاشوولکە، داسوولکە)، لە سەرەتادا بەهۆی یەك مۆرفیمەوە بچووککراونەتەوە، دواتر مۆرفیمێکی تریان بۆهێنراوە، لەوەدەچێت ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەبێت، کە لە هەندێکیاندا ((مۆرفیمی یەکەم بووبێت بە

[1] نوری عەلی ئەمین، (١٩٥٨: ١٨).

بەشێك لێیان، بۆیە بچووككردنەوەیان جارێكیتر، پێویستیی بە هێنانی مۆرفیمی تر هەبووە))[1].

لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵەدا دەردەكەوێت، هەندێجار جیاوازیی شوێن و ناوچەكان وادەكەن، دوو مۆرفیم، یان دوو ئەلۆمۆرفی مۆرفیمێك، بە بناغەیەكەوە بلكێن، بێ ئەوەی كار بكەنە سەر گۆڕینی واتا، بۆیە لە هەندێ باردا وشەكان بە دوو فۆڕمی بچووككراوەوە دەبینرێن، هاوكات یەك واتا دەبەخشن، وەك (مێرووولە– مێرووچە، تەشتوولكە– تەشتیلكە، جامیولكە– جامیلكە، داسوولە– داسوولكە،...هتد)، لەگەڵ ئەوەشدا جێی ئاماژەبۆكردنە، زۆربەی وشەكان بەیەك شێوەی بچووككراوەوە دەبینرێن.

لەزمانی ڕووسیشدا ئەم حاڵەتە بەرچاودەكەوێت، بۆنموونە مۆرفیمەكانی /ok, - uk-/، دەتوانن لەیەك كاتدا لەگەڵ بناغەیەكدا بە مەبەستی بچووككردنەوەی یەكبگرن، وەك (Domuk, Domok)، كە بەمانای (ماڵۆچكە) دێن، دەبینین بناغەیان یەكە، بەڵام مۆرفیمەكانیان جیان، بێ ئەوەی هیچ جیاوازییەكی واتایی دروستبكەن[2].

٥– لەگەڵ هەندێ وشەدا، كە بەزۆری ناوەڵناوەكان دەگرنەوە، /– انە/ لە دوای مۆرفیمی بچووككردنەوەوە بەكاردەهێنرێت، كە لەڕووی نازو خۆشەویستییەوەو بەشێوەیەكی نەرمونیان، بۆ وەسفی كەس، یان كەرەستە بەكاردەهێنرێت، جگەلەوەی زۆرجاریش، لەسەر بچووكیی و وردیی كەرەستە وەسفكراوەكە پێدادەگرێت، وەك لە وشەكانی (بچكۆلانە، وردیلانە، خنجیلانە.....هتد)دا دیارە.

٦– لەو جۆرە وشانەدا، كە مۆرفیمی بچووككردنەوە واتای بچووككردنەوەی قەبارە/ تەسككردنەوەی ڕووبەری گەیاندبێت، وەك (گۆزەڵە، دەریاچە)، كە بەمانای (گۆزەی بچووك، دەریای بچووك) دێن، ئەوا

---

[1] د.فاررووق عومەر سدیق، وانەو چاوپێكەوتنی تایبەتی، ١٥/٤/٢٠٠٨

[2] ڤینۆگرادۆڤ، (١٩٤٧: ١١٥).

مۆرفیمـە بەندەكـە (پاشـگرەكە)، واتـای دەرخـەری (بچـووك) دەگەیـەنێتو جێگای دەگرێتەوە.

٧- سـەرەڕای بـوونی جیـاوازیی فـۆڕم، هاوكـات بـوونی هەنـدێ فـۆڕمی هاوبەشو لەیەكچووی ئەم مۆرفیمانە لەنێوان كوردیو فارسیدا بەدیدەكرێت، چـونكە ئـەم دوو زمانـە هـاوگروپنو سـەر بەیـەك خێـزانن، بۆنموونـە ((لـە فارسیدا، /- ك، - چە، - یچە/ بەمەبەستی جوانیو نازو خۆشەویستی نـاو بچووكدەكەنەوە، وەك دخترك، كتابچە، دریچە))[١].

٨- ئـەم مۆرفیمانـە كاتێـك لەگـەڵ مـۆرفیمی سینتاكسـیدا دێـن، یاسـای خستنەتەكیەكیان بەمشێوەیەیە:

**بناغە + م. بچووككردنەوە + م. سینتاكسی**

واتە مۆرفیمەكانی بچـووككردنەوە لـەپێش مۆرفیمـە سینتاكسـییەكانەوە دێـن، وەك (باخچـەكە، شارۆچـكەكان،....هتد)، بـەلآم مـەرج نییـە لەهـەموو زمانێكـدا شـێوازو یاسـای بەدوایەكـداهاتنی مۆرفیمـەكان چـوونیەك بێـت، بۆنموونە لە زمانی ئەڵمانیی كۆنو نوێدا[٢]، بەپێچەوانەی زمـانی كوردییـەوە، مۆرفیمی سینتاكسیی كۆ، پێش مۆرفیمی بچووككردنەوە دەكەوێت، وەك:

---

١ ڕەستەر گۆیۆڤا، وەرگیراوە لە كورتەیەك لە گراماتیكی فارسی، پاشكۆی فەرهەنگی فارسی- ڕووسی، میلەر، (١٩٥٠: ١٠٨٦).

لەبارەی پاشگرەكانی بچووككردنەوەوە لە فارسیدا، لەنێوان زمانەوانەكاندا بۆچوونی جیـاواز هەن، (دكتر محمد معین) و (احسان طبری)، هاوڕانو كۆكن لەسـەرئەوەی لـە فارسـیدا سـێ مۆرفیمی بچووككردنەوە هەن، ئەوانیش/- ك، - چە، - و/ن، وەك (باغك، مردك، خوانچـە، دریچە، دخترو، پسرو). بەلآم (علی اكبر دهخدا) سەرەڕای ئەمانە، پاشگری /- ە/شـیان بـۆ زیاددەكات، وەك (پسرە). لە هەنـدێ شـوێنی تـردا پاشـگرەكانی بچـووككردنەوە بـۆ چـوار گروپ دابەشكراون، ئەوانیش (پاشگری /- ك/، پاشگرەكانی /- چـە، - زە/، پاشـگری /- ل/، پاشـگرەكانی /- و، - ی، - ە/ ن. بۆزانیـاریی زیـاتر لـەم بارەیـەوە، بڕوانـە ئـەم سەرچاوانە:

أ- محمد معین، (١٣٦٠: ٤١٧٥).

ب- http: // www. Tabari.blogsky.com.(1386: 2).

پ- علی اكبر دهخدا، (١٣٧٧: ٦٧٧٢- ٦٧٧٣).

٢ Bauer, (1983: 26).

(Bücherchen–نامیلکەکان)، (Kinderchen–منالۆچەکان)، کە بەمشێوەیە خراونەتەتەکیەك:

Büch + /- er/ + /- chen/ → Bücherchen

Kind + /- er/ + /- chen/ → Kinderchen

بناغە ↑ م.سینتاکسیی کۆ ↑ م.بچووککردنەوە

### ١/٦–٢ پاڵنەرەکانی بچووککردنەوە:

لە زماندا ناکرێت هەموو وشەکان ڕاستەوخۆو بەشێوەیەکی لەخۆوە (هەڕەمەکی) بچووکبکرێنەوەو هەندێ لە نیشانە واتاییەکانیان تەسکبکرێتەوە، بەڵکو بچووککردنەوە بەپێی جیاوازیی (زمانو شێوەزار) دەگۆڕێت، بۆیە لەم ڕووەوە کارێکی گرانە، کە بتوانرێت بۆ هەر وشەیەك بەوردی چەند خاڵێك بکرێنە مەرجو پێوەرو بڕیاری ئەوە بدەن شیاوی بچووککردنەوەن، یان نا، بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی چەند پاڵنەرێك هەن، زەمینە لەبەردەم کردەی بچووککردنەوەدا خۆشدەکەن، کە لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینەڕوو:

١– بەگشتی دەبێت وشەکە (ناو، ئاوەڵناو) بێت، چونکە ((بچووککردنەوە وەسفە لەواتادا))[1]، لەبەرئەوە خاسیەتێکە تایبەتە بەو دوو بەشەی ئاخاوتنەوە، بۆنموونە لەوشەی (کیژۆڵە)دا، مۆرفیمەکە وەك دەرخەرێك وەسفی بناغەکەی کردووە، کە واتای (کیژی بچووك) دەگەیەنێت.

٢– بوونی ڕێککەوتنی کۆمەڵ لە ناوچە جیاوازەکاندا بۆ بڕیاردان لەسەر بچووککردنەوەو بەکارهێنان، یان بەکارنەهێنانیان، بۆنموونە بوونی وشەکانی (شتۆك، قاپوچکە، قاپولکە)[2]، لە موکریانو نەبوونیان لە شێوەزاری

---

[1] عبد الجبار علوان النایلة، (١٩٨٨: ٢٧٣).

[2] أ– هەژار، (٢٠٠٢: ٤٦٨– ٥٤٢).

سلێمانیدا، لەگەڵ ئەوەشدا، کە بچووککردنەوەیان ڕاستو دروستە. کەواتە بۆ بچووککردنەوەی ناوێك، سەرەڕای گونجاویو لەباریی وشەکە لەڕووی فیزیاییو واتاییەوە، ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی، لەمبارەیەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت.

٣- واتاکەی شیاوی بچووککردنەوە بێت، لەبەرئەوەی هەندێ ناو لەبنەڕەتدا واتای گەورەییو پیرۆزیی دەگەیەنن، وەك (ناوەکانی خودا). هەروەها ئەو وشانەی ئاماژەی گشتێتییان تێدایە، بۆنموونە (هەموو، سەرجەم، گشت)، یان ناوی تایبەت بە کاتێکی دیاریکراوەوە، هەروەك لە ناوی (مانگەکان، ڕۆژەکانی هەفتە)دا بەدیدەکرێن، کە ناگونجێت بچووکبکرێنەوە[1].

٤- ئاستی واتایی وشەکە قابیلی گۆڕان بێت، بەشێوەیەکی ڕوونتر، نیشانە واتاییەکانی لەباربنو بتوانن لەگەڵ هەندێ گۆڕاندا خۆیان بسازێنن، بەشێوەیەك بەگوێرەی پێویستیی، نیشانەی (+) تێیاندا بۆ (±) بگۆڕرێت.

بۆنموونە لەناو ئاوەڵناوەکاندا، (سوور، ڕەش، سپی) کاتێك[+ مرۆڤ ]بن، شتێکی ئاساییە ڕادەو پلەی بنجیی ڕەنگەکان، کە بریتین لە [+ تێریی ڕەنگ] بەهۆی مۆرفیمی بچووککردنەوەوە بەرەو نزمبوونەوەو دابەزین ببرێن، کە دەبن بە (سوورکەلە، ڕەشکەلە، سپیکەلە)، واتە [± تێریی ڕەنگ،]بەڵام ئاوەڵناوەکانی (پاك، خوار، ڕێك، تاڵ، زبر) بۆنموونە، لەبەرئەوەی هێزی واتای بنجی تێیاندا زاڵە، بۆیە جگەلە بەرزکردنەوەی پلەکانیان بەهۆی مۆرفیمی/- تر،- ترین/ەوە لەسینتاکسدا، ڕێگەنادەن نیشانەکانیان بچووکبکرێنەوەو پلەکانیان بۆ ئاستێکی نزمتر دابەزێنرێن.

٥- بەهای واتایی فۆڕمە بچووککراوەکە لەگەڵ لۆجیکدا بگونجێتو پێچەوانەی ڕاستیی نەبێت، بۆنموونە واتای (بچکۆلە) دروستە، بەڵام

---

ب- زۆربەی نموونەکان لەشێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراون، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە پێشتر ئەم وشانە بچووککرابێتنەوە، بەڵام لەئێستادا بەوجۆرەن، کە باسکران.

[1] حاتم صالح الضامن، (١٩٩١: ٢٨٨).

(گەورۆلە*) دروست نییەو زمان ڕێگەی پێنادات، چونکە بوونی فۆڕمێکی واتا پێچەوانە لەبەرامبەر (بچووك)دا (کە لەبنەڕەتدا نیشانەکانیان بەتەواوی پێچەوانەن)، دەبێتە بەربەست لەبەردەم کردەی بچووککردنەوەیدا.

### ١/٦–٣ بنەمای هەڵبژاردنی مۆرفیمی بچووککردنەوە:

هەڵبژاردنی /– کە، – لە، – چە/[1] و ئەلۆمۆرفەکانیان، کە لە بچووککردنەوەی نیشانەی واتایی وشە جۆراوجۆرەکاندا بەکاردێن، لەخۆوە نین، بەڵکو بەپێی کات، بۆ بڕیاردان لەبارەی پێویستیی بچووککردنەوەو هەڵبژاردنی چەشنی مۆرفیمەکەوە، هەستو بیرکردنەوەی گشتیی تاکەکانی کۆمەڵ ڕۆڵو کاریگەرییان هەبووە، واتە بیرکردنەوەی تەواو و ورد لە لکاندنی ئەو مۆرفیمانەو سازکردنی وشە بچووککراوەکاندا هەبووە، بۆیە کارێکی ئاسان نییەو ناتوانرێت لەهەر کاتێکداو بەپێی خواستی قسەکەر، جێگۆڕکێ بە بەکارهێنانیان بکرێت، بەڵکو زمان وەك پەیڕەوێکی ڕێکوپێك، ڕێگەنادات ئەم مۆرفیمانە لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن، چونکە ئاڵوگۆڕکردنیان دەبێتە هۆی ئەوەی، ئاڵۆزیو تێنەگەیشتن لای گوێگر، یان خوێنەر دروستببێتو

---

[1] بەسەرنجدان لە وشەکانی (دەستك، سۆرك(سورێژە)، دندك(دانە)، چڤیك (تەیری بچووك)، دزەك(دزۆکە)، فڕیك/ فڕفڕیك(فڕفڕۆکە)، کۆتەك(کووتەك)، مەتەلۆك(قسەی نەستەق)،...هتد)، کە لەکتێبی (زمانی کوردی یەکێتیی سۆڤێت)ی (باکایف)ەوە وەرگیراون، گەیشتین بەوەی، لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا، گەیاندنی چەمكو واتای بچووککراوەیی، بەهۆی مۆرفیمی/– کە/و ئەلۆمۆرفەکانییەوەیە. واتە بەگشتی مۆرفیمەکانی/– لە، – چە/ بەرچاوناکەون، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:
– باکایەف، (١٩٧٣: ٢٤٣).
بەلاّم (فازیل عومەر)، پاشگرەکانی/– ەلە، – چە، – چك، – ۆشك، – ۆك، – ۆلە، – ۆلك/ی دیاریکردووەو هەندێ نموونەشی بۆ هێناونەتەوە، لەوانە (پووچەڵە، پارچە، رووچك، ڕێچك، کەرۆشك، خەجۆك، خالخالۆك، پاتۆلە، گۆلك،.....هتد)، بڕوانە: فازیل عومەر، (٢٠٠٥: ٤٣، ٦٣، ١١٢، ١١٣– ١١٤). = لەمەوە، بەپشتبەستن بەبۆچوونی (باکایف)، پێدەچێت لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا، لە سەرەتادا بەگشتی/– کە/ و ئەلۆمۆرفەکانی لەکاردابووبن و دواتر پاشگرەکانی تر پەیدابووبێتن.

بەمـــەش واتاكانيـــان لەدەســـتبدەن، بۆنموونـــە لەگـــەڵ وشـــەی (بـــاخ)دا، مۆرفيمی/– چە/ پەسەندكراوە، بەڵام دانـانی /– كـە/، يـان /– لـە/ بـۆ ئـەو مەبەستە، كە دەيكات بە (باخكە، باخلە)*، ناتەواو و نادروستن.

لێـرەدا ئـەوەی شـايانی وتنـە، ئـەو نيشـانانەی دەكرێنـە بنـەما لـە هەڵبـژاردنی هـەر مۆرفيمێكـدا، لـە شـێوەزارێكەوە بـۆ شـێوەزارێكی تـر دەگۆڕێن، چونكە وەك پێشتر وترا، پشت بەچۆنێتيی تێڕوانينـی كۆمـەڵ بـۆ دياردەو ڕووداوەكانی دەوروبـەر دەبەسـتن، كـە هـەموو ئەمانـەش لـە زمانـدا ڕەنگدەدەنەوەو ڕۆڵو كاريگەريی گرنگيان لەسـەر دەستنيشـانكردنی جـۆری مۆرفيمـــەكان لـــە بچـــووككردنەوەی ناوەكـــانی دەوروپشـــتدا دەبێـــت، وەك بـەپێزيیو بەرهەمـداريی مـۆرفيمی /– كـە/ی بچـووككردنەوە لـە شـێوەزاری هەولێردا (كاتێك بۆ بچووككردنەوەی ناوی مـرۆڤ بـەكاردێت)، بەپێچـەوانەوە، بەپێزيی مۆرفيمی/– لە/ لە شێوەزاری سلێمانيدا، هەروەك لە بەشی سێيەمدا ڕوونكراوەتەوە.

بەمپێيە هەندێ بنەمای گشتی لەهەڵبژاردنی ئـەم مۆرفيمانـەدا پلـەی گرنگيـان پێـدراوە، كـە دەتـوانين بـەتێڕوانينو وردبوونـەوە لـە نموونـەكان، هەندێ لەو بنەمايانە دياريبكەين.

بـۆ سـازكردنی نـاوی هەمەچەشـنە، بەتايبـەتی ئەوانـەی دەچـنە نـاو فەرهـەنگی بنـەڕەتيی زمانـەوە، بـەزۆريی سـوود لـە بـەكارهێنانی/– كـە/و ئەلۆمۆرفـــەكانی دەبينرێـــت، بۆنموونـــە لەگـــەڵ ئـــەو ناوانـــەدا، كـــە [+ خواردن ] ن، وەك لەوشەكانی (ڕەشكە، ترێ سپيكە، ترێ ڕەشكە، لەتكە، ترشۆكە، مزرۆكە، پاروو، مارمارۆكە، ئەستوورك، شەكرۆكە،...هتد)دا ديارن، هـەروەها لـە (نـاوی نەخۆشـیو بەخشـينی واتـای نێگـەتيڤ)دا، هـەر بـەو شـێوەيەيە، وەك (دانكـە، شـەلكە، گەشـكە، مێخەكـە، ترسـنۆك، گرينـۆك، لەرزۆك). سـەرەڕای ئـەوەی بـۆ دياريكردنی قۆنـاغێكی دياريكراوی تەمـەنی گيانـداريش، پـەنای بـۆ دەبرێـت، وەك (جوانـوو، بەچـكە، تووتكـە، بزنۆكـە، باڕۆكە).

لەلایەکی ترەوە، ئەم مۆرفیمە کاتێ لەگەڵ ئەو (ئاوەڵناو)انەدا یەکدەگرێت، کە بۆ مرۆڤ بەکاردێن، بەگشتی ڕۆڵی بەرزکردنەوەی واتا دەبینێت، وەك (شێتۆکە، گێلۆکە، کەرۆکە).

سەبارەت بە /– لە/و ئەلۆمۆرفەکانی، بۆ ناونانی قۆناغێکی تەمەن، کەڵکیان لێوەردەگیرێت، بۆنموونە لەوبارەدا، کە [+ مرۆڤ] بن، وەك (کچۆڵە، کیژۆڵە، کەنیلە)، کاتێکیش [+ گیاندار] بن، وەك (بەرخۆلە، کاریلە، تووتەڵە، جووجەڵە)، بەسەرنجدانیان دەگەینە ئەوەی، بەگشتی نیشانەی واتاییان بریتییە لە:

+ گیاندار
+ ناونانی تەمەنێکی دیاریکراو
+ بەرجەستە
± نازو خۆشەویستیی

/– لە/و ئەلۆمۆرفەکانی لەگەڵ ناوی بێگیانیشدا یەکدەگرن، وەك وشەکانی (کووپەڵە، گۆزەڵە، دیزەڵە، تەشپیلە، مەشکۆڵە) بۆنموونە، ئەوە دەردەخەن، ئەم مۆرفیمە زیاتر ئەو کەرەستانە بچووکدەکاتەوە، کە جگە لەوەی، مرۆڤ بەئاسانی بەسەر بینینیاندا زاڵدەبێت، لەڕووی قەبارەشەوە، شیاوی هەڵگرتنن.

واتە دیارترین نیشانەکانی ئەو چەمکەی هەر یەکێك لە کەرەستەکانی (کووپە، گۆزە، دیزە، تەشپی، مەشکە)، پێش بچووککردنەوەیان هەیانە، بریتین لە:

+ بێگیان
+ کەرەستە
+ بەرجەستە
+ بەکارهێنان

لـەناو ئاوەڵناوەكانیشـدا، بۆگەیانـدنی واتـای پـۆزەتیڤ، وەك ڕێـزو خۆشەویستیو نەرمونیانی، یان نرخپێدانو بەرزكردنەوەی پلـەیان، بەگشـتی /– لە/و ئەلۆمۆرفەكانی بەكاردێن، وەك (نەرمۆڵە، ناسكۆڵە، بچكۆلە، وردیلە، خنجیلە، خشـپیلە)، هاوكـات واتـای نێگـەتیڤیش دەگەیـەنن، وەك (زەردەڵ، ڕەقەڵە، ڕووتەڵە، سیسەڵە، شڕۆڵە).

مۆرفیمی /– چە/ش، لە شێوەی فـۆڕمی سـادەو لێكـدارودا/– چـكە/، زیاتر بۆ تەسككردنەوەو سنووردانان بۆ فراوانیی ئەو ڕووبەرانە بەكاردێت، كە زۆرجـار زاڵبـوون بەسـەر بینینیانـدا، شـتێكی ئاسـاییو چـاوەڕوانكراو نییـە. ئەگـەر (دەریـا) بەنموونـە وەربگـرین، دەبیـنین ڕووبـەرێكی یـەكجار فراوانـی داپۆشیوە، بەڕادەیەكی وا، مرۆڤ ناتوانێت بەئاسانی بیخاتـە چـێوەی ئاسـتی بینینی خۆیەوە. بۆ كەمكردنەوەی ئەو ڕووبەرە فراوانە، لـەناو مۆرفیمـەكانی بچووككردنەوەدا، /– چە/ دیاریكراوەو ئەركەكەی پێسپێردراوە، كە وشەكەی كردووەتــە (دەریاچــە)، بەوهۆیــەوە تــوانراوە تاڕادەیــەك ســنوورێك بــۆ ڕووبەرەكــەی دابنرێـت، هــەروەها (باخچـە، ناوچـە، پارچـە)ش، هــەر بــەو چەشنەن، كە یەكێك لە نیشانەی بناغەكانیان، بریتییە لە(+ فراوانیی ڕووبەر/ گـەورەیی قــەبارە). ســەرەڕای ئــەوەش، ئەگــەر چــەمكی بناغــەكان زیـاتر وردبكەینەوە، هەندێ نیشانەی تریش هـەن، لەوانـە [+ جێگیریـی شـوێن]، وەك لە (دەریا، باخ، ناو)دا بـەوجۆرەن، كـە شـوێنەكان جـێگیرو چەسـپاون، ئەمــەش لــەم ڕووەوە كاریگــەریی دەبێـت. هــەر بـۆ ئــەم مەبەسـتە، ئەگــەر تەماشـای وشــەكانی (شارۆچـكە، ماڵۆچـكە، خانووچـكە، ڕێچـكە) بكــەین، گرنگترین نیشانەی واتایی بناغەكانیان بریتین لە:

[+ جێگیریی شوێن]

بەسەرنجدان لەنموونەكانی سەرەوە دەگەینە ئەوەی، بۆ هەڵبژاردنی مۆرفیمی /– چە، – چكە/، چەند بنەمایەك دیاریدەكرێت، لەوانە:

١- دیاریکردنی سنووری ((حوکمی چاوی مرۆڤ))[1]، کە بەهۆی ئەو مۆرفیمانەوە، تاڕادەیەکی زۆر دەتوانرێت ئەو کەرەستەو ڕووبەرانەی زۆر گەورەو فراوانن، بخرێنەژێر ڕکێفی ئاستی بینینەوە، ئەمەش دەبێتە پێوەرێك لە هەڵبژاردنی ئەم مۆرفیمەدا.

٢- جێگیری (چەسپاوی) ی شوێن، وەك بنەما لە دیاریکردنی ئەمجۆرە مۆرفیمەدا ڕۆڵی هەیە.

لەلایەکیترەوە بۆماندەردەکەوێت، ئەم مۆرفیمانە بواری کارکردنیان یەکە، بۆیە ناتوانرێت سنوورێکی جیاکەرەوەی تەواو و چەسپاو لەنێوانیاندا دابنرێتو بەوردیی، تایبەتمەندیی هەڵبژاردنی هەریەکەیان لەگەڵ بناغەکاندا دیارییبکرێت، بەڵام دەشێت بە پشتبەستن بە بیری مرۆڤ لە سەردەمێکی دیاریکراودا، تاڕادەیەك هەندێ بنەما بکرێنەپێوەر بۆ بڕیاردان لەسەرئەوەی، لەگەڵ هەر وشەیەکدا بەکارهێنانی کامیان گونجاو و لەبارترە.

**٧/١ پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی، پێشتر لەبواری بچووککردنەوەدا کراون:**

هەندێك لە زمانەوانە کوردەکان بەشێوەیەکی گشتیو لەمیانەی کارەکانیاندا، ئاماژەیان بە بابەتی بچووککردنەوە داوە، بەڵام تا ئێستا بە شێوەیەکی فراوانو سەربەخۆ، لە چوارچێوەی کارێکی زانستیدا، بابەتەکە لێکۆڵینەوەی بەخۆیەوە نەبینیوە. لێرەدا هەوڵدەدرێت هەندێ لە ڕاوبۆچوونی زمانەوانان لەم بارەیەوە بخرێنەڕوو.

سەعید سدقی کابان، بۆ چوونی وایە، کە ((اسم مصغر- بچوك کراو- اسمێکی بچوکەو گەورەکەی خۆی نشان دەدا))[2]. بەلای ئەمەوە، ڕۆڵی ئەمجۆرە پاشگرانە لەڕووی واتاوە، لە نیشاندانی قەبارەدایەو نەچووەتە

---

[1] د. فارووق عومەر سدیق، وانەو چاوپێکەوتنی تایبەتی، ٢٠٠٨/٤/١٥.
[2] سەعید سدقی کابان، (١٩٢٨: ٩).

ناو قولآیی ئەرکە جیاوازەکانیانەوە. پاشان مۆرفیمەکانی بچووکردنەوە، کە بە (ئەدات) ناویان دەبات، بەسەر چوار جۆردا بەشیکردوون، ئەوانیش (– لە، – وکە، – ولکە، – وچکە) نو وشەکانی (دیزەڵە، تەشپیلە، بەرخۆڵە، مێشولە، مەنجەلۆکە، مندالۆکە، پاچولکە، داسولکە، خانوچکە، مالۆچکە)[1]ی بەنموونە بۆ هێناونەتەوە.

ئەم کتێبە بەهەنگاوی سەرەتاو یەکەم دادەنرێت لە دیالێکتی خوارووودا، هەر لەبەرئەمەش، ئەو تیشکەی لە مۆرفیمە دارێژەکان داویەتی بەگشتیو ئەمەی ئێمەش بەتایبەتی، بەبەردی بناغەی

لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان دادەنرێت، بەلآم لەبەرئەوەی کارەکەی تایبەت نەبووە بە بچووککردنەوە، بۆیە وەك سەرنجدەدەین، مۆرفیمەکانی بە وردی پۆلنەکردووە، بەڵکو زۆر بەکورتی ئاماژەی بەو چوار پاشگرە کردووە، کە لە ڕاستیدا ژمارەی ئەلۆمۆرفەکانی هەریەك لە مۆرفیمەکانی/– کە، – لە، – چە/، زۆر لەوە زیاترن، هەروەها جۆرە تێکەڵییەکیش لە پۆلکردنەکەدا بەرچاودەکەوێت، بۆنموونە، مۆرفیمی /– چە/ی تەنیا لە چوارچێوەی فۆرمێکی لێکدراودا، کە /– وچکە/ یە باسکردووە، هاوکات مۆرفیمی /– کەلە/شی لەیادکردووە.

لە باسی مۆرفیمی /– لە/ دا دەڵێت: ((بو بعضی کلمان لەپێش اداتی تصغیرەوە (و)ی یعنی بورێکی کراوەو درێژی علاوە دەکری. وەکو (بەرخولە، میشولە))[2]. لەوەدەچێت بەلای ناوبراوەوە، فۆرمی (ولە)، مۆرفیمی بچووککردنەوە نەبێت، چونکە وایدەردەخات، کە لە بەکارهێنانی (لە) لەگەڵ هەندێ وشەدا، پەنا بۆ دەنگی [و] دەبرێت، هەر لەبەرئەوەشە، بەگشتی بەلای ڕۆنانو شێوە جیاواز (ئەلۆمۆرف)ەکانی ئەم مۆرفیمانەدا نەچووە، کە لە ڕاستیدا لە زمانەوانیی ئەمڕۆدا، /– ولە/ وەك یەکێك لە ئەلۆمۆرفەکانی /– لە/ دەژمێردرێت.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ٩– ١٠.

[2] سەعید سدقی کابان، (١٩٢٨: ٩– ١٠).

تۆفیق وەهبی، لە (دەستووری زمانی کوردی) دا، هەروەك سەعید سدقی کابان، دیسانەوە لەبەرئەوەی کتێبەکەی دەربارەی ڕێزمانی کوردییە بەگشتی، بۆیە بەچڕیی باسی لە تایبەتێتیو کارکردنی ئەم مۆرفیمانە نەکردووە، بەڵکو بەکورتی لێیان دواوەو بەو شێوەیە تەماشایکردوون، کە ناو بە خستنەسەری ئەداتی (– ۆلە، – وولە)، (– ۆك، – ۆکە، – ەك، – ەکە)، مەعنای بچووکی دەدرێتیّو دواتر چەند نموونەیەکی هێناوەتەوە، لەوانەش (بەرخۆلە، برالە، پشیلە، دانوولە، تیرۆك، مەنجەڵۆکە،...هتد)[1].

وەك دەڕوانین لای تۆفیق وەهبی، مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە بریتین لە /– لە، – کە/ و ئەلۆمۆرفەکانیان، بەلاّم بەلای/– چە/دا نەچووە، کە جگەلەوانە، ئەمیش لەشێوەی فۆڕمی سادەو لێکدراودا ناو بچووکدەکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدا، کە پێشتریش، سەعید سدقی کابان لە چوارچێوەی فۆڕمی لێکدراودا، ئاماژەی پێکردبوو، لەبەرئەوە لەناو فۆڕمە لێکدراوەکاندا، تەنیا ئاماژەی بەو مۆرفیمە کردووە، کە لە یەکگرتنی /– لە/، /– کە/ دروستدەبێت.

دواتر ئەو بۆچوونە دەخاتەڕوو، کە ئەداتی بچووکی، بریتین لە (ل، ك)، (ە) ی کۆتایش، هێز بە مەعنای بچووکی دەدات[2]. ئەمەش لە ڕای پێشووی جیاوازە، کە بەشێوەیەکی تر پاشگرەکان دیاریدەکات.

نوری عەلی ئەمین لە بەرگی دووەمی (قواعیدی زمانی کوردی لە ((صرف و نحو))دا)، ئەم چەشنە مۆرفیمانە بە (ئامراز) ناودەباتو بۆچوونی وایە، هەر وشەیەك، یەکێك لە ئامرازەکانی (– ڵە، – ۆڵە، – ۆڵکە، – ۆکە، – یلە، – کەلە، – وولە، – چکە، – ۆچکە، – چك، – وولکە)ی پێوە بلکێنرێت، واتای بچووکی پێدەدرێت، وەك (گۆزەڵە، دیزەڵە، کیژۆڵە، کچۆڵە، گردۆڵکە، کەپرۆکە، باڕۆکە، تەشپیلە، کاریلە، سوورکەلە، ڕەشکەلە،

---

[1] تۆفیق وەهبی، (١٩٢٩: ٥٩– ٦٠).

[2] تۆفیق وەهبی، (١٩٢٩: ٦٠).

مێشـــووله، مێرووڵـــه، خانووچـــکه، ڕێچـــکه، ماڵۆچـــکه، بنچـــك، داسوولکه،...هتد)[1].

ناوبراو له کتێبی (گرتنی کەلێنێکی تر لەڕێزمانی کوردی)[2] یشدا، بەشێوەیەکی فراوانو بەنموونەوە، پاشگرەکانی دیاریکردووە، ئەوانیش بریتین لە (– ۆ، – ك، – ووك، – ۆك، – ۆکە، – وو، – ەڵ، – ەڵە، – ۆڵە، – ۆڵ، – ۆل، – یل، – یله، – ۆله، – کە، – ووله، – ووڵکە، – کەلە، – ۆڵکە، – یلکە، – چە، – چکە، – ۆچکە)، لە وشەکانی (جەمۆ، خەجۆ، ڕانك، دەسك، پچووك، دەنووك، عایشۆك، تیرۆك، کەپرۆکە، کرمۆکە، ترشۆکە، فڕفڕۆکە، داسوو، ڕەژوو، ترشەڵ، گۆزەڵە، دیزەڵە، سەوزەڵە، ڕووتەڵە، کیژۆڵە، کچۆڵە، کرمۆڵ، مەجۆل، سەعۆل، وردیل، ئەنگوستیله، بەرخۆله پووشکه، جاشووله، داسووله، تەشتووڵکە، پاچووڵکە، خڕکەلە، پانکەڵە، گردۆڵکە، تەپۆڵکە، تەشتیلکە، باخچە، تیانچە، خانووچکە، پێچکە، مناڵۆچکە، ماڵۆچکە،....هتد).

دواتریش، له (ڕێزمانی کوردی)دا، له چوارچێوەی باسێکدا بەناوی (پیته پاشگری ناو)ەوە، چەند پاشگرێکی دیاریکردووە، کە لەگەڵ ناودا ئەرکیان سازکردنی وشەی نوێیە، لەناو ئەوانەدا، ئاماژەی بە پاشگرەکانی (– ۆ، – ۆك، – ۆکە، – وو، – ڵە، – ۆڵە، – ۆڵ، – ۆل، – یلە، – ۆلە، وولە، – وولکە، – چە، – چکە، – ۆچکە) کردووە، کە بۆ بچووککردنەوەی ناو بەکاردێن، وەك (گوندۆك، بزنۆکە، داسوو، پووشوو، گۆزەڵە، چنگۆڵە، کرمۆڵ، ئاسکۆڵ، عەبۆل، ئەنگوستیله، بەرخۆلە، دانوولە، مێشووله، جاموولکە، باخچە، گوێچکە، مناڵۆچکە،...هتد)[3].

هەر لە (ڕێزمانی کوردی) دا، لە باسێکدا بەناوی (پیتە پاشگری ئاوەڵناوی خەبەری)[4] یەوە، ئەو پاشگرانەی خستووەتەڕوو، کە ئاوەڵناوی

---

[1] نوری عەلی ئەمین، قواعیدی زمانی کوردی لە ((صرف و نحو))دا، (١٩٥٨: ٥٦).

[2] نوری عەلی ئەمین، گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی، (١٩٥٨: ١٠– ٢٠).

[3] نوری عەلی ئەمین، (١٩٦٠: ٧٣– ٧٦).

[4] سەرچاوەی پێشوو، ١١٦– ١١٨.

خەبەری لە زمانی کوردیدا وەریاندەگرێت، لەوانە (– ۆکە، – ەڵە، – ۆڵـە، – ۆڵ، – یلـە، – کەلـە)، وەك لـە وشـەکانی (گێلۆکـە، شـێتۆکە، سـەوزەڵە، ڕووتەڵە، نەرمۆڵـە، کزۆڵـە، گـەڕۆڵ، نـەرمۆڵ، وردیلـە، خنجیلـە، سـوورکەلە، سپیکەلە)دا دیارن.

بەگشتی لەڕوانگەی بەرهەمەکانی (نوری عەلی ئەمین)ەوە سەبارەت بە مۆرفیمی بچووککردنەوە، پوختەی سەرنجەکانمان دەخەینەڕوو:

١– لەبەرئەوەی لە چوارچێوەی کاری تردا لەم چەشـنە مۆرفیمانـە دواوە، بۆیـە وەك پێویسـت لێـی نەکۆڵیونەتـەوە، بـەڵکو تـەنیا هـەوڵی کۆکردنـەوەو نیشاندانی ئەو پاشگرانەی داوە، کە ڕۆڵی بچووککردنەوە دەبینن، بێ ئەوەی شیبانبکاتەوەو لە چەشـن‌و یاسـاکانی چـوونەپاڵیەکیان‌و دیـاریکردنی شـێوە جیاوازەکانیان بدوێت.

٢– لە بەرگی دووەمی (قواعیدی زمـانی کـوردی لـە ((صـرف و نحـو))دا)، هاوشێوەی (سەعید سدقی کابان)، مۆرفیمی /– چە/ی تەنیا لە چوارچێوەی فۆڕمی لێکدراودا، کە (– چکە، – ۆچکە، – چك)ن، باسکردووە.

٣– لە (گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی)دا، لە باسـی پاشـگری (– کە)دا، (لووتکە)[1]ی بە نموونـە هێناوەتـەوە، هەرچـەندە ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کردووە، /– کە/ هەندێجار بۆ بچـووککردنەوە بـەکاردێت، واتـە لێـرەدا تـەنیا وەك وشـەیەکی داڕێـژراوی نـوێ بـەهۆی پاشـگرەکەوە باسـیکردووە، بـەڵام ئەوەی گرنگـە، پاشـگر لـەو وشـەیەدا /– گـە/یـە، نـەك /– کـە/، کـە بـەڕای (د.فـارووق عومـەر سـدیق)، وشـەی (لووتکـە) لـەڕووی ئیتمۆلۆژییـەوە بەمشێوەیە سازبووە:

ڕووت + /– گە/ > ڕووتگە، ڕووت > لووت،

لووت + /– گە/ > لووتگە > لووتکە[2]. ئێمەش لەگـەڵ ئـەم ڕایـەداین، چونکە واتای یەکەم لەگەڵ لۆجیکدا ناگونجێت، دواتر لە (ڕێزمانی کوردی)دا،

---

[1] نوری عەلی ئەمین، گرتنی کەلێنێکی تر لەڕێزمانی کوردی، (١٩٥٨ :١٧).

[2] د.فارووق عومەر سدیق، وانەو چاوپێکەوتنی تایبەتی، ٢٠٠٨/٧/٣.

دیسـانەوە (لووتکـە)[1]ی وەك نموونـەی/– کـە/، لـە چوارچـێوەی ئـەو پاشگرانەدا وەرگرتووە، کە وشەی بچووککراوە سازدەکەن، کە دەکرا وردتـر پاشگرەکان لەیەکجیابکرێنەوە.

کـەریمی ئـەیوبیو سمیرنۆڤـا، مۆرفیمـەکانی بچـووککردنەوەیان باسکردووە، کە (– چە، – ك، – (ە)کە، – لە، – یلە، – وولە، – ۆڵـە، – چـکە)، لـەخۆدەگرن[2]. پاشـان ئـەو بۆچـوونەیان خسـتووەتەڕوو، کـە مۆرفیمەکانی (– لە، – یلـە، – وولـە، – ۆڵـە، – چـکە)، لـە هەنـدێ وشـەدا بوون بە بەشێك لێیان، بۆ ئەمەش وشەکانی (پشیلە، گورچیلە، ئەنگوشتیلە، کلێنچکە، مێرووله، سێچکە، بەربەرۆچکە، ڕیخۆڵە)یان بەنموونە هێناوەتەوە.

وەك تێبینیدەکەین، لە باسکردنی مۆرفیمـە لێکدراوەکانـدا، تـەنیا /– چکە/یان بە نموونە هێناوەتەوەو ئەو فۆڕمانەی تر، کە لە یەکگرتنی/– کـە/، /– لـە/ و ئەلۆمۆرفـەکانیان دروسـتبوون، فەرامۆشـیانکردوون. جگەلـەوەش، هێنانەوەی نموونەکانی (پشیلە، ئەنگوشتیلە، مێرووله، ڕیخۆڵە) لەو شوێنەدا گونجاو نییە، چـونکە ئاشـکرایە بناغـەی هـەر یـەکێك لـەو وشـانە، تـا ئـەمڕۆ بەسەربەخۆیی بەکاردێنو واتا دەبەخشن.

ئەوڕەحمانی حـاجی مـارف لـە (وشـە ڕۆنـان لـەزمانی کوردیـدا)، لـە باسی (ناوی داڕێژراو)دا، بەشێوەیەکی گشتیو بـە نموونـەوە، لـەو پاشـگرانە دواوە، کە ناوی بچـووککراوە سـازدەکەن، کـە بـریتین لـە (– ڵـە، – یلـە، – وولە، – ۆڵە، – چکە، – ۆکە، – لە، – وولکە، – ۆچکە، – چـە، – ۆلـە، – ۆڵ، – وو، – ۆك، – ۆ، – ووك، – ەڵ، – یلکـە، – ۆل)، هەنـدێ لـە نموونەکانیشـی وەك (گۆزەڵـە، ئەنگوسـتیلە، مێشـووله، کیژۆڵـە، بەرخۆلـە، ڕێچکە، بزنۆکە، براله، مێروولـە، جاموولکـە، منداڵۆچـکە، باخچـە، بەرخۆلـە، ئاسـکۆڵ، پووشـوو، گونـدۆك، تـیرۆك، شـێرۆ، چـاویلکە، جامیلکـە،

---

[1] نوری عەلی ئەمین، (١٩٦٠: ٧٥).
[2] کەریمی ئەیوبی و سمیرنۆڤا، (١٩٦٨: ٣١– ٣٣).

مچـــۆل،.....هتد)ن[1]. هەرچـــەندە لێـــرەدا تاڕادەیـــەك مۆرفیمـــەكانی بچووككردنەوە دیاریكراون، بەڵام هەروەك كارەكانی پێشـتر، زیـاتر خـۆی لـە دیاریكردنو نیشاندانی مۆرفیمەكاندا دەبینێتەوە.

لەلایەكی ترەوە، لە پەراوێزی كتێبی ڕێزمانی كوردی- مۆرفۆلۆژی- بەشـی نـاودا، ئـەوەی خسـتووەتەڕوو، كـە (د.فـارووق عومـەر سـدیق) بەشێوەیەكی گشتی لە باسی پاشگرەكانی ئـەم گروپـەدا، لێكۆڵینەوەیـەكی زانستانەو لەبارو گونجاوی كردووە، كە بەشێوەیەكی ڕێكوپێك تێكڕای ئـەو پاشـــگرانەی دەوری بچـــووككردنەوە دەبیـــنن، بەســـەر پێـــنج دەســـتەدا دابەشیكردوون، كە بریتین لە:

١- پاشگری (كە)و شێوە مۆرفیمەكانی:(ۆكـە، ك- IK، ۆك، ەك، یـك، ەكـە، ووكە).

٢- پاشگری (لە/ ڵە) و شێوە مۆرفیمـەكانی : (ۆلـە/ ۆڵـە، وولـە، ووڵـە/ ووڵـە، یلـە، ۆل، ۆڵ).

٣- پاشگری (چە)و شێوەی مۆرفیمی (یچە).

٤- پاشگری (چكە)و شێوە مۆرفیمەكانی (ۆچك، چـك)، كـە لـە لێكـدانی دوو پاشگری (چە)و (كە) پێكهاتوون.

٥- پاشگری (ۆڵكە، ۆلكە، یلكە، وولكە)، كە لە لێكدانی دوو پاشـگری /لـە/و /كە/ پەیدابوون.)[2].

بـەڵام تێبینیدەكـەین، سـەرەڕای وردیـی پۆلكردنەكـە، نـاوبراویش بەشێوەی هەندێ لە زمانەوانانی پێشوو، لەناو مۆرفیمە لێكدراوەكاندا، بەلای مۆرفیمی /- كەلە/دا نەچووە.

عەبدولقادر محەمەد ئەمین، لە وتارێكدا، كـە دەربـارەی پاشـگری (- كـە) نوسـیوویەتی، پاشـگری/- كـە/ی بـە چـەند نموونەیـەك هێناوەتـەوەو

---

[1] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٧: ٥٥- ٥٦).

[2] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٩: ١٢١- ١٢٢).

تێکەڵیکردووە لەگەڵ ئەوانەدا، کە پەیوەندییان بە داڕشتنەوە نییەو تەنیا شێوەیان لەیەکدەچێ، وەك (کچەکە، کوڕەکە، پیاوەکە)[1]، واتە هەموو پاشگرەکانی وەك یەك دانە تەماشاکردووە، بۆیە تێکەڵکردنێك لەم ڕووەوە بەدیدەکرێت. پاشان لە باسی پاشگری (– ك)دا، کە بۆ بچووککردنەوەی ناو بەکاردێت، پێیوایە ئەم پاشگرە ناو لە ناو دروستدەکاتو چەند نموونەیەکیشی بۆ نیشاندانی بەشداریکردنی ئەو پاشگرە لە سازکردنی وشەکاندا هێناوەتەوە، لەوانە (دڕك، تەڕك)[2]، ئەوەی جێی سەرنجە (دڕ، تەڕ)ی بە ناو داناوە، کە بەڵگە نەویستە هەردوو وشەکە ئاوەڵناون.

نەسرین فەخریو کوردستان موکریانی، لە (ڕێزمانی کوردی) دا، پاشگرەکانی بچووککردنەوەیان بەم چەشنە دیاریکردووە (– لە، – ڵە، – ۆڵە، – ۆلە، – وولە، – وڵە، – یلە، – ۆکە، – چە، – چکە، – وولکە، – یلکە، – ۆل، – ۆڵ، – ەل، – وو، – وك، – و)، پاشان لەناو هەندێ دێڕی چیرۆکدا، نموونەیان بۆ هێناونەتەوە، لەوانە (مێروولە، کیژۆڵە، بەرخۆلە، مێشوولە، زەنگوڵە، ئەنگوستیلە، بزنۆکە،.....هتد)[3].

ئەمان لەم کارەدا، لە ڕیزکردنی مۆرفیمەکانو هێنانەوەی چەند نموونەیەك زیاتر تێنەپەڕیون، سەرەڕای ئەوەی، دیسانەوە بەلای مۆرفیمی /– کەلە/دا نەچوون.

شێرکۆ حەمە ئەمین قادر، لە نامەی ماجستێرەکەیدا، بۆچوونێکی بەدەستکارییەوە لە(M. Fattah, 1999: 38)، وەرگرتووە، کە ((لەناو مۆرفیمە وشە داڕێژەکاندا، ئەوانەیان ناوی بچووککراوە سازدەکەن، بەکارهێنانیان لەژێر ویستی مرۆڤدایە، واتە فۆرمە نوێیەکە، لەڕووی ڕێزمانییەوە، لەبەرامبەر وشەیەکی یەك مۆرفیمی یەکسانە))، دواتریش، پێیوایە ((هەر ئەمەش وای

---

[1] عەبدولقادر محەمەد ئەمین، ((لێکۆڵینەوەیەك لەسەر پاشگری (کە) لەزمانی کوردی دا))، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژ: ٥١، (١٩٧٨: ٥٦).

[2] سەرچاوەی پێشوو، ٥٧.

[3] نەسرین فەخری، کوردستان موکریانی، (١٩٨٢: ١٧– ٢٠).

لەهەنـدێ زمانـەوان کـردووە، کـە بڵـێن یاسـای مۆرفۆلـۆژی لـەژێر ویسـتی مرۆڤدایەو یاسایەکی سەرپشکییە (optional)، واتە قسـەکەر، سەرپشـکە لـە بـەکارهێنانی وشـە سـادەکە، لـەبری داڕێژراوەکـەو بەپێچـەوانەوە))[١]، ئـەم نموونەیەشی بۆ بەڵگەی سەلماندنی بۆچوونەکان هێناوەتەوە:

( جوانەکە / جوانکیلەکە | ڕۆیشت.)

ئێمـە لەگـەڵ ئـەو بۆچـوونەی سـەرەوەدا نـین، کـە دەڵێـت:(( لـەناو مۆرفیمــە وشــە داڕێژەکانــدا، ئەوانــەیان نــاوی بچــووککراوە ســازدەکەن، بــەکارهێنانیان لــەژێر ویســتی مرۆڤدایــە، واتــە فۆڕمــە نوێیەکــە، لــەڕووی ڕێزمانییەوە، لەبەرامبەر وشەیەکی یەك مۆرفیمی یەکسانە))، چـونکە ڕەنگـە هەنـدێ کـات لـە بـەکارهێنانی مۆرفیمـە وشـە داڕێژەکانـدا (ئەوانـەی نـاوی بچـووککراوە سـازدەکەن) بتـوانین لـەڕووی ڕێزمانییـەوە نـاوێکی داڕێـژراوی بچووککراوە لەجیاتی وشـەیەکی یـەك مـۆرفیمی بـەکاربهێنین، بـەڵام لـەڕووی واتاوە، دوو واتای تەواو جیاوازمان دەسـتدەکەوێت، هـەروەك لـە (٥ــأ ب)دا نیشاندراوە:

٥) أ– ئەمساڵ ئاوی دەریای دووکان زیادی کردووە*.

ب– ئەمساڵ ئاوی دەریاچەی دووکان زیادی کردووە.

لـە (٥ــ ب)دا بـەکارهێنانی مـۆرفیمی/– چـە/ لەگـەڵ نـاوی (دەریـا)دا مەبەسـتێکی واتـایی ئاشـکرای هەیـە، بۆیـە قسـەکەر لـە ڕسـتەیەکی وادا، سەرپشك نییە لە بەکارهێنانی وشەی (دەریا) لەبری (دەریاچـە)، هەرچـەندە ڕستەی (٥ــأ) لەڕووی ڕێزمانییەوە دروستە.

هەروەك لەڕستەکانی (٦ــأ ب)دا ڕوونکراوەتەوە، هەنـدێك لـە مۆرفیمـە وشـە داڕێـژەکان، پـۆلی ڕێزمـانیی وشـەکان دەگـۆڕن، بۆنموونـە ئاوەڵنـاوی

١ شێرکۆ حەمە ئەمین قادر و ئەو سەرچاوەیەی سوودی لێبینیوە، (٢٠٠٢: ٢٦).

(ڕەش) پاش وەرگرتنی مۆرفیمی /– کە/ دەبێت بە (ناو)، بۆیە ناتوانین وشە دارێژراوەکە لەڕووی ڕێزمانیو واتاییەوە لەجیاتی وشە یەك مۆرفیمییەکە بەکاربهێنین:

٦) أ– ڕەش بەسوودە*

ب– ڕەشکە بەسوودە.

کەواتە ئەو بۆچوونەی، کە قسەکەر سەرپشك بێت لە بەکارهێنانی وشە سادەکە لەبری دارێژراوەکەو بەپێچەوانەوە، لەجێی خۆیدا نییە، چونکە ئەگەر بەکارهێنانی مۆرفیمی بچووککردنەوە، یان هەر مۆرفیمێکی تری وشەدارێژ، لەژێر ویستی مرۆڤدا بێت، ئەوە دەگەیەنێت، کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان بناغەو فۆرمە دارێژراوەکەدا نییە، ئەگەر ئەم بۆچوونە دروست بێت، ئەوا دەبێت هیچ جیاوازییەك لەنێوان وشەکانی (گۆزە– گۆزەڵە، باخ – باخچە، ورد – وردیلە، ڕەش – ڕەشکەلە، ....هتد)دا نەبێت، کە ئەمەش لەڕاستیدا بەو چەشنە نییە، لەبەرئەوەی هاتنەکایەو پەیدابوونی مۆرفیمی بچووککردنەوە، وەك هەر گروپێکی تری مۆرفیمە وشە دارێژەکان، لەبنەڕەتدا بۆ گەیاندنو بەخشینی چەمكو واتای نوێ بووە بە وشەکان.

زەریێ یوسوپۆڤا، لە کتێبی (شێوەی سلێمانی زمانی کوردی)دا، لەژێر ناوی (پاشگری بچووك کردنەوەو نازکی)دا، بەمجۆرە لە پاشگری بچووککردنەوە دەڕوانێت: ((ئەم جۆرە پاشگرانە دەچنە سەر ناو و ئاوەڵناوی سادە، ناو و ئاوەڵناوی دارێژراوی لێ دادەڕێژن و واتای بچووککردنەوەو نازکی پێێ دەبەخشن))[1]. دواتر ئەو پاشگرانەی دیاریکردووە، کە ئەم ڕۆڵە دەبینن، ئەوانیش بریتین لە (– ۆلە// ۆڵە، ئۆلکە// ئۆڵکە، – (ە)لە//– (ە)ڵە، – کەلە//– کەڵە، – یلە، – یلکە، – ووڵە، – وولکە، – چە، – چکە، – ۆچکە، – کە، – ۆك، – ۆکە، – ەك، – ك)و وشەکانی (کچۆڵە، کیژۆڵە، تەشتولکە، گردۆڵکە، برالە، خانوولە، گردەڵە،

---

[1] زەریێ یوسۆپۆڤا، و: د.کوردستان موکریانی، (٢٠٠٥: ٦٦).

نەرمیلـە، سـپیکەلە، چـاویلکە، زەنگوولـە، دانوولـە، جوانوولکـە، مێشـوولە، خوانچە، بێڵچە، گوێچکە، ئاگرۆچکە، سندووقچـە، پارچـە، لانکـە، پووشـکە، لووتکە،......هتد)[1]ی بە نموونە هێناوەتەوە.

وەك دەردەکەوێت، ناوبراو پێناسەیەکی گشـتیی سـنووورداری بـۆ ئـەم پاشگرانە کردووەو ئەرکەکانیانی لە چوارچێوەیەکی تەسکی گەیانـدنی واتـای بچووککردنەوەو ناسکیدا نیشانداوە، بەڵام ئەرکی ئەم پاشگرانە

لە زماندا، تەنیا بچووککردنەوەو ناسکیی نییە، بەڵکو هەنـدێجار ئاراسـتەی مەبەستەکە پێچەوانە دەبێتەوەو بۆ بەکەمزانین بەکاردێن، یان وشەیەکی نوێ دادەڕێژنو هیچ یـەکێك لـە مەبەسـتەکانی ناسـکی، یـان بەکـەمزانینیان تێـدا نابێت.

بـۆ پاشـگری/- کـە/، جـارێکیتر بۆچـوونی زمانـەوانانی پـێش خـۆی دووبارەکردووەتەوەو وشەی (لووتکە)ی بە نموونـە هێناوەتـەوە، کـە بـەپێی پێناسـەکەی بێـت، دەبێـت ئـەرکی /- کـە/ لەوێـدا، بەخشـینی واتـای بچـووککردنەوە بێـت بـە بناغەکـە، یـان بـۆ ناسـککردنەوەی بـەکاربێت، کـە ئەمەش بەوجۆرە نییە، هەروەك پێشتر ڕوونمانکردەوە.

کەوسەر عەزیز ئەحمەد[2]، لە نامەی ماجستێرەکەیدا، بەگشـتی لـەو گیرەکانـە دواوە، کـە نـاوی داڕێـژراو دروسـتدەکەن، لـەو چوارچێوەیەشـدا، ئاماژەیەکی خێرای بۆ ئەوانە کردووە، کە بۆ بچووککردنەوەی ناو بـەکاردێن، وەك (- ڵە، - لە، - وولە، - ۆلە، - ۆل، - یلە، - ۆکە، - ۆك، - چـە، - وولکە، - ۆڵکە، - یلکە، - ۆچکە)، دواتـر هەنـدێ نموونـەی وەك (دیزەڵـە، برالـە، دانوولـە، بەرخۆلـە، بچـکۆل، کاریلـە، دەسـڕۆکە، بزنـۆك، دەریاچـە، داسوولکە، تەپۆڵکە، چاویلکە، داپیرۆچکە،....هتد)ی بۆ هێناونەتەوەو لـەوە زیاتر نەیترازاندوون.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ٦٦- ٦٧.

[2] کەوسەر عەزیز ئەحمەد، (١٩٩٠: ٩١- ٩٢).

ڕۆژان نوری عەبدوڵلا[1]، لە کتێبی (فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی)دا، کۆمەڵێك پاشگری دەستنیشانکردووە، کە لە کوردیدا ناوی بچووککراوە دروستدەکەن، ئەوانیش (– لە، – یل، – یلە، – ڵ، – یلانە، – ەڵ، – ەڵە، – وولە، – یلێ، – ۆڵ، – ولە، – ۆڵە، – کە، – ك، – ەك، – یك، – ۆك، – ۆکە، – وکە، – وك، – ولکە، – ۆڵکە، – یلکە، – چە، – یچە، – ۆچە، – چك، – چکە، – وچکە، – ۆچکە، – یچك، – ێچکە)ن، وشەکانی (دەرزیلە، وردیل، ئەنگوستیلە، شەقڵ، وردیلانە، تۆپەڵ، کوپەڵە، مێشوولە،....هتد)ی بە نموونە وەرگرتووە، پاشان هەندێ پاشگری تری دیاریکردووە، کە ئەکتیڤ نین، وەك (– ژە، – یژە، – یژگە، – ژیلە، – ژۆڵە)، کە لە وشەکانی (لاوژە، بانیژە، کوڕیژگە، کارژیلە، کارژۆڵە)دا دیارن.

ناوبراو لەم کارەیدا، هەرچەندە تاڕادەیەك ئەم چەشنە مۆرفیمانەی بە نموونەوە باسکردووە، بەڵام نەچووەتە ناو قوڵاییو وردەکارییەکانی باسەکەوە.

لە کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی)ی پۆلی پێنجەمی ئامادەییدا[2]، هەندێ پاشگری بچووککردنەوە ناوبراون، وەك (– چە، – ۆڵە، – ۆلە، – ۆکە، – یلە، – وولکە، – چکە، – ۆڵکە، – ڵە، – لە)، وشەکانی (باخچە، کیژۆڵە، بەرخۆلە، بەرخۆکە، کاریلە، داسوولکە، خانووچکە، گردۆڵکە، گۆزەڵە، دەزوولە، قالە، خولە – مەموول، سمە– سمۆ، نازە، گەلە) بە نموونە وەرگیراون.

لە (زمان و ئەدەبی کوردی)ی پۆلی دووەمی ناوەندیشدا[3]، هەر بەوشێوەیە، هەندێ پاشگری بچووککردنەوە نیشاندراون، کە جگە لەوانەی

---

[1] ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، (٢٠٠٧: ٥٥– ٦٣).

[2] لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی پێنجەمی ئامادەیی (٢٠٠٤: ٢٥).

[3] لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی دووەمی ناوەندی (٢٠٠٧: ٤٠).

سەرەوە، پاشگرەکانی (– ۆڵ، – وولە، – ۆچکە، – ك، – ۆك، – ۆشك، – یلکە)ش، زیادکراون‌و نموونە بۆ هەریەکەیان هێنراوەتەوە، لەوانە (ئاسکۆڵ، مێشوولە، منداڵۆچکە، کوڕك، گوندۆك، زەلامۆشك، جامیلکە...هتد).

لەم کتێبانەدا، زۆر بە سادەو ساکارانە ئاماژە بۆ ئەم مۆرفیمانە کراوە، پاشان بەکورتی چۆنیەتی‌و مەبەستەکانی بچووککردنەوە خراونەتەڕوو.

لەڕوانگەی تێڕوانین‌و بۆچوونی زمانەوانانەوەو لە چوارچێوەی ئەو باسانەدا، کە بۆ بابەتەکە تەرخانیان کردوون، چەند خاڵێك گەلاڵە دەبن، لەوانە:

١– بەگشتی جگە لەو کارەی (د.فارووق عومەر سدیق)، کە پێشتر باسکرا، زمانەوانەکان لە سنوورو چوارچێوەیەکی تەسکدا لە بابەتەکە دواون، بەشێوەیەك زیاترو تەنیا بایەخیان بە کۆکردنەوەو ڕیزکردنی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە داوە، بۆیە دووبارەبوونەوە بەسەرتاپای کارەکانەوە دیارە.

٢– لەڕووی دروستەی مۆرفۆلۆژییەوە، گرنگییان بە پۆلکردن‌و دەستنیشانکردنی چەشنەکانی ئەمجۆرە مۆرفیمانە نەداوە، تەنانەت هەندێکیان فۆڕمی/– کەلە/یان لەیادکردووە.

٣– بە وردی‌و فراوانی، ڕۆڵ‌و مەبەستە جۆربەجۆرەکانی ئەم مۆرفیمانەیان لە زماندا دیارینەکردووە، جگەلە ئاماژەیەکی کەم نەبێت، کە تاڕادەیەکی زۆر گشتێتی پێوە دیارە.

٤– لەگەڵ هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوەدا، شایانی باسە ئەو کارانەی پێشتر لەبوارەکەدا ئەنجامدراون، لە تێڕوانینی ئەمڕۆدا سەنگو قورسایی تایبەتی‌و نرخی مێژوویيان هەیە، چونکە ئەگەر بەشێوەیەکی ساکارانەو لە چوارچێوەی باسی تریشدا بووبێتن، خۆی لەخۆیدا ئاوڕدانەوەو تیشك خستنەسەر بابەتەکە بووە.

# بەشی دووەم:

# ئەرك‌و بەكارهێنانی مۆرفیمی بچووككردنەوەو ڕۆڵیان لە بچووككردنەوەی ناوی تایبەتیی مرۆڤدا

**١/٢ پێكهاتەی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمی بچووككردنەوە:**

لەڕووی پێكهاتەوە، دوو چەشنی سەرەكی لەم جۆرە مۆرفیمانە جیادەكرێتەوە:

١- فۆڕمی سادە:

فۆڕمی سادەی مۆرفیمەكان دەگرێتەوە، كە تەنیا لەیەك مۆرفیم پێكهاتوون، ئەمانیش بەسەر سێ كۆمەڵدا بەشدەكرێن، كە ئەمانەن:

أ- /- كە/و ئەلۆمۆرفەكانی/- ۆكە، - كە، - ە، - وو، - ەكە، - ك، - ەك، - ۆك، - ووك/.

ب- /- لە/و ئەلۆمۆرفەكانی/- ڵە، - ەلە، - لە، - ەڵە، - ۆل، - ۆڵ، - ۆلە، - ۆڵە، - یلە، - وولە، - ەڵ/.

پ-/- چە/و ئەلۆمۆرفەكانی/- یژە، - ێژە، - یچە/.

٢- فۆڕمی لێكدراو:

ئەو مۆرفیمانەن، كە لە یەكگرتن‌و لێكدانی دوو مۆرفیمی سادە پێكهاتوون، ئەم چەشنەش سێ كۆمەڵە لەخۆدەگرێت، ئەوانیش:

أ- /- چكە/و ئەلۆمۆرفەكانی/- چك، - شك، - ۆچكە، - ژۆڵە/، كە بە لێكدانی /- چە/،/- كە/ دروستبوون.

ب- /- یلكە/و ئەلۆمۆرفەكانی/- یلكە، - وولكە، - ۆڵكە/، كە لە یەكگرتنی/- لە/،/- كە/ سازبوون.

پ- /- كەلە/، لە خستنەتەكیەكی/- كە/، /- لە/ پێكهاتووە، جێی ئاماژەیە ئەم كۆمەڵەیە، تەنیا لەگەڵ ئاوەڵناوەكاندا بەكاردێن.

(ڕۆژان نوری عەبدوڵلا)ش، هەر بەوشێوەیە پاشگرەکانی بچووککردنەوە بۆ دوو جۆر دابەشدەکات:

((أ– سادە، وەك:–

(– لە، – وڵە، – وڵ، – کە، – ك، – وکە، – چە..........).

ب– ناسادە، وەك:–

(– یلکە، – ولکە، – چکە.........) ))[1].

ئەم مۆرفیمانەش سادە بن، یان لێکدراو، بە کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە دەلکێنو نیشانەو تایبەتێتییەکانی خۆیانیان پێدەبەخشن، بەو چەشنە وشەی داڕێژراوی نوێ، بە ناوەڕۆكو نیشانەی واتایی نوێوە سازدەکەن، وشە نوێکانیش، دەشێ تەنیا واتای بچووککراوە ببەخشن، یان لەگەڵ ئەوەشدا، بەرامبەر بەکەرەستەیەکی نوێ ببن بە هێما، بەمەش ئەم مۆرفیمانە ڕۆڵێکی چالاك لە گەشەسەندنو پەرەسەندنی فەرهەنگدا دەبینن.

دەتوانرێت پوختەی دابەشکردنی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە، لە هێڵکاریی ژمارە (١)دا بنوێنرێت:




هێڵکاریی ژمارە (١)

---

[1] ڕۆژان نوری عبدالله، (٢٠٠٧: ٦٢).

### ٢/١–١ ئەرك‌و مەبەستی مۆرفیمی بچووككردنەوە:

هاتنەكایـەو دروسـتبوونی هـەر كەرەسـتەو دانەیـەكی زمـانی، بـۆ بـەجێهێنانی ئـەركێكی دیـاریكراو و گەیانـدنی واتـاو مەبەسـتێكی تایبەتییـە. لەناو مۆرفیمـە بەندەكانیشـدا، مـۆرفیمی بچـووككردنەوە لـە كوردیـدا، ڕۆڵـی بەخشینی چەندین مەبەست‌و ناوەڕۆكی دیاریكراو دەبینێت، كە لـە خـوارەوە خراونەتەڕوو:

١– كاتێـك بـە نـاوی گشـتییەوە دەلكـێن، ئـەركی بنـەڕەتییان سـازكردنی وشـەی داڕێـژراوی بچـووككراوەیە، بـە مەبەسـتی تەسـككردنەوەی نیشـانەی واتایی ناوی كەرەستەو بیرەكـان، لەگـەڵ ئەوەشـدا (بچـووككردنەوەی ناوێـك یان وشەیەك زیاتر لەبەر خۆشەویستییە، بەڵام لە زمـانی كوردیـدا بـۆ سـووك كردنیش بـەكاردێ)[1]. ئـەم بچـووككردنەوەیەش چـەند ڕوویـەك دەگرێتـەوە، لەوانە:

أ– قەبارە: مەبەست لە بچـووككردنەوەی قـەبارەی ئـەو كەرەسـتەیەیە، كە پێوەیدەلكێت، وەك (مەنجەڵۆكە، داسوولكە، پاچوولكە،.....هتد).

داس+ /– وولكە/ ——► داسوولكە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| داس | + بێگیان<br>+ بەرجەستە<br>+ كەرەستەی كشتوكاڵی<br>+ ئاسن<br>– بچووك | داسوولكە | + بێگیان<br>+ بەرجەستە<br>+ كەرەستەی كشتوكاڵی<br>+ ئاسن<br>+ بچووك |

ب– ڕووبەر: تەسككردنەوەو سنووردانانە بـۆ پانتـاییو فراوانیـی ڕووبـەری شوێن، وەك (شارۆچكە، ناوچە، باخچە،.....هتد).

---

[1] كەمال میراودەلی، (٢٠٠٧: ٤٦).

شار + /– ۆچکە/ ⟵ شارۆچکە .

| | | | |
| --- | --- | --- | --- |
| شار | + شوێنی نیشتەجێبوون | شارۆچکە | + شوێنی نیشتەجێبوون |
| | + جێگیریی شوێن | | + جێگیریی شوێن |
| | + فراوانیی ڕووبەر | | – فراوانیی ڕووبەر |
| | + زۆریی ژمارەی دانیشتوان | | – زۆریی ژمارەی دانیشتوان |

پ– تەمەن: بچووککردنەوەو ناونانی قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەنی مرۆڤ و گیانداره، وەك (منداڵۆچکە، کیژۆڵە، کاریلە، بەرخۆلە، ئاسکۆڵ[1]،.....هتد).

بەرخ + /– ۆلە/ ⟵ بەرخۆلە

| | | | |
| --- | --- | --- | --- |
| بەرخ | + گیاندار | بەرخۆلە | + گیاندار |
| | + ٣– ٧ مانگ | | + ٢ مانگ |
| | + جوانیی | | + جوانیی |

٢– بەیاریدەی وشەکانی تری زمانەکە، بەشداریی داڕشتنو سازکردنی وشەی نوێ دەکەن، وشە نوێکانیش، بەرامبەر بەکەرەستەو دیاردەکانی سروشت دەبن بە هێما، وەك (کرمەك، گوڵنکە، خاڵخاڵۆکە، تاڵیشك، سوورێژە،.....هتد).

---

[1] واتە (بێچووی ئاسك)، هەژار، (١٣٨١: ٦).
وشەی(ئاسکۆڵ) لەشێوەزاری سلێمانیدا، بەمانای(بێچووی ئاسك)بەکارناهێنرێت، تەنیا بۆبچووککردنەوەی وشەی(ئاسك)ە، کە وەك ناوی تایبەتیی مرۆڤ، بۆ ڕەگەزی مێ لەڕووی نازوخۆشەویستییەوە بەکاردەهێنرێت.

٣- ئەمجۆرە مۆرفیمانە کاتێ دەچنە سەر ناوی تایبەتیی مرۆڤ، ڕەنگە مەبەست لە دەربڕینی خۆشەویستی بێت، بەپێچەوانەشەوە دەشێ بۆ ڕقو کینەو بەکەمزانین بێت.

٤- لەگەڵ ئاوەڵناودا یەکدەگرنو نیشانە واتاییەکانی خۆیانیان پێدەبەخشن، واتە ئاوەڵناوە داڕێژراوەکە، لە هەندێ نیشانەدا لە بناغەکە جیاواز دەبێت. لەڕووی بەکارهێنانیشەوە، زۆرجار بەواتای پڕاگماتیکی بەکاردێن، وەك: (وردیلە، نەرمۆڵە، ناسکۆڵە،.....هتد).

٥- بە مەبەستی ئابووریکردن لە زماندا بەکاردێن، واتە بۆ گەیاندنی بیرو واتای مەبەست بە کەرەستەو وزەیەکی کەمتر، وەك لە هەندێ کاتدا کردەی گۆڕینی فرێزی خستنەپاڵ بۆ وشە، بەهۆی مۆرفیمی بچووککردنەوەوە ئەنجامدەدرێت، چونکە لە هەردوو بارەکەدا مەبەستی قسەکەر دەربڕینی هەمان بیرو واتایە، بۆیە لەباری دووەمدا دەکرێ بەهۆی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوەوە، بیرەکە بە وزەیەکی کەمتر بگەیەنرێت، چونکە((داڕشتن چەشنێکە لە پێڕەو(سیستم)ی دەستپێوەگرتن،کە لەزماندا بواری ئابووریکردن، بەچڕکردنەوەی زانیارییەکی زۆر لە دەربڕینێکی کەمدا دەڕەخسێنێ))[1]، بۆ نموونە بەکارهێنانی وشەی (گۆزەڵە) لەجیاتی فرێزی (گۆزەی بچووك).

بە وردبونەوەو سەرنجدان لە ئەرکەکانی مۆرفیمی بچووککردنەوە لە هەندێ زمانی دیکەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەم مۆرفیمانە لە هەندێ ئەرکیاندا هاوبەشن، وەك (بچووککردنەوەی قەبارە، دیاریکردنی تەمەن)، کە ئەرکو تایبەتمەندییەکی هاوبەشی ئەم چەشنە مۆرفیمانەیە لە گشت زمانەکاندا، بۆ نموونە لە ئینگلیزیدا پاشگرەکانی/let, - kin -/، کە یەکەمیان /let -/ بۆ بچووککردنەوەی قەبارەو دووەمیان /kin -/ بۆ دیاریکردنو ناونانی قۆناغێکی تەمەنی گیاندار بەکاردێن، وەك لە وشەکانی (cloudlet-

[1] Fasold, (2006: 74).

پەڵەهەوری بچووك)، (lambkin– بەرخۆلە)دا دیارن. لە هەندێ باریشدا، / -let/ ناو سازدەكات، وەك (autherlet– نووسەری ژن)، كەچی واتای مۆرفیمی /ee -/ كورتكردنەوەی باری درێژیی دەگەیەنێت، وەك لە وشەكانی [bootee– بووتی كورت (نیوبووت)، (coatee– چاكەتی كورت (نیو كۆت)]دا هاتووە[1]، بەڵام تێبینیدەكەین، لە كوردیدا مۆرفیمێكمان بەو ڕوونییە نییە، كە ئەركی (كورتكردنەوەی درێژیی) ببینێت.

هەروەها لە عەرەبیشدا، ئەم مۆرفیمانە هەندێجار بۆ كەمكردنەوە، یان نزیككردنەوەی كات بەكاردێن، كە ئەم واتایە لە كوردیدا بەرچاوناكەوێت، وەك (قبیل الظهر– كات/ ماوەیەكی كەم پێش نیوەڕۆ)، (بعید العصر– ماوەیەكی كەم دوای عەسر)[2].

## ٢-١/٢ پەیوەندیی سینۆنیم لەنێوان مۆرفیمەكانی بچووككردنەوەدا:

سینۆنیم: پەیوەندیی واتایی نێوان مۆرفیمەكانە لە زماندا. ستیپانەف[3] لەڕوانگەی پەیوەندیی سێگۆشەی واتایی وشەكانەوە، دوو جۆر سینۆنیم دیاریدەكات:

١- سینۆنیمی دیناتات (ڕیفرێنت):

ئەو وشانە دەگرێتەوە، كە لە قاوغی فۆنەتیكییاندا جیاوازن، بەڵام دەبن بە ناولێنەر بەرامبەر بە كەرەستەیەك لە سروشتدا، سەرەڕای ئەوەی هەریەك لە وشەكان، خاوەنی چەمكی تایبەتیی خۆیانن، وەك:

ژوور: هۆدە: هۆڵ

دەرگا : قاپی

كەڵەشێر : كەڵەباب

٢- سینۆنیمی سیگنی فاكت:

---

[1] میشكۆف، (١٩٧٦: ٦٦- ٧٠).

[2] فارس محمد عیسی، (٢٠٠٠: ٥٧٢).

[3] ستیپانەف، (١٩٧٥: ٨- ٣٤).

دیارترین جۆری سینۆنیمە، کە تێیدا وشەکان بەشێوەی گروپ بۆ دەربڕینو گەیاندنی یەك چەمك بەکاردەهێنرێن، بەڵام بەپێی ئەو نیشانە جیاوازانەی لە چوارچێوەی چەمکەکەدا هەن، لەیەکجیادەبنەوەو پسپۆری پەیدادەکەن. لەمجۆرەدا، دەربڕینی یەك چەمك لەنێوان وشەکاندا وا دەکات، کە زۆرجار بۆ شتومەکی جیاواز ببنە ناولێنەر، بە نموونە وەك لەو مۆرفیمە بەندانەدا بەدیدەکرێت، کە ناوی شوێن سازدەکەن.

مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە /– کە، – لە، – چە، – لکە، – چکە، – کەلە/و ئەلۆمۆرفەکانیان، گروپێکیان پێکهێناوەو بەیەکەوە لە چوارچێوەی بوارێك، یان بازنەیەکی داخراودا کاردەکەن، کە بەگشتی ئەرکی بچووککردنەوە دەبینن، کەواتە خاوەنی یەك چەمکن، وەك لە هێڵکاریی ژمارە (٢) دا نیشاندراون:




**هێڵکاریی ژمارە (٢)**

وشەی بچووککراوە ←
- مەنجەڵۆکە [+ بچووککردنەوەی قەبارە]
- کیژۆڵە [+ تەمەنێکی دیاریکراو]
- دەریاچە [+ تەسککردنەوەی ڕووبەر]

بەوپێیەی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە لە(مەنجەڵۆکە، کیژۆڵە، دەریاچە)دا، واتای بچووککردنەوەیان بە وشەکان بەخشیوەو هەموویانیان کردووەتە وشەی داڕێژراوی بچووککراوە، لەبەرئەوە دەتوانرێ ئەم چەشنە مۆرفیمانە، بە سینۆنیمی یەکتر لەجۆری (سیگنی فاکت) دابنرێن، چونکە لە ئەرکیاندا بەرامبەر بەیەك دەوەستن‌و چەمکێکی گشتیی هاوبەش، کە بچووککراوەییە، کۆیاندەکاتەوەو یەکیاندەخات، بەڵام دواتر لە وردەکارییەکانی ئەو چەمکەدا، کە بریتین لە نیشانەکانی:

- + بچووککردنەوەی قەبارە
- + تەسککردنەوەی ڕووبەر
- + سۆزو خۆشەویستی
- + بەکەمزانین

....هتد لەیەکجیادەبنەوە. کەواتە ئەم مۆرفیمانە لە خاڵێکی سەرەکیدا، کە چەمك‌و واتایە، هاوبەشن‌و یەکدەگرنەوە، بەڵام هاوکات بەهۆی ئەو جیاوازییانەی لە ئەنجامی وردکردنەوەو شیتەڵکردنی چەمکەکەدا دێنەئاراوە، لەیەکجیادەبنەوە، هەر ئەمەشە وادەکات نەتوانرێت لە بەکارهێناندا جێگۆڕکێیان پێبکرێت.

### ٣–١/٢ بەکارهێنانی سینتاکسیی هەندێ وشەی بچووککراوە:

لە ڕێزمانی کوردیدا هەردوو ئاستی سینتاکس‌و مۆرفۆلۆژی، تێکەڵ بەیەکبوون، بۆیە زۆرکات لێکۆڵینەوە لە مۆرفۆلۆژیدا دەمانباتەوە بۆ سینتاکس‌و بەپێچەوانەشەوە، لەبەرئەوە بۆ لێکۆڵینەوەی هەریەکێك لەم پێکهاتانە، پێویستە کەرەستەو داتاکان پەیوەست بەویتریانەوە شیبکرێنەوە. کەواتە ئەم دوو ئاستە تەواوکەری یەکترین، بۆیە بۆ شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی زیاتری کەرەستە فەرهەنگییەکان، پێویستە کەڵك لە لێکدانیان وەربگیرێت‌و بەپێی یاسا سینتاکسییەکان بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕاست‌و دروست، بخرێنەتەکیەك، چونکە تایبەتێتیی کەرەستەکان، لە سنوری ڕستەدا دەردەکەوێت، بۆ ئەم کارەش، بەرهەمی دەرکردە مۆرفۆلۆژییەکان دەهێنرێن‌و لەسینتاکسدا تاقیدەکرێنەوە،کە دەبێت بە بەکارهێنان لەسینتاکسدا، بۆ نموونە بە بەراوردکردنی بناغەو وشە داڕێژراوەکە لە سینتاکسدا، جیاوازیی نێوانیان دەردەکەوێت، بەمەش بەهای مۆرفیمە وشەداڕێژەکە نیشاندەدرێت، لە ڕستەکانی (١_أ ب)دا جیاوازیی نێوان (ورد_وردیلە) نیشاندەدرێت.

١) أ– بەنازی هاوڕێم وردە.

ب– بەنازی هاوڕێم وردیلەیە.

لێرەدا بەڕوونی هەست بە جیاوازیی واتایی نێوان هەردوو ڕستەکە دەکرێت، ڕستەی (١_أ) بەواتا (وردە لە کارەکانیدا)، بەلاَم ڕستەی (١_ب) مەبەست لە (وردییە لە ڕووخساریدا)، ئەم جیاوازییانەش، بەهۆی فۆڕمەکانی (ورد، وردیلە)وە دروستبوون، کە لکاندنی مۆرفیم بە بناغەکەوە، واتای گۆڕیوە.

لەلایەکیترەوە وەك دەزانین، (بچووك) بۆ وەسفی شتێك بەکاردێت، کە نیشانەی [+ بچووکی] لە گەیاندنی واتای گشتیی وشەکەدا خاڵێکی سەرەکی بێت، بەلاَم سەرەڕای دەربڕینی ئەو واتایەش، مۆرفیمی/– ۆلە/ لەگەڵ وشەکەدا یەکدەگرێت، بۆئەوەی کەرەستە ئاماژەبۆکراوەکە، پلەیەکی

تـر بچـووکبکاتەوە، بەمـەش ئاوەڵنـاوێکی دارێـژراوی نـوێ سـازدەبێت، کـە واتاکەی لە (بچووك) جیاوازە، وەك لە (٢)دا هاتووە:

٢) أ– خانوویەکی بچووکم کڕی.

ب– خانوویەکی بچکۆلەم کڕی.

جیاوازیی دەرخەرەکان لـە فرێـزی نـاویی ڕسـتەکانی (٢_أ ب)دا، دوو ڕستەی جیاوازی لەڕووی ناوەڕۆکی واتاییەوە بەرهەمهێناوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتــەوە بـۆ لکانـدنی مـۆرفێمی بچـووككردنەوە لـە(٢_ب) دا، چـونکە وەسفی ڕووبەرێکی جیاوازی کردووە، کە پلە –ڕووبـەر– ی (بچـووکی)یەکەی زیاترە، دەتوانرێت پەیوەست بە ڕستەی(٢)ەوە سـیما واتاییـەکانی (بچـوك_ بچکۆلە) بخرێتەڕوو:

بچووك [+ بچووك، + کەرەستە]

بچکۆل [+ بچووکتر، + کەرەستە]

(بچکۆلە)ش، وەك ئاوەڵناوێکی دارێژراوی نوێ، دەتوانێت مۆرفێمی /– انە/ وەربگرێت، بەمـەش زیـاتر جـەخت لـە واتـای (بچـووکی)ی ئاوەڵناوەکـە دەکاتەوە، (بڕوانە (٣)).

٣) لە خانووە کۆنەکەماندا ژوورێکی بچکۆلانەم هەبوو.

جێی ئاماژەیە لە هەندێ کاتو دەوروبەری جیادا، دەشـێت فۆڕمـەکانی (وردیلــە، وردیلانــە) و (خنجیلــە، خنجیلانــە)، وەکـو هاوواتــای ناتــەواوی (بچووك)و فۆڕمـەکانی تـری بـەکاربهێنرێن، چـونکە ئـەم وشـانە بەگشـتی لـە هەندێ نیشانەیاندا هاوبەشن (بڕوانە (٤)، (٥)، (٦)).

٤) منالّی بچووك/ بچکۆلە/ بچکۆلانەم خۆشدەوێت.

٥) منالّەکەی سەرکەوت، چەند منالّێکی وردیلـە/ وردیلانـەو ئێسکسـووك بوو!

٦) ڕەند، چەند منالّێکی خنجیلە/ خنجیلانەیە!

دەرخـەری فرێـز لەڕسـتەکانی (٤)، (٥)، (٦)دا ئامـاژە بـە بچـووکیی واتـای دەرخراوەکانیـان دەکـەن، کـە لـەو نموونانـەدا، بەگشـتی خاڵـە هاوبەشەکانی نیشانەی واتایی دەرخراوەکان ئەمانەن:

+ مرۆڤ
+ بچووکیی
+ سۆزو خۆشەویستیی

بەڵام بەهۆی ئەو جیاوازییانـەی لـە نیشـانەی واتـایی ئـەم وشـانەدا هەن، مەرج نییە هەموو کاتێك ڕاستەوخۆو لەجیاتی یەکتر بەکاربهێنرێن، وەك لەم نموونانەدا دیارە:

٧) خانوویەکی ورد/ وردیلە/ وردیلانەم کڕی*.
٨) ئوتومبیلێکی ورد/ وردیلە/ وردیلانەمان هەیە*.
٩) براکەم ئەسپێکی ورد/ وردیلە/ وردیلانەی هەبوو*.
١٠) ئارام پیاوێکی خنجیلە/ خنجیلانەیە*.

بۆیە دانانی ئەو دەرخەرانە لە فرێزی ناویی ڕسـتەکانی (٧)، (٨)، (٩)، (١٠)دا دروست نییەو زمان ئـەو جـۆرە بەکارهێنانـە پەسـەند ناکـات، چـونکە لەگــەڵ لۆجیکــدا ناگونجێــت، بــەهۆی ئــەو جیاوازییانــەی لەڕوانگــەی نموونەکانەوە لە نیشانەکانیاندا بەدیدەکرێن، بەمشێوەیە:

ورد، وردیلە: + مرۆڤ
− درشت
+ نەرمونیانیی

بۆیە بەکارهێنانیان لەگەڵ (خانوو، ئوتومبێل، ئەسپ)دا، کە:

− مرۆڤ
+ درشت
− نەرمونیانیی
ن، پەسەند نییە.

هەر لەم ڕووەوە، هەرچەندە (خنجیلە، خنجیلانە) + مرۆڤ ن، بەڵام لەڕستەی (١٠)دا، ناتوانن لە پەیوەندیی تەکنشینییاندا، پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەگەڵ (پیاو)دا دروستبکەن، چونکە هاوکات بۆ چەند نیشانەیەکی تریش ورد دەبنەوە، بەم شێوەیە:

خنجیلە/ خنجیلانە

[+ منداڵ + جوانیی + ناسکیی] .....هتد.

بەڵام گۆڕینی هەریەك لەو دەرخەرانە بە (بچووك)، تاڕادەیەکی زۆر گونجاو و ڕێپێدراوەو دەتوانرێت بۆ نیشاندانی بچووکیی (کەرەستەو شتومەك....هتد) لە سینتاکسدا، پەنای بۆببرێت، چونکە نیشانە واتاییەکانی بریتین لە:

+ بچووك
± گیاندار

## ٢/١-٤ واتای فەرهەنگیی‌و پراگماتیکیی وشەی بچووککراوە:

هەندێجار دەشێت وشە بچووککراوەکان بە واتای فەرهەنگیی خۆیان، یان بە واتای میتافۆر لەڕووی نازو خۆشەویستییەوە بەکاربهێنرێن[1]. لەمەشدا کاتێ وشە بچووککراوەکان بەرامبەر بە وشەی تر بەکاردەهێنرێن، ئەگەر نیشانە واتاییەکانیان یەك بوون، ئەوا واتای فەرهەنگی دەبەخشن، بەڵام لەبارێکدا، کە هەندێ جیاوازیی نیشانەکان لەنێوانیاندا بەدیبکرێن، ئەوا واتای وشە بچووککراوەکان بۆ مەبەستی تر دەخوازرێن، کە سەرئەنجام واتای پراگماتیکیی دەستەبەردەکەن. لێکدانەوەی ئەم واتا خوازراوانەش،

[1] سوودم لەم سەرچاوەیە Crystal, ( 2003: 139) وەرگرتووە.

(١) بــه پشتبەســتن بەهەســتی قســەکەر لــە دەوروبــەرو بەکارهێنانــە جیاوازەکانــدا بەرجەســتەدەبێت، واتــە لــەڕێی هەلومــەرج و چوارچــێوەی کۆمەلأیــەتیی وتراوەکــەوە نیــازو مەبەســتی قســەکەر ڕووندەبێتــەوە، کــە مانایــەکی پــۆزەتیف، یــان نێگــەتیڤی لەپشــتەوەیە. هــەروەك (سپێنســەر، زویکــی) بۆچــوونیان وایــە دەکــرێ بەکارهێنانــەکانی بچــووککردنەوە لــەم ڕوانگانەوە شیبکرێنەوە:

١- باری قسەکردن.

٢- کردە قسەییەکان.

٣- هەنــدێ هۆکــاری وەك (گاڵتــەکردن، هەســتو ســۆز، دۆســتایەتی، بەکەمزانین، سادەیی،...هتد)[١].

کەواتە بۆ بڕیاردان و تێگەیشتن لە واتای وشەی بچووککراوە، پێویستە بۆنەی وتن، کات و شوێنی قسەکردن، تەمەن، جۆرو پلەی پەیوەنــدیی نێــوان قسەکەرو گوێگر، هەستی قسەکەر، ئاوازی دەنگ (زیاتر لـە بچـووککردنەوەی ناوی مرۆڤدا دەردەکەوێت)، بەهەند وەربگیرێن و لەو ڕوانگانەوە واتـاو جـۆری مەبەســتەکان بخرێنــەڕوو، لەبەرئــەوەی بێئاگــایی گــوێگر لــەم هۆکارانــە، تەمومژی واتایی دەهێنێتە ئاراوە، چونکە لەم بارەدا ((گوێگر ناتوانێت لەڕێی (ڕێزمان) و پەیوەندیی نێوان کەرەستەکانەوە بەتەنیا، بەواتاکەی بگات))[٢].

بــۆ نموونــە وشــەی (کچــۆڵە)، بــەهۆی مــۆرفیمی /- ۆڵــە/وە فــۆڕم و ناوەڕۆکی گۆڕراوەو لەبناغەکەی جیاوازە، واتــە مـۆرفیمی /- ۆڵـە/ کۆمـەڵێك نیشانەی واتایی نوێی بە وشەی (کچ) بەخشیوە، وەك:

+ بچووکیی تەمەن
+ ناسکی
+ نازوخۆشەویستی

---

[١] Spencer, Zwicky, (2001: 276)

[٢] هۆگر مەحموود فەرەج، (٢٠٠٠: ١٠).

دەتوانرێت واتا جیاوازەکانی (کچۆڵە)، لە ڕستەی (١١)دا ڕوونبکرێتەوە:

١١) ڕۆژان کچۆڵەیەکی نازدارە.

لەڕستەی ژمارە (١١)دا دەشێ وشەی (کچۆڵە) دوو بەکارهێنانی جیاوازی هەبێت، یەکێکیان بەکارهێنانو واتایەکی دەقاودەقی فەرهەنگییە، واتە بەکارهێنانێکی ئاساییە، ئەمەش کاتێك دەبێت، کە ئەو ناوەی بۆی بەکاردێت، لەگەڵیدا هاونیشانەی واتایی بێت، بەوپێیەی ((سیما جیاکەرەوەکانی وشەیەك هەمبەر بەوشەیەکی دیکە واتای فەرهەنگی فەراهەمدەکات))[1]، هەروەك نیشانە واتاییەکانی (کچۆڵە) لەبنجدا ئەمانەن:

+ مرۆڤ
+ مێ
+ بچووکیی تەمەن
+ ناز/ ناسکیی

کەواتە ناسینی کەسێتیی (ڕۆژان) لەلایەن گوێگرەوە، بە هەموو ئەو خەسڵەتو سیفاتانەی تێیدان، تێگەیشتنی تەواو دێنێتە ئاراوە.

هەر ئەو وشەیە لەبەکارهێنانی دووەمیدا لەچوارچێوەی ڕستەکەدا، بۆی هەیە بەواتایەکی پراگماتیکیی بەکاربهێنرێت، کاتێك بۆ سۆزو خۆشەویستیی، بە (کچ)ێك بگوترێت، لەتەمەنی گەورەییدا بێت، کە دیارترین نیشانەی واتایی وشەکە، بریتییە لە [− بچووکیی تەمەن] ، ئەمەش دەکرێ مەبەست لە دەربڕینی واتایەکی پۆزەتیڤ بێت، واتە لێرەدا تەنیا لە هەندێ نیشانەی واتاییاندا یەکدەگرنەوە، نەك لە هەموو نیشانەکانیاندا، لە کاتێکدا نیشانە هاوبەشەکانیان ئەمانەن:

+ مرۆڤ
+ مێ
+ نازو خۆشەویستیی

---

[1] تریفە عومەر ئەحمەد، (٢٠٠٨: ٣٨).

هەر لە ڕستەی(١١)دا، ڕێیتێدەچێ (کچۆڵە) لەبارێکی تریدا بۆ گەیاندنی واتای نێگەتیڤ بەکاربێت، ئەمەش ئەو کاتە دەبێت، کە وشەکە پەیکاڵ بە دەوروبەرێکی دیاریکراو بەکاربهێنرێتو ببێتەهۆی لەدەستدانی هەندێ لەنیشانە واتاییە بنەڕەتییەکانی، ئەمەش دەبێتە بەربەست لەبەردەم گەیاندنی واتا فەرهەنگییەکەیدا، بۆ نموونە کاتێك بە(ژن)ێك دەوترێت (هێشتا کچۆڵەیە !)، لەڕاستیدا بەکارهێنانی وشەی (کچۆڵە) لێرەدا بەمانا ئاساییەکەی خۆی پەسەند نییەو تەنیا مانای خوازراو دەگەیەنێت، چونکە لەڕووی سیمانتیکەوە، واتای (وەکو کچۆڵە هەڵسوکەوتو ڕەفتار دەکات) دەبەخشێت، واتە بۆ تانەوتەشەر بە ژنێك

دەوترێت، لە تەمەنی گەورەییدا هەندێ ڕەفتاری وا بنوێنێ، کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوەو بەپێی کلتووری میللەتەکە، بۆ ئەو تەمەنە نەگونجێتو ڕێی پێنەدرێت.

کەواتە ((زۆرێك لەوشەکانی هەر زمانێك، جگە لەواتا فەرهەنگیو بۆماوەییەکانیان کە هەیانە، بەپێی سیما یاخود پێکهاتە واتاییە بنەڕەتییەکانیان، دەکرێ لەبەکارهێنانە پراگماتیکییەکانیاندا چەندین واتای نوێیان لێ باربکرێتو بەپێی شییان لەجێگەی گونجاودا، لەکردەی گەیاندندا ڕۆڵی چالاکانە ببینن))[1]، هەرلەمەشەوە، دەشێ لە زماندا وشەکان بۆ گەیاندنی واتای فەرهەنگیی، یان مەبەستێکی تایبەتیو دیاریکراو، کە قسەکەر دەیەوێت دەریببڕێت، بچووکبکرێنەوە.

### ٢/٢ بچووککردنەوەی ناوی تایبەتیی مرۆڤ :

ناوی تایبەتیی مرۆڤ، وەك هەر فۆڕمێکی تری زمان، خاوەنی دروستەی تایبەتن، واتە لە داڕشتەی چەند دەنگێك دروستبوون، بۆیە هەندێ ناو ڕێیتێدەچێ لە هەندێ کاتو بارودۆخی تایبەتییدا، بەپێی کلتوورو

[1] هۆگر مەحمود فەرەج، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ: ١٥، (٢٠٠٥: ١٢٩).

ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیو لایەنی زمانیی لەڕووی گونجاندنی دەنگەکانیانەوە لەگەڵ یەکتردا، بە ئامانجو مەبەستی تایبەتیو دیاریکراو بچووکبکرێنەوە.

کەواتە کردەی بچووککردنەوەی ناوی مرۆڤ، بۆ هەموو کەسێكو لەهەموو کاتو شوێنێکدا دەستنادات، بەڵکو پێویستی بە بوونی کۆمەڵێك پاڵنەرو هۆکاری ڕێخۆشکەر هەیە، لەسەرروو هەمووشیانەوە، بوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، یان هاوڕێیەتیی بەهێز لەنێوان قسەکەرو گوێگردا، پەیوەندییەکەش دەبێت لەو ئاستەدا بێت، کە یاریدەدەر بێت لە سازکردنی کەشێکی گونجاو و لەبار بۆ ئەو حاڵەتە. جگە لەوەی هەندێجاریش هۆکاری ئەم بچووککردنەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ((لەوەیە منداڵ بۆی گران بێت، لەدەربڕینی وشەیەك لەوشەکاندا چاو لەگەورە بکات))[1]، بۆیە بەوشێوەیەی دەتوانێتو بۆی ئاسانە، ناوەکە گۆدەکات.

ئەم دیاردەیەش، بە زمانێك، یان کۆمەڵێك زمانی دیاریکراوەوە تایبەت نییە، بەڵکو لە زۆر زمانی تری وەك (عەرەبی[2] و ئینگلیزی......هتد)دا، بوونی هەیەو بەرچاودەکەوێت.

لە کوردیشدا دیاردەی بچووککردنەوەی ناوی مرۆڤ، چ ناوی بێگانەو چ خۆیی، یەکجار بڵاوەو هەر لەکۆنەوە کورد بەشێوازی تایبەتی، هەلومەرجی لەباری بەپێی یاسا ڕێزمانییەکانو هەڵکەوتنی ئۆرگانەکانی ئاخاوتنو لایەنە فۆنەتیکییەکەی، بۆ ڕەخساندووە[3]. بەمپێیە، سروشتی زمانی کوردی بەجۆرێکە، ڕێگە بەبچووککردنەوەی ناوی تایبەتیی مرۆڤ بەپێی شێوازێکی تایبەتی دەدات.

---

[1] ابراهیم انیس، (١٩٧٣: ١٦٢)، وەرگیراوە لە نامەی دکتۆرای (هۆگر مەحموود فەرەج، ٢٠٠٠: ١١).

[2] بچووککردنەوەی ناوی مرۆڤ لە عەرەبیدا وەك: **عثمان** ـــــــــ **عثيمان**
عبدالله ـــــــــ عبید الله، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: حاتم صالح **الضامن**، (١٩٩١: ٢٨٩).

[3] مەحمود زامدار، (١٩٩٨: ٢٢).

## ٢/٢-١ شێوازی بچووککردنەوەی ناوی تایبەتیی مرۆڤ :

ئەو شێوازە جۆراوجۆرانە دەگرنەوە، کە بۆ بچووککردنەوەی ناوی مرۆڤ لە زمانە جیاوازەکاندا پەنایان بۆ دەبرێت. لە کوردیدا بۆ بچووککردنەوەی ناوی مرۆڤ، دەبێت ناوەکە بەدوو قۆناغدا تێبپەڕێنرێت، واتە بچووککردنەوەکە بە دوو قۆناغ ئەنجامدەدرێت، ئەوانیش بریتین لە:

### ٢/٢-١-١ قۆناغی یەکەم: کورتکردنەوە[1]:

ئەو گۆڕانەیە، کە بەسەر پێکهاتەی ناوەکەدا دێت، بە کەمکردنەوەو لابردنی دەنگێك، یان زیاتر لە دەنگە پێکهێنەرەکانی کۆتایی وشە(ناو)ەکە، کە زیاتر بڕگەی کۆتایی دەگرێتەوە، بێ ئەوەی لەم قۆناغەدا هیچ مۆرفیمێکی بچووککردنەوەیان پێوەبلکێنرێت، بەڵکو تەنیا فۆڕمێکی کورتکراوە بەدەستدەخرێت، بۆئەوەی وەك قاڵبێك بۆ وەرگرتنی مۆرفیمی بچووککردنەوە ئامادەبکرێت، هەروەك (د.فاروق عومەر سدیق)یش بۆچوونی وایە، لە مۆرفۆلۆژیدا پاشگری بچووککردنەوەو ناسكو نازداری بەگشتی دەچێتە سەر قاڵبە کوردێکانی ئەو ناوانە[2].

دەکرێت لە کورتکردنەوەی ناوی مرۆڤدا، تێبینی شێوازێك بکرێت، کە بە گۆڕینی دروستە(ڕۆنان) ناوبرێت، ئەم شێوازەش زۆر بڵاو نییەو تەنیا بەسەر ژمارەیەك ناودا جێبەجێدەکرێت، کە تێیدا فۆڕمی وشەکە بەتەواوی تێکدەشکێنرێت، واتە گۆڕانێکی تەواو بەسەر ڕۆنانەکەیدا دێت، بێ وەرگرتنی

---

[1] شێوازی کورتکردنەوەی ناوی مرۆڤ، تەنیا لە کوردیدا نییە، بەڵکو لەزمانەکانی تریشدا هەیە، بۆنموونە لە ئینگلیزیدا:

| | |
|---|---|
| James | Jim |
| Michael | Mike |

بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

أ- Cruse, (2006: 50).

ب- Spencer, Zwicky, (2001, 140).

[2] فاروق عومەر سدیق، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ١٢٥، ( ١٧١:).

هـــیچ مۆرفیمێــك، یـــان دیـــاریكردنی ڕێگـــاو شـــێوازێكی تایبـــەتی، بـــەڵكو كورتكردنەوەكــە تـــەنیا بەڕێككـــەوتنی كۆمەڵایەتییـــەوە بەنـــدە، تەنانـــەت هەندێجار دەنگێكی نوێ لە فۆڕمە كورتكراوەكەدا پەیدادەبێت، كە لـە فۆڕمـە بنەڕەتییەكەدا بـوونی نییـە، ئەمـەش زیـاتر لـەو ناوانـەدا ڕوودەدات، كـە لـە عەرەبییەوە وەرگیراون، بۆ نموونە:

تریفە ⟵ ترێ

غەفور ⟵ پەخە[1]

بەها الدین ⟵ باوە

## ٢/٢–١–٢ قۆناغی دووەم: بچووككردنەوە:

لە قۆناغی دووەمـدا فۆڕمـە كورتكراوەكـە، یـەكێك لـە مۆرفیمـەكانی بچووكردنەوەی دەخرێتەسەر، بەمەش فۆڕمێكی بچـووككراوە دروسـتدەبێت. ئەمجۆرە بچووككردنەوەیەش، زیاتر لەو ناوانەدا ڕوودەدات، كـە لـە بڕگەیـەك زیـــاترن[2]، وەك (نەســـرین– نەســـە– نەســـۆل، ســـەعید– ســـەعە– سەعۆل،....هتد).

---

١ بۆ وەرگرتنی نموونەی زیاتر، بڕوانە: مەحمود زامدار، (١٩٩٨: ٢٣– ٢٦).

نموونەش بۆ ئەم شێوازە لە ئینگلیزیدا:

Margaret ⟵ Peggy

Patricia ⟵ Trish

بۆ زانیاریی لەم بارەیەوە، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

أ– Cruse, (2006: 50).

ب– Spencer, Zwicky, (2001: 140).

٢ أ– هەرچەندە زیاتر ئەو ناوانەی لە بڕگەیەك زیاترن بچووكدەكرێنەوە، بەڵام ئەمە بەڕەهایی و بۆ هەموو ناوێك = دەستنادات، بۆ نموونە ناوەكانی (باڵا، شـارا، زانـا، لانـە، هـاژە، سـروە، لیمـۆ، شـارۆ، ئاسـۆ، ......هتـد)، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە بڕگەیـەك زیـاترن، بـەڵام ناتوانرێـت بەشـێوەی ناوەكـانی سـەرەوە بچـووكبكرێنەوە، ئەمـەش پێدەچـێت پەیوەنـدی بـەوەوە

لەم شێوازەدا دەكرێت فۆڕمی تەواوی ناوەكان بڕگەبڕگە بكرێن، ئەگەر هاتوو بڕگەی یەكەم بە دەنگی كۆنسۆنانت كۆتایی هاتبوو، ئەوا ڕاستەوخۆ مۆرفێمەكانی/– ە، – ۆل/ی بۆ زیاددەكرێت، وەك (فاتمە فاتە، فاتۆل)، بەڵام ئەگەر هاتوو بڕگەی یەكەم بە دەنگی ڤاوڵ كۆتایی هاتبوو، ئەوا دەنگی یەكەمی بڕگەی دووەم دەخرێتە سەر بڕگەی یەكەمو پاشان مۆرفیمەكانی /– ە، – ۆل/ی بۆ زیاددەكرێت، وەك (ڕەشید ڕەشە، ڕەشۆل)، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، كە دوو دەنگی ڤاوڵ بەدوای یەكدا نایەن.

## ٢/٢–٢ مۆرفیمەكانی بچووككردنەوەی ناوی مرۆڤ :

**أ– /– ە/:**

مۆرفیمێكی چالاكەو بەهۆیەوە ژمارەیەكی زۆر ناو بچووكدەكرێنەوە، بەتایبەتی ئەو ناوە نوێیانەی لە زمانی كوردیی ئەمڕۆدا بەكاردێن:

زریان ⟵ زرە

شادان ⟵ شادە

كەژاڵ ⟵ كەژە

كارزان ⟵ كارە

شەونم ⟵ شەوە

---

هەبێت، كە وشەكان لە بنچینەدا بە ڤاوڵ كۆتاییان هاتووە، كە هاوكاری لە ئاسانیی دەربڕینیاندا دەكات.

ب– لەو جۆرە ناوانەدا، كە یەك بڕگەیین، ئەگەرچی بەگشتی بچووكناكرێنەوە، چونكە دەنگەكانی هەریەك لەو وشانە، تەنیا یەك بڕگەیان دروستكردووە، بۆیە پێویستیان بە بچووككردنەوە نییە، بەڵام تێبینیدەكرێ لەكاتی دەربڕینیاندا پاشگری /– ە/ یان بۆ زیاددەكرێت، لەم بارەدا پێدەچێت پاشگری /– ە/، تەنیا وەك ڤاوڵێك بە مەبەستی ئاسانیی دركاندن هێنرابێت، هەرچەندە زۆرجار قسەكەر سەرپشكە لەوەی ناوەكان ئاسایی و وەك خۆی، واتە بێ زیادكردنی پاشگری /– ە/ گۆبكات، نموونەش بۆ ئەو ناوانەی یەك بڕگەیین، وەك (بان ← بانە، شاد ← شادە، یاد ← یادە، ڤان ← ڤانە،...هتد).

لاوکۆ ⟵ لاوە

بەوپێیە /– ە/ مۆرفیمی بچووککردنەوەیە، بە بەڵگەی ئـەوەی، گرانـە وشـــەکان دوای کورتکردنــەوەیان بــەوجۆرەی هــەن، بــدرکێنرێن، چــونکە هێشتنەوەیان بەوشێوەیە، یان فۆڕمێکی واتادارە، کە هیچ

پەیوەندییــەکی بــەناوە بنەڕەتییەکــەوە نییــە، یــان تــەنیا دروســتەیەکی دەنگیی بێ واتایە، وەك لە نموونەکانی خوارەوەدا نیشاندراون:

زرنگ ⟵ زر*

کەژاڵ ⟵ کەژ*

لاوکۆ ⟵ لاو*

گەلاوێژ ⟵ گەل *

نەسرین ⟵ نەس*

نەشمیل ⟵ نەش

**ب– /– ۆل/، /– ۆڵ/، /– ۆلە/:**

بـە ژمارەیـەکی زۆر نـاوەوە دەلکێن‌و ڕۆڵێکی دیـار لەبچـووککردنەوەیاندا دەبینن:

سەعید ⟵ سەعۆل

ڕەشید ⟵ ڕەشۆل

بەهێ ⟵ بەهۆل

ئەجێ ⟵ ئەجۆل

ئاسکە ⟵ ئاسکۆڵ

مەحموود ⟵ مەحۆلە(1)

فاتمە ⟵ فاتۆل، فاتۆلە

**پ– /– کە/، /– ۆك/، /– ۆکە/:**

---

(1) مەحمود زامدار، (١٩٩٨: ٢٣).

تەنیا بە چەند ناوێکەوە دەلکێن‌و بچووکیاندەکەنەوە، بۆیە زۆر چالاك نین.

نەسرین ⟵ نەسەکە

وەلی ⟵ وەلەکە

عەلی ⟵ ئەلەکە

عەبدوڵلا ⟵ عەبەکە

محەمەد ⟵ حەمەکە

عەتیە ⟵ عەتەکە

برایم ⟵ برایمۆك، برایمۆکە[1]

بەکر ⟵ بەکۆك، بەکرۆك[2]

کەواتـە مۆرفیمـەکانی/– ە، – لـە، – کـە/، لـەم بـوارەدا بەئاسـتی جیاواز ڕۆڵدەبینن، بەوپێیەی بەڕێژەی جیاواز لەگـەڵ ناوەکانـدا یەکـدەگرن‌و بچووکیاندەکەنەوە، بۆیە ئەم مۆرفیمانە لە چالاکییاندا وەکیـەك نـین، بـەڵکو دەشێ مۆرفیمێك لە یەکێکیتر کاراتر بێ‌و بەپێچەوانەشەوە.

لێـرەدا دەگەینـە ئـەو ڕاسـتییەی، لـە شـێوەزاری سـلێمانیدا، بـۆ بچـوککردنەوەی نـاوی مـرۆڤ، مۆرفیمـەکانی/– ە، – لـە/ بـەپێزو چـالاکن‌و لەوڕووەوە ڕۆڵێکی بـەهێزو کاریگـەر دەبیـنن، کـە لەگـەڵ زۆربـەی ناوەکانـدا بەکاردەهێنرێن، بەڵام مەرج نییە لە شێوەزارەکانی تریشدا، هەر بەوشـێوەیە بـن، بـەڵکو دەشـێ جیاوازییـەك لـەم ڕووەوە بـەدیبکرێت، بـۆ نموونـە لـە شێوەزاری هەولێردا،/– کە/[3] و ئەلۆمۆرفەکانی لەم بوارەدا چالاکن.

سەرەڕای بچـووککردنەوەی ئـەو ناوانـەی لـەڕووی دروسـتەوە سـادەن، وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا دەبینـرێن، دەکـرێ ئەوانـەی فۆڕمەکانیشـیان لێکدراوە، بچووکبکرێنەوە:

[1] کەمال میراودەلی، (٢٠٠٧: ٤٧).

[2] مەحمود زامدار، (١٩٩٨: ٢٤).

[3] بۆ وەرگرتنی نموونەی زیاتر، بڕوانە: مەحمود زامدار، (١٩٩٨: ٢٢– ٢٤).

عبدالله ← عەبە، عەبۆل
محەمەد ئەمین ← مینە
نەجمەدین ← نەجە
بەها الدین ← باوە
فتح الله ← فەتحۆ، فەتحی، فەتحۆك، فەتۆك[1]
سیف الدین ← سەیفە
محی الدین ← محە، محۆ، محیٚ، محۆك[2]

**٢/٢-٣ مەبەستەکانی بچووککردنەوەی ناوی مرۆڤ :**

بەشێوەیەکی سەرەکی، مەبەستەکانی بچووککردنەوەی ناوی مرۆڤ، لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆدەکرێنەوە:

١- بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمانە لەگەڵ ناوی مرۆڤدا، دەربڕینی مەبەستی تایبەتی لەخۆدەگرن، کە تێیدا هەستی قسەکەر بەرامبەر بە گوێگر، لەڕێی پێکانی دوو ئامانجەوە ئاشکرادەکەن، واتە لەم بارەدا بەدوو مەبەستو ئاڕاستەی جیاواز ڕۆڵدەبینن:

أ- گەیاندنی واتای پۆزەتیڤ، کە دەربڕینی سۆزو خۆشەویستیو بەخشینی واتای ناسکییە لەلایەن قسەکەرەوە، هاوکات لەبەرئەوەی ((زمان چالاکیەکی کۆمەڵایەتییە زیاتر بۆ جیٚ خۆشکردنە...))[3]، بۆیە هەندێجار بۆ نزیکبوونەوەو پتەوکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەنێوان قسەکەرو گوێگردا بەکاردێن.

ب- دەربڕینی واتای نێگەتیڤ، کە مەبەستی ڕووشاندنو بریندارکردنی هەست، هەروەها دابەزاندنی نرخو لایەنی کەسایەتیی بەرامبەر لەخۆدەگرن.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ٢٤.
[2] سەرچاوەی پێشوو.
[3] بەکر عومەر عەلی، شێرکۆ حەمەئەمین، (٢٠٠٦: ٢٩).

لەم بارەیەوە کـەمال مـیراودەلی نووسـیویێتی: ((گـەر کەسـانی نزیـكو دۆست ئەو چووکەلانە بەکاردێنن ئەوە نیشانەی خۆشەویستیو لێکنزیکی یە. گـەر نەناسـیاو و ناحـەز بـەکاریان بێـنن دەشـێ مەبەسـتی بێڕێزیـو سـووك تەماشـاکردن بگەیـەنێ))[1]. لـەم ڕوانگەیـەوە، ئـەم پاشـگرانە گوزارشـت لـە هەستێکی شاراوەی ناخی قسەکەر دەکەنو ئاشکرایدەکەن[2].

٢- مەبەست لە بچووککردنەوەی ئەو ناوانەی لە عەرەبییـەوە وەرگـیراون، بەخشـینی ڕواڵـەتو سـیمایەکی کوردانەیـە بـەناوەکان، واتـە بـەهۆی ئـەم کردەیەوە ناوەکان دەخرێنە قالبێکی دەنگیی کوردییەوە، بۆئەوەی ئاسـانتر دەرببڕدرێن، وەك (عوسە، سالە، عەبە، عەبۆل،...هتد).

٣- ئامـانج لـە بچـووککردنەوەی ئـەو ناوانـەی پێکهاتـەکانیان ناسـادەن، لایەنی ئابووریکردنو دەمگرتنەوەیە لە زووتر گۆکردنی ناوەکاندا. واتە لەگەڵ ئەوەشدا، کە بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە بەزۆری ئەو واتایانەی سـەرەوە دەردەبـڕن، بـەلام دەشـێ هەنـدێجار بچـووککردنەوەکە هـیچ مەبەستێکی تایبەتیو کەسیی لەپشتەوە نەبێت، بەڵکو تـەنیا پەیوەنـدی بـە لایەنی زمانییەوە هەبێت، کە ئاسانیی دەربڕینە.

لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو بابەتانـەی لەڕوانگـەی بچـووککردنەوەی نـاوی مرۆڤەوە باسکران، چەند سەرنجێك گەلاڵە دەبێت:

١- (کورتکردنـەوە، بچـووککردنەوە)ی نـاوی مـرۆڤ، وەك دوو دیـاردەی جیاواز هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت، کورتکردنـەوە بـێ یاریـدەی مـۆرفیم ئەنجامـدەدرێت، تـەنیا بـۆ ئامـادەکردنی فـۆڕمێکی گونجـاوە بـۆ وەرگرتنـی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە، تا فۆڕمە بچـووککراوەکە بەئاسـانی گۆبکرێـت، چـونکە مەبەسـتی سـەرەکیی کورتکردنـەوە، هەوڵدانـە بـۆ ئـابووریکردن لەبەکارهێنانی دەنگو سەرفکردنی وزەی کەمدا.

[1] کەمال میراودەلی، (٢٠٠٧: ٤٦).

[2] جێی ئاماژەپێکردنە، زۆرجار دەستنیشانکردنی واتاکە، لەڕێی لێکدانەوەی جۆری پەیوەندیی نێوان کەسەکانو بارو چوارچێوەی وتنەکەوە پێشبینیدەکرێت.

٢- له بچووككردنەوەی ناوی تایبەتیی مرۆڤدا، هەرچەندە مۆرفیمەکە فۆڕمی وشەکە دەگۆڕێت، بەڵام ناوە بچووككراوەکە، وەك هێما بەرامبەر بە کەرەستە، یان دیاردەیەکی نوێ لەسروشتدا ناوەستێتەوە[١]، بۆیە ((لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان ڕۆڵ نابینێ))[٢] .

٣- بەشێوەیەکی گشتی، هەموو ناوێکی مرۆڤ شیاوی بچووككردنەوە نین، واتە ناتوانرێت شێوازی بچووككردنەوە بەسەر هەندێك ناودا جێبەجێبکرێت ((بەتایبەتی ئەو ناوانەی بەبزوێنی ا، ۆ، ە/کۆتایی یان دێ))[٣]. هەروەها لەو ناوانەدا، کە دروستەکانیان ناسادەن، بۆ بچووككردنەوەیان، تەنیا بەشی یەکەمی ناوەکان وەردەگیرێن.

٤- هەندێ ناو دەتوانن هەر سێ چەشنە مۆرفیمەکە/- ە، - لە، - کە/ وەربگرن، وەك: (نەسرین- نەسە- نەسۆلە- نەسەکە)، واتە لەم بارەدا، ناوەکان زیاتر لە چەشنێکی بچووككردنەوەیان دەبێت[٤]، بۆیە ئەگەرچی هەندێ ناو دوای بچووككردنەوەی، قاڵبێکی چەسپاوی وەرگرتووە، بەڵام ناتوانرێت بەتەواوی هەموویان وەك فۆڕمێکی جێگیرو نەگۆڕی ناوەکان کۆبکرێنەوەو دەستنیشانبکرێن.

٥- بەپێی ئەو نموونانەی لەم بارەیەوە هێنراونەتەوە، /- چە/و مۆرفیمە لێکدراوەکان، بەشداریی بچووككردنەوەی ناوی مرۆڤ ناکەن‌و لەم ڕووەوە ڕۆڵیان نییە، بەڵکو مۆرفیمەکانی /- ە، - لە، - کە/، کردەی بچووككردنەوەکە ئەنجامدەدەن.

---

[١] لەبەر ئەو هۆیە، ناوی بچووككراوەی مرۆڤ، وەك داتا بۆ ئاماری لێکۆڵینەوەکە وەرنەگیراوە.

[٢] ڕۆژان نوری عبدالله، (٢٠٠٧: ٦٢).

[٣] کەمال میراودەلی، (٢٠٠٧: ٤٦).

[٤] أ- بۆ زانینی نموونەی زیاتر، بڕوانە: مەحموود زامدار، (١٩٩٨: ٢٢- ٢٤).
ب- لەهەندێ شێوەزاردا وەك شێوەزاری هەولێر، مۆرفیمەکە بۆ فۆڕمی تەواوی ناوەکە زیاددەکرێت، بێ ئەوەی کورتبکرێتەوە، وەك: زەینەبۆك، قادرۆك، کەریمۆك(مەحموود زامدار: ٢٣، ٢٤)، عیزەدینۆك، ....هتد.

٦- بچووككردنەوەی ناوی مرۆڤ تەنیا ئەو ناوانە ناگرێتەوە، كە لە بنەڕەتدا كوردین، بەڵكو ئەوانەش دەگرێتەوە، كە لە زمانانی ترەوە وەرگیراون، هەروەك لە نموونەكاندا نیشاندران ((زۆربەی ئەو ناوە عەرەبیانەی كە هاتوونەتە ناو زمانی كوردییەوە بەهۆی ڕێبازی بچوككردنەوە مۆركێكی كوردانەیان وەرگرتووە))[1].

٧- یاسای بچووككردنەوەی ناوی مرۆڤ بەمشێوەیەیە:

| |
|---|
| **فۆرمی كورتكراوەی ناو + مۆرفیمی بچووككردنەوە** |

بەمپێیە لە ناوی بچووككراوەی مرۆڤدا، هەردوو دیاردەكە بوونی هەیە، بەواتایەكی تر، ناوەكان لە سەرەتادا كورتكراونەتەوە، پاشان بەهۆی مۆرفیمەكانەوە بچووككراونەتەوە.

**٢/٢-٤ لێكدانەوەی ناوی بچووككراوەی مرۆڤ لەڕوانگەی كۆمەڵایەتییەوە:**

زمانو كۆمەڵ پەیوەندیی بەهێزو پتەو لەنێوانیاندا هەیە، بەوپێیەش (زمان ڕەوشتێكی كۆمەڵایەتییە، بۆیە كاریگەری لەسەر كۆمەڵ هەیەو بەپێچەوانەشەوە)[2]. لەم بارەیەوە، دەتوانرێت دیاریكردنی چەشنی پەیوەندیی نێوان قسەكەرو گوێگر، وەك پەیوەندیی (خزمایەتی، هاوڕێیەتیو دۆستایەتی، خوشكایەتی، خۆشەویستی، دوژمنایەتی،....هتد)، هەروەها ئاستو پلەی ئەو پەیوەندییانەش، كە هەن، وەك (پتەوی، لاوازی، دووری، نزیكی)، سەرەڕای چەند لایەنێكی تری (تەمەن، پلەوپایەی كۆمەڵایەتی، ئاستی ڕۆشنبیری،....هتد)، بكرێنە هۆكارو بنەما بۆ پێشبینیكردنی واتای مۆرفیمەكان لە بەكارهێنانە جیاوازەكانداو دواتریش لە لێكدانەوەیاندا پشتیان پێببەسترێت. ئەم لێكدانەوەیەش دەچێتە چوارچێوەی (زانستی زمانی كۆمەڵایەتی)یەوە.

---

[1] ڕۆژان نوری عبدالله، (٢٠٠٧: ٦٢).

[2] بەكر عومەر عەلی، شێركۆ حەمەئەمین، (٢٠٠٦: ٣٣).

بۆ نموونە کاتێك دوو کەس پەیوەندیی هاوڕێیـەتیی نزیـك لەنێوانیانـدا هەبێت، ئەوا زیاتر لەڕووی نازو خۆشەویستییەوە پەنا بـۆ بچـووککردنەوەی ناوەکان دەبەن، وەك لە گفتوگۆی (١٢)،(١٣)دا ڕوونکراوەتەوە.

١٢) سۆزان لە شەهێن دەپرسێت: شەهە ئەوە خەریکی چیت؟

١٣) شەهێن وەڵامی سۆزان دەداتەوەو دەڵێت: سۆزە گیان ئەچم گوڵەکان ئاو ئەیەم.

یاخود کاتێك بچووککردنەوەکە، لە کەسێکی گەورەوە بەرامبەر بە منداڵێك بێت، بۆ نموونە لە دایکوباوکەوە بۆ منداڵـەکانیان، یـان بەپێچـەوانەوە، ئـەوا جۆرێك لە سۆزو میهرەبانیی بە دەربڕینەکەوە هەستی پێدەکرێت، هەروەك لە (١٤)، (١٥)، (١٦)دا هاتووە.

١٤) باوکێك بە (ئالان)ی کوڕی دەڵێت: ئالە گیان پەرداخێك ئاوم بۆ بێنە.

١٥) بـرای گـەورە بـە (نـازدار)ی خوشـکی دەڵێـت: نـازە ئـەو دەرگایـە بکەرەوە.

١٦) منداڵێك لە دایکی دەپرسێت: نەسە گیان نیوەڕۆ چیمان هەیە؟

هەروەك بچووککردنەوەی ناوی مرۆڤ لەنێوان دوو هاوسەردا، بەگشتی ئاماژە بۆ خۆشەویستیی‌و پتەویی پەیوەندیی نێوانیان دەکات، بەڵام لـەکاتی لاوازی‌و ساردبوونی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـدا، بچـووککراوەکان واتـای پێچـەوانە دەبەخشـن‌و بـە مەبەسـتی ناونـاتۆرە بـەکاردەهێنرێن (بڕوانـە (١٧)و(١٨)).

١٧) بەخە چۆن ئەتوانیٚ کاری وا لەگەڵ مندا بکات؟!

١٨) مادام ئەو قسەیەی گێڕاوەتەوە، حـەز ناکـەم جـارێکیتر ئـەجۆل بێتـە ماڵمان.

هەنـدێجاریش نـاوبردنی ئـەو کەسـانەی لـە کۆمەڵدا بـەهۆی هەنـدیٚ دیاردەی درێوو ناشـیرینەوە پلەوپایەیـەکی نزمیـان هەیـە، ئـەوا لـەم کاتـەدا بچـــووککردنەوەی ناوەکانیـــان، ئاماژەیـــە بـــۆ بەکـــەمزانینیان لـــەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، وەك لە ناوهێنانی (ئەلەکەو وەلەکە)دا دەردەکەوێت.

دەتوانرێت هەموو ئەم واتایانەش، پەیوەست بەشیکردنەوەی لایەنی دەروونییەوە بەدەستبخرێن، چونکە بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە (ڕەنگدانەوەی ئەو هەڵچوونو بارە دەروونییەن، کە بەئاڕاستەی ناوە بچووککراوەکە ئاماژە بۆ سۆزێکی تایبەت لە شکاندن، یان خۆشەویستی، یان کەمکردنەوەی پلەوپایە، یان ڕێز دەکەن)[1]، کە ئەمانەش ڕاستەوخۆ بە چۆنیەتیی بیرکردنەوەی قسەکەرەوە بەندن، بۆیە دەربڕینی واتای باشو خراپ (پۆزەتیڤو نێگەتیڤ) لەڕێی ئەمجۆرە مۆرفیمانەوە، لە لێکدانەوەی بۆچوونو جۆری تێڕوانینی دەروونی قسەکەرەوە سەرچاوەدەگرن، بۆ نموونە، ئەگەر کەسێك لەبارێکی نائارامی دەروونیدا ئەم چەشنە مۆرفیمانە لەگەڵ ناوەکاندا بەکاربهێنێت، ئەوا واتای ئاماژەیەکی خراپ دەگەیەنن.

---

[1] فارس محمد عیسی، (٢٠٠٠: ٥٧١).

# بەشی سێیەم:
# پێزی مۆرفیمی بچووککردنەوە لە سازکردنی وشەی نوێدا

**١/٣ پێزی مۆرفیمی بچووککردنەوە لە سازکردنی وشەی نوێدا:**

لەو ڕوانگەیەوە، کە ژیانو بیری تاکەکانی کۆمەڵ لە گۆڕانو پەرەسەندنی بەردەوامدان، کەرەستەو شتومەکەکانی سروشتو دەوروبەر گەشەدەسەنن، هەموو ئەم گۆڕانو پەرەسەندنانەش، پێویستیان بە چەسپاندنو تۆمارکردن هەیە. گروپی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوەش، بەوپێیەی مۆرفیمی وشەدارێژن، لەو ڕووەوە بەشداریدەکەنو ڕۆڵێکی ئەکتیڤ دەبینن، کە بەگشتی لەگەڵ ناوی گیاندارو بێگیاندا، بەمەبەستی جۆراوجۆر یەکدەگرن[1] و وشەی دارێژراوی نوێ سازدەکەن. وشە دارێژراوەکان بەیاریدەی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە، بۆ دوو چەشن پۆلدەکرێن، ئەوانیش:

**١/٣–١ یەکەم: ئەو مۆرفیمانەی وشەی بچووککراوە دادەڕێژن:**

ئەو وشانەی ئەم مۆرفیمانە دایاندەڕێژن، دەبن بەهێما بەرامبەر بەکەرەستەیەکی تری هاوجۆری خۆیان، بەشێوەیەك، کە زۆربەی نیشانە واتاییەکانیان یەکە، تەنیا لە هەندێ نیشانەدا، کە ئاماژە بە بچووکیی (قەبارە، تەمەن، یان تەسکیی (ڕووبەر)،.......هتد) دەکات[2]، لەیەکتر جیادەبنەوە. بۆ نموونە لەهەریەك لە وشەکانی (کووپەڵە، مەنجەڵۆکە، شارۆچکە)دا، هەمان ناولێنراو هەیە، واتە وشە بچووککراوەکان نەبوونەتە هێما بۆ کەرەستەیەکی نوێ لە دەرەوەی زماندا، بەڵکو لە بناغەکانیان

---

[1] بڕوانە: بەشی دووەمی نامەکە، (٢/١–١)، ل ٥٠– ٥٢.

[2] بڕوانە: بەشی یەکەمی نامەکە، (٥/١)، ل ٢٥– ٢٧.

نەپچڕاون، بۆیە وشە داڕێژراوەکە، تەنیا واتای بناغەکەی بە نیشانەیەکی واتایی بچووککراوەوە گەیاندووە.

لێرەدا مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە بەگشتی بۆ پێنج کۆمەڵە مۆرفیمی سەرەکی دابەشدەبن، هەر کۆمەڵەیەکیش چەند ئەلۆمۆرفێك لەخۆدەگرێت، کە هەر یەکێکیان بەپێی تەرزێك[1]، یان زیاتر، وشەی نوێ سازدەکەن، لە تەرزەکانیشدا تێکردەو دەرکردەکان دیاریکراون، دواتریش بۆ هەر تەرزێك نموونەی پێویست هێنراوەتەوە.

**٣/١-١-١ /- کە/ و ئەلۆمۆرفەکانی:**

بەگشتی ئەرکی بچووککردنەوەی قەبارەی هەندێ ناو دەبینن.

**/- کە/:** تەرزەکەی:

**ناو + /- کە/ ⟵ ناو**

چڵ + /- کە/ ⟵ چڵکە ⟵ چلکە

پووش + /- کە/ ⟵ پووشکە[2]

**/- ۆکە/:** تەرزەکەی:

**ناو + /- ۆکە/ ⟵ ناو**

لێفە + /- ۆکە/ ⟵ لێفۆکە

مەنجەڵ + /- ۆکە/ ⟵ مەنجەڵۆکە

کەپر + /- ۆکە/ ⟵ کەپرۆکە

---

[1] زاراوەی (تەرز)م لە (د.محەمەدی مەحوی) وەرگرتووە. دیدارو چاوپێکەوتنی تایبەتی، (٢٠٠٩/١/١٠).

[2] پووشکە، واتە (پووشێکی بچووك)، بڕوانە: نوری عەلی ئەمین، گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی، (١٩٥٨: ١٧).

**٣/١-١-٢ /- لە/ و ئەلۆمۆرفەکانی:**

بە ناوی کەرەستەو شتومەکی جۆراوجۆرەوە دەلکێن، بەزۆری بۆ مەبەستی بچووککردنەوەی قەبارەکانیان بەکاردێن:

**/- لە/: جۆری تەرزەکەی:**

**ناو + /- لە/ ⟵ ناو**

١- بۆ کەمکردنەوەو تەسککردنەوەی ڕووبەر بەکاردێت:

جۆگە + /- لە/ ⟵ جۆگەلە

کانی + /- لە/ ⟵ کانیلە[1]

٢- بچووککردنەوەی قەبارە:

تەشپی + /- لە/ ⟵ تەشپیلە

/- ڵە/: تەرزەکەی:

**ناو + /- ڵە/ ⟵ ناو**

گۆزە + /- ڵە/ ⟵ گۆزەڵە

کووپە + /- ڵە/ ⟵ کووپەڵە

دیزە + /- ڵە/ ⟵ دیزەڵە

**/- ەڵە/:**

**ناو + /- ەڵە/ ⟵ ناو**

دۆشەک + /- ەڵە/ ⟵ دۆشەکەڵە

بووک + /- ەڵە/ ⟵ بووکەڵە

**/- ۆل/، /- ۆڵ/:**

دەچێتە سەر ناوی تایبەتیی مرۆڤ، بە مەبەستی بچووککردنەوەو بەخشینی مانای ناسکیو نازداری:

---

[1] هەژار، (١٣٨١: ٦٠٧).

فاتمە + /– ۆل/ ⟵ فاتۆل

مەنیج + /– ۆل/ ⟵ مەجۆل

ئاسکە + /– ۆڵ/ ⟵ ئاسکۆڵ

**/– ۆڵە/:**

لەگەڵ هەندێ ناودا یەکدەگرێت، بەپێی ئەم تەرزە:

**ناو + /– ۆڵە/ ⟵ ناو**

زەنگ + /– ۆڵە/ ⟵ زەنگۆڵە

مەشکە + /– ۆڵە/ ⟵ مەشکۆڵە[1]

پەنجە + /– ۆڵە/ ⟵ پەنجۆڵە

**/– وولە/:** تەرزی ئەم مۆرفیمە:

**ناو + /– وولە/ ⟵ ناو**

دەبە + /– وولە/ ⟵ دەبوولە

**٣/١-١-٣ /– چە/[2]**

لەگەڵ ژمارەیەکی کەمو سنووورداری بناغەکاندا بۆ سازکردنی وشەی نوێ یەکدەگرێت، بۆیە بەمۆرفیمێکی بێپێز دادەنریت، کە بەزۆری ڕۆڵی کەمکردنەوەو تەسککردنەوەی فراوانیی ڕووبەر دەبینێت، بەپێی تەرزی:

**ناو + /– چە/ ⟵ ناو**

١– سنوور بۆ فراوانیی ڕووبەر دادەنێت:

دەریا + /– چە/ ⟵ دەریاچە

---

[1] هەژار، (١٣٨١: ٨٣٠).

[2] ئەم پاشگرە، لەگەڵ پاشگری /chen -/ ی ئەڵمانیو (چیكو چكا) ی ڕووسیدا، لەیەك خێزانن. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:(http:// www. Tabari. Blogsky.com, (1386: 3

باخ + /– چە/ ⟵ باخچە

ناو + /– چە/ ⟵ ناوچە

٢– بەشێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکات:

پار + /– چە/ ⟵ پارچە

٣– قەبارەی کەرەستە بچووکدەکاتەوە:

قاڵی + /– چە/ ⟵ قاڵیچە

خوان + /– چە/ ⟵ خوانچە[1]

بێڵ + /– چە/ ⟵ بێڵچە[2]

**٣/١–١–٤ /– چکە/و ئەلۆمۆرفەکانی:**

بەگشتی فراوانیی ڕووبەر تەسکدەکەنەوە، سەرەڕای ئەوەش، هەندێجار قەبارە بچووکدەکەنەوە.

**/– چکە/:** تەرزەکەی بریتییە لە:

**ناو + /– چکە/ ⟵ ناو**

خانوو + /– چکە/ ⟵ خانووچکە

ڕێ + /– چکە/ ⟵ ڕێچکە

گوێ + /– چکە/ ⟵ گوێچکە

**/– ۆچکە/:** بەپێی ئەم تەرزەی خوارەوە، بەناوەوە دەلکێت:

**ناو + /– ۆچکە/ ⟵ ناو**

---

[1] نوری عەلی ئەمین، گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی، (١٩٥٨: ١٩).

[2] شێخ محەمەدی خاڵ، (١٩٦٠: ١٨٧).

شار + /– ۆچکە/ ⟵ شارۆچکە

ماڵ + /– ۆچکە/ ⟵ماڵۆچکە

ئاگر + /– ۆچکە/ ⟵ئاگرۆچکە[1]

**٣/١–١–٥ /– یلکە/ و ئەلۆمۆرفەکانی:**

دەچنە سەر ناو و قەبارەکەی بچووکدەکەنەوە.

**/– یلکە/:** بەپێی ئەم تەرزەی خوارەوە وشە سازدەکات:

**ناو + /– یلکە/ ⟵ناو**

تەشپی + /– یلکە/ ⟵ تەشپیلکە

جام + /– یلکە/ ⟵ جامیلکە[2]

پەیژە + /– یلکە/ ⟵ پەیژیلکە[3]

**/– وولکە/:** بەپێی ئەم تەرزە کاردەکات:

**ناو + /– وولکە/ ⟵ناو**

بۆ بچووککردنەوەی قەبارەی هەندێ کەرەستەی کشتوکاڵیو کەلوپەلی تر بەکاردێت:

داس + /– وولکە/ ⟵ داسوولکە

پاچ + /– وولکە/ ⟵ پاچوولکە

تەشت + /– وولکە/ ⟵ تەشتوولکە

شاخ + /– وولکە/ ⟵ شاخوولکە

سەبەتە + /– وولکە/ ⟵ سەبەتوولکە

جام + /– وولکە/ ⟵ جاموولکە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ٥٥.

[2] ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٧: ٥٦).

[3] نوری عەلی ئەمین، گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی، (١٩٥٨: ١٩).

/– ۆڵکە/: جۆری تەرزەکەی:

**ناو + /– ۆڵکە/ ⟵ ناو**

گرد + /– ۆڵکە/ ⟵ گردۆڵکە

### ۳/۱–۱–٦ ئامـــاری ئـــەو مۆرفیمانـــەی بەشـــداریی دارِشـــتنی وشـــەی بچووککراوەیان کردووە:

پـــاش وردبوونـــەوە لـــە مۆرفیمـــەکانی بچـــووککردنەوە، لـــە کـــۆی (٤٠) نموونـــە[1]، کـــە هێنراونەتـــەوە، چ مۆرفیمـــە ســـادەکانو چ لێکـــدراوەکان، لـــە خشـــتەی (۱)دا، ئامـــاری ڕێـــژەی بەشـــداریکردنیان لـــە دارِشـــتنی وشـــەی بچووککراوەدا بەگوێرەی بەپێزییان خراوەتەڕوو، دواتریش بۆ ڕوونکردنـەوەی زیاتر، لە چارتی (۱)دا جیاوازیی ڕێژەکان نیشاندراوە.

**خشتەی یەکەم: ڕێژەی بەشداریکردنی (م. بچووککردنەوە)**
**لە سازکردنی وشە بچووککراوەکاندا.**

| کۆمەڵە | مۆرفیم | ژ. وشە | ڕ. بەشداریکردن |
|---|---|---|---|
| یەکەم | /– لە/ و ئەلۆمۆرفەکانی | ۱۲ | ٪۳۰ |
| دووەم | /– کە/ و ئەلۆمۆرفەکانی | ٥ | ٪۱۲ |
| سێیەم | /– یلکە/ و ئەلۆمۆرفەکانی | ۱۰ | ٪۲٥ |
| چوارەم | /– چە/ و ئەلۆمۆرفەکانی | ۷ | ٪۱۷ |
| پێنجەم | /– چکە/ و ئەلۆمۆرفەکانی | ٦ | ٪۱٥ |

**خشتەی (۱)**

[1] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: پاشکۆ (لیستی وشە بچووککراوەکان)، ل ۱۱۷– ۱۲۰.




**چارتی (١) نیشاندانی جیاوازیی ڕێژەکان**

### ٣/١-٢ دووەم: ئـەو مۆرفیمانـەی وشـەی نـوێ وەك هێمـا بەرامبـەر بەكەرەستەی نوێ سازدەكەن:

مۆرفیمـەكانی بچـووككردنەوە هەمـوو كاتێـك بەتـەنیا گوزارشـت لەبچووكیـی كەرەسـتەی ئامـاژەبۆكراو ناكـەن، واتـە تـەنیا ئـەركی بچـووككردنەوەی قـەبارە/ ڕووبـەر نـابینن، بـەڵكو زۆرجـار لكانـدنیان بەبناغەكانەوە، پێویستیی سازكردنی وشەی نوێ وەك ناوێك، هاوكات لـەپاڵ گەیانـدنی واتـای بچـووككراوەدا، دەیانهێنێتـە ئـاراوە. ئـەم دیاردەیـەش، هەنـدێجار بـە ((نـاوێزەیی واتـایی))[١] نـاوزەدكراوە، چـونكە لـەم بـارەدا مۆرفیمەكان ئەركێكی تریش بەجێدەهێنن، كە ناونانە، وشە داڕێـژراوەكانیش لەگەڵ بناغەكەدا پەیوەندییان بەیەكەوە دەمێنێتو لەیەكناپچڕێن، وەك لـەم نموونانەدا دیارن:

---

[١] محەمەد مەعروف فەتاح، م.سەباح ڕەشید قادر، (٢٠٠٦: ٣٤).

• چاویلکە: مۆرفیمی/– یلکە/ بەیاریدەی بناغەکە، ناوی ئامێرێکی نوێی سازکردووە، نەك واتای بچووککردنەوەی (چاو).

• کرمەك: ئەگەرچی (کرم) بناغەی دارشتنی وشەکەیە، بەلاَم مۆرفیمی /– ەك/ واتای بناغەکەی بچووکنەکردووەتەوە، بەلْکو ناوی جۆرە خشلێکی سازکردووە.

• مێرووله: جۆرێکی تایبەتیی مێرووە، کە بەهۆی مۆرفیمەکەوە ناونراوە، بۆیە مۆرفیمەکە واتا بنەرەتییەکەی خۆی، کە بچووککردنەوەیە لەدەستنەداوەو وشەکانی (مێروو، مێرووله)ش، پەیوەندییان بەیەکەوە ماوە، چونکە کۆمەلْێ نیشانەی واتایی هاوبەشی وەك: + زیندەوەر، + مێروو، + بچووکیی، هەردوو وشەکە کۆدەکاتەوە.

کەواتە لێرەدا مۆرفیمەکان بە دووبارەبوونەوەی چەمکی بچووککراوەیی لەسەرجەم وشە دارێژراوەکاندا، رۆلْی ناونان دەبینن. وشەکانی زمانەکەش، تەنیا وەك پێکهاتەیەکی مۆرفۆلۆژی لەگەلْ ئەو جۆرە مۆرفیمانەدا بەشداریی سازکردنی وشەی نوێ دەکەن، نەك بەو مەبەستەی بۆ کەرەستەی تری هاوشێوەی خۆیان، کە بە قەبارەی گەورەترەوە لە سروشتدا هەن، ببن بە هێما. لە نموونەکانی خوارەوەدا، بەگشتی رۆلْی ئەم مۆرفیمانە لە سازکردنی وشەی نوێدا بە دیاریکردنی تەرزی هەریەکێکیان خراوەتەروو، لە تەرزەکانیشدا دەشێ تێکردە، یان دەرکردە، لەرووی بەشە ئاخاوتنەوە لەیەکتری جیاوازبن، هەروەك دەشێ وەکیەکیش بن.

### ٣/١-٢-١ /– کە/ و ئەلۆمۆرفەکانی:

ئەم مۆرفیمانە بەپێزو بەرهەمدارنو لەگەلْ ژمارەیەکی زۆر بناغەی هەمەچەشنەداو بەپێی تەرزی جیاواز، وشەی نوێ بەواتای نوێوە سازدەکەن.

**/– کە/:** جۆری تەرزەکانی ئەمانەن:

**١– ناو + /– کە/ ⟵ ناو**

ناوی هەندێ کەرەستەی ڕازاندنەوە، لەگەڵ ناوی جۆراوجۆری تر دادەڕێژێت:

گوڵ + /– کە/ ⟵ گوڵنکە

ملوان + /– کە) ⟵ ملوانکە

بەروان + /– کە/ ⟵ بەروانکە

دان + /– کە/ ⟵ دانکە

بەچە + /– کە/ ⟵ بەچکە(1)

لەت + /– کە/ ⟵ لەتکە

**٢- ئاوەڵناو + /– کە/ ⟵ ناو**

شەل + /– کە/ ⟵ شەلکە(2)

گەش + /– کە/ ⟵ گەشکە

ڕەش + /– کە/ ⟵ ڕەشکە

**٣- ئاوەڵناو + /– کە/ ⟵ ئاوەڵناو**

پیس + /– کە/ ⟵ پیسکە

لێرەدا مۆرفیمی/– کە/ واتایەکی نێگەتیڤی گەیاندووە.

---

[1] فارووق عومەر سدیق، ڕەچەڵەکی وشەو پەلهاویشتنی، دووەم بەشی وشەی (منداڵ)، ژمارە (٢٣٦٨)ی ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ، ٢٠٠١/٢/١.

ناوبراو پێی وایە، پاشگری /– کە/ بۆ بچوککردنەوەو ناسکو نازداری خراوەتەسەر (بەچە)و کردوویەتیە (بەچکە). هەروەك ڕای وایە، پێدەچێت وشەی (بەچە)ش، لەبناغەدا لەڕەگی (بەبە) دروستکرابێت، پاشان پاشگری/– چە/، بۆ مەبەستی گەیاندنی واتای بچوککردنەوەو نازو خۆشەویستی چووبێتە سەری، کە دەیکات بە (بەبەچە)، (بەبەچە)ش جارێکیتر بچوککرابێتەوەو لە ئەنجامدا بووبێت بە (بەچکە). کەواتە بچووککردنەوەی وشەکە بە دوو قۆناغ ئەنجامدراوە، بۆیە دووجار بچووککراوەتەوە.

[2] ناوی ((نەخۆشیەکی سمی ئاژەڵە)). بڕوانە: هەژار، (١٣٨١: ٤٨٩).

**٤- ناو + ئاوەڵناو + /- کە/ ⟵ ناو**

ترێ + ڕەش + /- کە/ ⟵ ترێ ڕەشکە

ترێ + سپی + /- کە/ ⟵ ترێ سپیکە

**٥- ناو + /- ە -/ + ئاوەڵناو + /- کە/ ⟵ ناو**

کۆتر + /- ە/ + شین[1] + /- کە/ ⟵ کۆترەشینکە

ماسی + /- ە/ + پان + /- کە/ ⟵ ماسییەپانکە

گەنم + /- ە/ + زەرد + /- کە/ ⟵ گەنمەزەردکە

مناڵ + /- ە/ + ورد + /- کە/ ⟵ مناڵە وردکە

**/- ەکە/:**

**هەندێ ناوی نوێ سازدەکات بەپێی ئەمجۆرە تەرزە:**

**ناو + /- ەکە/ ⟵ ناو**

مێخ + /- ەکە/ ⟵ مێخەکە

کۆڵ + /- ەکە/ ⟵ کۆڵەکە

پوول + /- ەکە/ ⟵ پوولەکە

**/- ك/:** جۆری تەرزەکانی ئەمانەن:

**١- ناو + /- ك/ ⟵ ناو**

ناو + /- ك/ ⟵ ناوك

دەست + /- ك/ ⟵ دەستك ⟵ دەسك[2]

---

[1] ئەم وشانە دەشێ لە سەرەتادا بەمشێوەیە بووبێتن (کۆترەشین، ماسییەپان، گەنمەزەرد، مناڵەورد) و بەڕێگای ئەنالۆژی لەسەر بنەمای وشەکانی وەك (ماشەسپی، ماشەڕەش، شاخەسوور، مێرگەپان، دارەزەرد، کێلەسپی،.....هتد) سازبووبن، دواتر وەك بناغە بۆ داڕشتنی وشەی نوێ، کەڵکیان لێ بینرابێت.

[2] لە وشەی (دەستك)دا، بەهۆی گۆڕانی فۆنەتیکییەوەو بۆ ئاسانیی گۆکردن، دەنگی [ت] تێیدا پەڕیوە.

لان + /– ك/ ⟵ لانك

دان + /– ك/ ⟵ دانەك ⟵ دەنك[١]

ڕان + /– ك/ ⟵ ڕانك

شیش + /– ك/ ⟵ شیشك ⟵ ژیشك[٢]

پەت + /– ك/ ⟵ پەتك

**٢– ئاوەڵناو + /– ك/ ⟵ ناو**

ئەستوور + /– ك/ ⟵ ئەستوورك

دڕ + /– ك/ ⟵ دڕك

**/– ە/:**

**ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی/– کە/ یە[٣]، ڕۆڵی داڕشتنی هەندێ وشەی نوێی یـەك مۆرفیمی دەبینێت، بەپێی ئەمجۆرە تەرزانە:**

**١– ناو + /– ە/ ⟵ ناو**

**أ– لەگەڵ ناودا:**

دەست + /– ە/ ⟵ دەستە

شەو + /– ە/ ⟵ شەوە

دان + /– ە/ ⟵ دانە

بەند + /– ە/ ⟵ بەندە[٤]

**ب– لەگەڵ ژمارەدا:**

---

١ د.فارووق عومەر سدیق، وانەو چاوپێکەوتنی تایبەتی، ٢٠٠٨/٧/٣.

٢ سەرچاوەی پێشوو.

٣ سەرچاوەی پێشوو.

٤ لەشێوەی پەهلەویدا، (بەندەك) نووسراوە، بەڵام دواتر بووەتە (بەندە)، بڕوانە: ڕ. ئەبرامیان(١٩٦٥: ٨٠).

چل + /ـ ه/ ⟵ چله

حەوت + /ـ ه/ ⟵ حەوتە ⟵ حەفتە

پەنج + /ـ ه/ ⟵ پەنجە

شەش + /ـ ه/ ⟵ شەشە

**٢- ئاوەڵناو + /ـ ه/ ⟵ ناو**

ڕاست + /ـ ه/ ⟵ ڕاستە

تەخت + /ـ ه/ ⟵ تەختە

لوول + /ـ ه/ ⟵ لوولە

پان + /ـ ه/ ⟵ پانە ⟵ پنە[1]

**٣- ناو + ئاوەڵناو + /ـ ه/ ⟵ ناو**

بەپێی ئەم تەرزە، وشەی فرە مۆرفیمی دادەڕێژرێت:

گوڵاڵە + سوور + /ـ ه/ ⟵ گوڵاڵەسوورە

ڕیخۆڵە + کوێر + /ـ ه/ ⟵ ڕیخۆڵەکوێرە

ڕیخۆڵە + باریک + /ـ ه/ ⟵ ڕیخۆڵەباریکە

گرێ + کوێر + /ـ ه/ ⟵ گرێ کوێرە

**٤- ناو + /ـ ه ـ/ + ئاوەڵناو + /ـ ه/ ⟵ ناو**

بەهۆی ئەمجۆرە تەرزەوە، وشەی فرە مۆرفیمی سازدەکات:

کۆتر + /ـ ه ـ/ + باریک + /ـ ه/ ⟵ کۆترەباریکە

نان + /ـ ه ـ/ + ورد + /ـ ه/ ⟵ نانە وردە

شێر + /ـ ه ـ/ + بەفرین + /ـ ه/ ⟵ شێرە بەفرینە

ئەسپ + /ـ ه ـ/ + ئاسنین + /ـ ه/ ⟵ ئەسپەئاسنینە[2]

---

[1] د.فارووق عومەر سدیق، وانەو چاوپێکەوتنی تایبەتی، ٢٠٠٨/٧/٣.

[2] (ئەسپەئاسنینە)، بەواتای پاسکیل دێت.

/– ەك/:

بەشداریی داڕشتنی ناوی جۆراوجۆر دەکات بەپێی ئەم چەشنە تەرزانە:

**١– ناو + /– ەك/ ⟵ ناو**

پێست + /– ەك/ ⟵ پەستەك[1]

مێخ + /– ەك/ ⟵ مێخەك

کرم + /– ەك/ ⟵ کرمەك

**٢– ڕەگ + /– ەك/ ⟵ ناو**

کووت + /– ەك/ ⟵ کووتەك

/– ۆك/: تەرزەکانی ئەمانەن:

**١– ناو + /– ۆك/ ⟵ ناو**

تەن + /– ۆك/ ⟵ تنۆك

بەر + /– ۆك/ ⟵ بەرۆك

تیر + /– ۆك/ ⟵ تیرۆك

**٢– ناو + /– ۆك/ ⟵ ئاوەڵناو**

ترس + /– ۆك/ ⟵ ترسنۆك[2]

لەرز + /– ۆك/ ⟵ لەرزۆك

**٣– ڕەگ + /– ۆك/ ⟵ ئاوەڵناو**

گری + /– ۆك/ ⟵ گرینۆك [3]

---

[1] بەبۆچوونی (د.فارووق عومەر سدیق)، (پەستەك) فۆرمێکی گۆڕاوی فۆنەتیکیی وشەی (پێست)ە.

[2] بەڕای د.فارووق عومەر سدیق، لە (ترسنۆك)دا، دەنگی [ن] پێویستیی فۆنەتیکیی هێناویەتی.

[3] د.فارووق عومەر سدیق، وای بۆدەچێت لە(گرینۆك)یشدا هاوشێوەی (ترسنۆك)، دەنگی [ن] پێویستیی فۆنەتیکیی هێناویەتی.

٤- به ڕێگای دووبارەبوونەوەی بناغە، ناوی نوێ سازدەکات، ئەمیش دوو جۆرە:

أ- ڕەگ:

مژمژ + /- ۆك/ ⟵ مژمژۆك

ب- ئاوەڵناو:

پیسپیس + /- ۆك/ ⟵ پیسپیسۆك

**/- ۆکە/:** جۆری تەرزەکانی ئەمانەن:

**١- ناو + /- ۆکە/ ⟵ ناو**

أ- بۆ ناونانو دیاریکردنی قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەنی گیاندار:

باڕ + /- ۆکە/ ⟵ باڕۆکە

بزن + /- ۆکە/ ⟵ بزنۆکە[1]

ب- هەندێ ناوی تر دادەڕێژێت:

شەکر + /- ۆکە/ ⟵ شەکرۆکە

دەسڕ + /- ۆکە/ ⟵ دەسڕۆکە

حەمام + /- ۆکە/ ⟵ حەمامۆکە[2]

چار + /- ۆکە/ ⟵ چارۆکە[3]

پ- لەگەڵ هەندێ ناودا، واتای کۆنیی، هەندێ جاریش بەکەمزانین دەردەبڕێت، کاتێك [+ مرۆڤ] بێت:

---

[1] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٧: ٥٥).

[2] (حەمامۆکە)، ناولێنەرە بۆ جۆرە یارییەك، کەبریتییە لە(گومەزێکی بچووك)، منداڵان بۆ یاریکردن دروستیدەکەن.

[3] د.فاروق عومەر سدیق، پێی وایە لەڕووی ئیتمۆلۆژییەوە، وشەی (چارۆکە)، بەم قۆناغانە سازبووە: (چادر ⟵ چەتر ⟵ چەترۆکە ⟵ چارۆکە).

جل + /– ۆکە/ ← جلۆکە[1]

ژن + /– ۆکە/ ← ژنۆکە

**٢– ناو + ناو + /– ۆکە/ ← ناو**

**هێلکە + شەیتان + /– ۆکە/ ← هێلکەشەیتانۆکە**

**٣– ئاوەڵناو + /– ۆکە/ ← ناو**

ترش + /– ۆکە/ ← ترشۆکە

مزر+ /– ۆکە/ ← مزرۆکە

**٤– ئاوەڵناو + /– ۆکە/ ← ئاوەڵناو**

شێت + /– ۆکە/ ← شێتۆکە

گێل + /– ۆکە/ ← گێلۆکە

کەر + /– ۆکە/ ← کەرۆکە

فەقیر + /– ۆکە/ ← فەقیرۆکە

لەم نموونانەی سەرەوەدا، مۆرفیمی/– ۆکە/ ئەم واتایانەی بە وشەکان بەخشیوە:

أ– لە(شێتۆکە، گێلۆکە، کەرۆکە)دا، واتای نێگەتیڤی بناغەکانی بە پلەیەکی بەرزتر لەباری پێشوویان (واتای بنەڕەتیی بناغەکان) دەربڕیوە، واتە بەهۆی /– ۆکە/وە، پلەی نزمو خراپی هەندێك لە نیشانەکانیان، تاڕادەیەك لەسەروو ئاستی بنەڕەتیی خۆیانەوە نیشاندراون. بۆ نموونە، دیارترین نیشانەی واتایی (شێت)، بریتییە لە[+ کەمیی ئەقڵ]، بەڵام ئەم سیفەتە لە (شێتۆکە)دا، [± کەمیی ئەقڵ]ە، واتە تەنیا لە هەندێ کردەوەو ڕەفتاری نابەجێو ئاخاوتنی نەشیاودا، لەگەڵ کەسێکی (شێت)دا یەکدەگرێتەوە، هاوکات (گێلۆکە، کەرۆکە)ش هەر بەوچەشنەن.

[1] (جلۆکە)، بەواتای (جلی کۆن)، لە ناوچەی (کۆیە) بەکاردێت.

ب- لـه (فەقیرۆکـە)دا، مەبەسـتو واتایـەکی باشـی هەیـە، وەك لـە (١) دا دیارە:

١) شاناز کچێکی فەقیرۆکەو بێدەنگە.

**٤- ڕەگ + /- ۆکە/ ⟵ ناو**

فڕ + /- ۆکە/ ⟵ فڕۆکە

٥- بەڕێگای دووبارەبوونەوەی بناغە، ناوی نوێ دادەڕێـژێت، ئـەمیش دوو جۆرە:

١- ناو:

أ- بۆ سازکردنی ناوی جۆرە خواردنێك:

مارمار + /- ۆکە/ ⟵ مارمارۆکە

ب- دارشتنی ناوی گیاندار، یان باڵدار:

خاڵخاڵ + /- ۆکە/ ⟵ خاڵخاڵۆکە

جاڵجاڵ[1] + /- ۆکە/ ⟵ جاڵجاڵۆکە

پ- سازکردنی ناوی جۆراوجۆری تر:

حەتحەت[2] + /- ۆکە/ ⟵ حەتحەتۆکە

خولخول + /- ۆکە/ ⟵ خولخولۆکە

٢- (ڕەگ):

فڕفڕ + /- ۆکە/ ⟵ فڕفڕۆکە

---

[1] (جاڵ) بەواتا (پەت)، بەڵام ئێستا بەتەنیا بەکارناهێنرێت.

[2] (حەتحەت)، بەرو گیای بۆنخۆشە، کە وەك نووشتە بـە منداڵیـەوە دەدورن، یـان هەڵدەواسـن وەك مێخەك: (هەژار، ١٣٨١: ٢٨٨). (د.فارووق عومەر سدیق)، بۆچـوونی وایـە، پێدەچـێت (حەتحەت) لە (حتە)وە وەرگیرابێت، کە لە ئێستای زمانی میسریدا بـەواتای (دانـە/ پارچـە) بەکاردەهێنرێت.

/– وو/:

ئەم مۆرفیمە لە بنچینەدا /– ووك/ بووە، دواتر بەتێپەڕبوونی کات، لە هەندێ وشەدا بۆ ئاسانیی دەربڕین، دەنگی [ك]ی تێدا پەڕیوەو تەنیا دەنگی [وو] وەکو مۆرفیم ماوەتەوە[1]، ئەمیش هەندێ ناوی نوێ دادەڕێژێت بەپێی ئەم چەشنە تەرزانە:

**١– ناو + /– وو/ ⟵ ناو**

خان + /– وو/ ⟵ خانوو

ڕۆژ + /– وو/ ⟵ ڕۆژوو

پار + /– وو/ ⟵ پاروو

پەت + /– وو/ ⟵ پەتوو

داس + /– وو/ ⟵ داسوو[2]

پووش + /– وو/ ⟵ پووشوو

**٢– ئاوەڵناو + /– وو/ ⟵ ناو**

ڕەش + /– وو/ ⟵ ڕەژوو

جوان + /– وو/ ⟵ جوانوو

**/– ووك/:**

لەگەڵ ناودا یەکدەگرێتو وشەی نوێ سازدەکات بەپێی تەرزەکانی:

**١– ناو + /– ووك/ ⟵ ناو**

ددان + /– ووك/ ⟵ ددانووك ⟵ دەنووك[3]

---

[1] د.فارووق عومەر سدیق، وانەو چاوپێکەوتنی تایبەتی، ٣/٧/ ٢٠٠٨.

[2] (داسوو) واتە (ئێسقانێکی بچکۆلە)، نوری عەلی ئەمین، گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی، (١٩٥٨: ١٤).

[3] نوری عەلی ئەمین، لە (گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی، ١٩٥٨: ١٢)دا، پێیوایە، (دەنووك) لەوشەی (دان) پێکهاتووە، کە دەنگی [ا] کەی گۆڕاوە بە [ە]و پاشان پاشگری /– ووك/ی خراوەتەسەر.

**٢- ناو + /- ووك/ ⟵ ئاوەڵناو**

بەچە + /- ووك/ ⟵ بچووك[1]

**٢-٢-١/٣ /- لە/و ئەلۆمۆرفەکانی:**

ئەم کۆمەڵە مۆرفیمە بەرهەمدارنو بۆ سازکردنی وشەی نوێ، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر بناغەی جۆراوجۆردا کەڵکیان لێدەبینرێت.

**/- لە/:** جۆری تەرزی ئەم مۆرفیمە، بریتییە لە:

**ناو + /- لە/ ⟵ ناو**

مێروو + /- لە/ ⟵ مێرووله

پشی + /- لە/ ⟵ پشیله

بەڕوو + /- لە/ ⟵ بەڕووله

برا + /- لە/ ⟵ براله

کەنی + /- لە/ ⟵ کەنیله

لە(براله، کەنیله)دا، مۆرفیمەکە بۆ گوزارشتکردن لە سۆزو بەخشینی مانای نازداری بەکاردێت، تەنانەت (براله) زۆرجار لەکاتی ئاخاوتندا لەگەڵ دۆستو کەسی نزیکدا بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەشدا، دەشێ هەندێ هەلومەرجی تایبەتی، واتاکەی بگۆڕێت.

**/- ڵە/:** ناوی قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەنی گیاندار دەنێت بەپێی تەرزی:

**ناو + /- ڵە/ ⟵ ناو**

جووجە + /- ڵە/ ⟵ جووجەڵە

**/- ووله/:** تەرزەکەی بەم چەشنەیە:

**ناو + /- ووله/ ⟵ ناو**

---

[1] د.فارووق عومەر سدیق، وانەو چاوپێکەوتنی تایبەتی، ٣١/٨/ ٢٠٠٨.

أ- ناوی گۆڕینی حاڵەت دەنێت:
دان + /- ووله/ ⟵ دانووله

ب- ناوی باڵدار سازدەکات:
مێش + /- ووله/ ⟵ مێشووله
**/- ۆڵ/:** تەرزەکانی بەمجۆرەن:
**١- ناو + /- ۆڵ/ ⟵ ناو**

مۆرفیمەکە بەپێی ئەم تەرزە ((دەچێتە سەر ناوی گشتی، واتای بچووککردنەوە دەدات:
کاك + /- ۆڵ/ ⟵ کاکۆڵ))[1]
**٢- ناو + /- ۆڵ/ ⟵ ئاوەڵناو**
کرم + /- ۆڵ/ ⟵ کرمۆڵ

**/- ۆله/:** تەرزەکانی بەم چەشنەن:
**١- ناو + /- ۆله / ⟵ ناو**
بەرخ + /- ۆله/ ⟵ بەرخۆله

**٢- ئاوەڵناو + / ۆله/ ⟵ ئاوەڵناو**
بچووك + /- ۆله/ ⟵ بچکۆله

**/- ۆڵه/:** تەرزەکانی بریتین له:
**١- ناو + /- ۆڵه/ ⟵ ناو**

---
١ ڕۆژان نوری عبدالله، (٢٠٠٧: ٥٧).

أ- بۆ نیشاندانی تەمەنی دیاریکراوی مرۆڤ، یان گیاندار بەکاردێت، جگە لە بەخشینی هەستی سۆزو خۆشەویستی:

کچ + /- ۆڵە/ ⟵ کچۆڵە

کیژ + /- ۆڵە/ ⟵ کیژۆڵە

ب- سازکردنی ناوی تر:

بن + /- ۆڵە/ ⟵ بنۆڵە

**٢- ئاوەڵناو + /- ۆڵە/ ⟵ ناو**

ڕەش + /- ۆڵە/ ⟵ ڕەشۆڵە ⟵ ڕیشۆڵە[1]

**٣- ئاوەڵناو + / ۆڵە/ ⟵ ئاوەڵناو**

أ- واتای پۆزەتیڤ دەبەخشێت:

نەرم + /- ۆڵە/ ⟵ نەرمۆڵە

ناسک + /- ۆڵە/ ⟵ ناسکۆڵە

لێرەدا بەکارهێنانی مۆرفیمەکە بۆ بچووککردنەوە نییە، بەڵکو ڕۆڵی پێدانی واتای سۆزو خۆشەویستی لەگەڵ ئەو چەشنە ئاوەڵناوانەدا بینیوە، ئەو چەمکەش، لە واتای گشتیی ئاوەڵناوە داڕێژراوەکاندا هەستیپێدەکرێت، بۆ نموونە لەگەڵ ئەوەشدا، کە (نەرم) بەگشتی واتاکەی پۆزەتیڤە، دەشێ هەندێجار بە واتای نێگەتیڤیش بەکاربێت، بەڵام پاش وەرگرتنی مۆرفیمی/- ۆڵە/، جارێکیتر جۆرە ناسکییەکی پێدەبەخشرێتەوە، بۆیە واتاو بەکارهێنانەکەی پۆزەتیڤە. بەکارهێنانی ئەو ئاوەڵناوانە، لە ڕستەی (٢)دا بەگشتی دەرخراوە:

٢) منداڵانی دایەنگەکە، زۆر نەرمۆڵە/ ناسکۆڵە/ بچکۆلەو جوان بوون.

---

[1] د.فاروق عومەر سدیق، وانەوچاوپێکەوتنی تایبەتی، ٣١/٨/ ٢٠٠٨.

ب- واتــای نێگــەتیڤ دەردەبڕێــت (هــەروەك لــە ڕســتەكانی (٣)، (٤)دا نیشاندراوە).

شڕ + /- ۆڵە/ ⟵ شڕۆڵە

كز + /- ۆڵە/ ⟵ كزۆڵە

٣) مناڵەكانی شێرزادم بینی، زۆر شڕۆڵەو داماو بوون.

٤) دوو سێ ڕۆژە ئارام زۆر كزۆڵەو خەفەتبار دیارە.

**/- یلە/:** جۆری تەرزەكانی ئەمانەن:

**١- ناو + /- یلە/ ⟵ ناو**

أ- ناوی قۆناغێكی دیاریكراوی تەمەنی هەندێ گیاندار دەنێت، جگە لەوەی مانای ناسكیو خۆشەویستیشیان پێدەبەخشێت، بەمجۆرە:

كار + /- یلە/ ⟵ كاریلە

ب- ناوی بابەتی جۆراوجۆر سازدەكات:

مست + /- یلە/ ⟵ مستیلە

قوتوو + /- یلە/ ⟵ قووتیلە

دەغل + /- یلە/ ⟵ دەغیلە[1]

**٢- ناو + /- یلە/ ⟵ ئاوەڵناو**

خشپە + /- یلە/ ⟵ خشپیلە

**٣- ئاوەڵناو + /- یلە/ ⟵ ئاوەڵناو**

ورد + /- یلە/ ⟵ وردیلە

---

[1] بەڕای د.فارووق عومەر سدیق، (دەغیلە) بە هۆی (دخل)ی عەرەبییەوە سازكراوە.

قنج + /– یله/ ⟵ قنجیله ⟵ خنجیله[1]

خڕ + /– یله/ ⟵ خڕیله

مۆرفیمی/– یله/ لەوشەکانی (وردیلە، خنجیلە)دا، واتایەکی پۆزەتیڤی گەیاندووە، کە بەشێوەی میتافۆر بۆ گوزارشت لەسۆزو دەربڕینی مانای جوانیو بەنازی بەکارهاتووە، ئاوەڵناوە داڕێژراوەکانیش، زیاتر لە وەسفی منداڵدا بەکاردێن، وەك لە (٥)دا دیارە.

٥) دابان، چەند منداڵێکی وردیلە/ خنجیلەو ئێسکسووك بوو!

/– ەڵ/: تەرزەکانی ئەمانەن:

**١– ناو + /– ەڵ/ ⟵ ناو**

کیس + /– ەڵ/ ⟵ کیسەڵ

دووم + /– ەڵ/ ⟵ دوومەڵ[2]

تۆپ + /– ەڵ/ ⟵ تۆپەڵ

**٢– ئاوەڵناو + /– ەڵ/ ⟵ ئاوەڵناو**

زەرد + /– ەڵ/ ⟵ زەردەڵ

پووچ + /– ەڵ/ ⟵ پووچەڵ

فش + /– ەڵ/ ⟵ فشەڵ

/– ەڵ/ لەم نموونانەدا، واتایەکی نێگەتیڤی گەیاندووە، بۆنموونە (زەردەڵ) هەندێ جار هێمایە بۆ جۆرێك نەخۆشی، وەك لە ڕستەی (٦)دا دەردەکەوێت.

---

[1] کەمال میراودەلی، (٢٠٠٧: ٤٧).
بەگشتی لە شێوەزاری ئێستای سلێمانیدا، وشەی(خنجیلە) بەکاردەهێنرێت، نەك (قنجیلە)، لە ڕاستیشدا بڕیاردان لەسەرئەوەی دەنگی [خ]ی وشەکە، لەسەرەتادا [ق] بووبێتو دواتر گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ئیتیمۆلۆژی هەیە.

[2] (دووم) بەواتای (بەرزبوونەوە) دێت، وەك لە (دوومەڵان)یشدا بوونی هەیە. (د.فارووق عومەر سدیق، وانەو چاوپێکەوتنی تایبەتی، ٢٠٠٨/٨/٣١).

٦) بارامم دی، زۆر زەردەڵ بوو، لەوە ئەچوو نەخۆش بێت.

**/– ەڵە/:**

**ئاوەڵناو + /– ەڵە/ ⟵ ئاوەڵناو**

بەپێی ئەمجۆرە تەرزە کاردەکات بۆ:

أ– دەربڕینی واتای باش:

سەوز + /– ەڵە/ ⟵ سەوزەڵە

زیت + /– ەڵە/ ⟵ زیتەڵە

قیت + /– ەڵە/ ⟵ قیتەڵە

گرد + /– ەڵە/ ⟵ گردەڵە

/– ەڵە/ واتایەکی باشی لە نموونەکاندا گەیاندووە، هەروەك لە(٧)، (٨)دا نیشاندراوە، دەرخەرەکان بۆ بەهێزکردنو پێداگرتن لەسەر باشیی واتای ئاوەڵناوە داڕێژراوەکە بەکارهێنراون:

٧) شەهێنی هاوڕێم، کچێکی سەوزەڵەی ناسکی جوانە.

٨) ڕەنوو منداڵێکی زیتەڵە/ قیتەڵەو وریایە.

ب– نرخپێدانو بەرزکردنەوەی پلەی هەندێ ئاوەڵناو:

سووك + /– ەڵە/ ⟵ سووکەڵە

باریك + /– ەلە/ ⟵ باریکەلە

بەگشتی ئەم ئاوەڵناوانە لەبنجدا واتایەکی نێگەتیڤ دەبەخشن، وەك (سووك، باریك)، بەلاّم پاش وەرگرتنی مۆرفیمەکە، هەندێك لە نرخو پلەوپایەیان بەرزدەبێتەوە.

بۆنموونە، واتای (سووك) لەبنچینەدا، ئامارژە بە نیشاندانی کێشی شتومەك دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانرێ بەواتایەکی میتافۆریی نێگەتیڤ، بۆ دەرخستنی ڕەوشتو پلەی کەسایەتی، بدرێتە پاڵ مرۆڤ، بەلاّم کاتێك مۆرفیمی /– ەڵە/ وەردەگرێت، واتاکەی پێچەوانە دەبێتەوە، وەك لە (٩)دا دیارە.

٩) هەرچەندە ڤیان قەڵەوە، کەچی زۆر سووکەڵەیە.

ڕستەی ژمارە (٩) واتا (ئەو کەسە، لەکاری ڕۆژانەیدا لەشی سووکو گورجوگۆڵە)، کەواتە (سووکەڵە) کاتێ[+ مرۆڤ] بێت، جیاواز لەبناغەکەی (کە بە هەمان شێوە [+ مرۆڤ] بێت) واتایەکی پۆزەتیڤی هەیە، چونکە توانراوە بەهۆی مۆرفیمەکەوە نزمیی پلەی سیفەتێکی خراپ بۆ سیفەتێکی باش بەرزبکرێتەوە.

لە (باریکەلە)شدا هەر بەوشێوەیەیە، مۆرفیمەکە لەبارێکی مامناوەندیدا سیفەتەکان دەردەخات، چونکە (باریک) وەك دەرخەرێك، بەگشتی واتاکەی باش نییە، بەڵام دەکرێ بە بەکارهێنانی ئەم چەشنە مۆرفیمە، کەمێك نرخو بەهای زیادبکرێو جۆرە نەرمییەك بە دەربڕینەکە بدرێت، وەك لە نموونەی (١٠)دا دەرخراوە:

١٠) کیژان کچێکی باریکەلەی باڵا بەرزە.

پ– گەیاندنی واتای خراپ لەگەڵ هەندێ ناوەڵناودا:

ڕەق + /– ەڵە/ ⟵ ڕەقەڵە

ڕووت + /– ەڵە/ ⟵ ڕووتەڵە

سیس + /– ەڵە/ ⟵ سیسەڵە

تەنك + /– ەڵە/ ⟵ تەنکەڵە

لەم وشانەدا، کە بەگشتی گوزارشت لە واتای خراپ دەکەن، ئەرکی مۆرفیمەکە جارێکیتر نیشاندانو خستنەڕووی نزمیی ئاستی ئەو لایەنە خراپەو گواستنەوەیەتی وەك خوازە بۆ وەسفی کەسێك، وەك لەم نموونانەدا نیشاندراون:

١١) ئاواز زۆر ڕەقەڵەیە، دوو چڵ ئێسقانی ماوەتەوە.

١٢) منداڵەکانی شیروان زۆر ڕووتەڵەو داماون.

١٣) نەورۆز زۆر سیسەڵەو ناشیرین بووە.

١٤) ئەوان کومبارێکی تەنکەڵەی پیسیان کڕیبوو.

**٣/١-٢-٣  /- چە/و ئەلۆمۆرفەکانی:**

لەگەڵ ژمارەیەکی کەم‌و سنووورداری بناغەکاندا یەکدەگرن، بۆیە پێزو بەرهەمیان کەمە.

**/- یژە/:** بەپێی ئەمجۆرە تەرزە کاردەکات:

**ناو + /- یژە/ ⟵ ناو**

بان + /- یژە/ ⟵ بانیژە

پا + /- یژە/ ⟵ پایژە ⟵ پەیژە[1]

**/- ێژە/:** تەرزەکەی بەمجۆرەیە:

**ئاوەڵناو + /- ێژە/ ⟵ ناو**

سوور + /- ێژە/ ⟵ سوورێژە

**/- یچە/:** تەرزەکەی بریتییە لە:

**ناو + /- یچە/ ⟵ ناو**

گۆڕ + /- یچە/ ⟵ گۆڕیچە

**٣/١-٢-٤ /- یلکە/ و ئەلۆمۆرفەکانی:**

**/- یلکە/:** بەپێی ئەم تەرزە هەندێ ناوی نوێ دەنێت:

**ناو + /- یلکە/ ⟵ ناو**

چاو + /- یلکە/ ⟵ چاویلکە

نامە + /- یلکە/ ⟵ نامیلکە

**/- وولکە/:** ناوی نوێ سازدەکات، بەپێی ئەمجۆرە تەرزە:

**ناو + /- وولکە/ ⟵ ناو**

---

[1] د.فارووق عومەر سدیق، وانەوچاوپێکەوتنی تایبەتی، ٣١/ ٨/ ٢٠٠٨.

قۆناغێکی تەمەنی ئاژەڵ دیاریدەکات:

جاش + /– وولکە/ ⟵ جاشوولکە

**/– ۆڵکە/:** تەرزەکەی بریتییە لە:

**ناو + /– ۆڵکە/ ⟵ ناو**

تەپە + /– ۆڵکە/ ⟵ تەپۆڵکە

(تەپۆڵکە)، تایبەتمەندی وەرگرتووەو بووە بەناو بۆ بەرزاییەکی بچووک، (لە بنەڕەتیشدا وشەیەکی یۆنانیی کۆنە، کە بناغەکەی (تۆپۆس)ە و دواتر بووە بە (تەپە)، کە بەواتای (شوێن) دێت[1].

**٣/١–٢–٥ /– چك/و ئەلۆمۆرفەکانی:**

**/– چك/:** بەپێی ئەمجۆرە تەرزەی خوارەوە کاردەکات:

**ناو + /– چك/ ⟵ ناو**

١– وشەی نوێ سازدەکات، بێ ئەوەی واتای بچووکراوەییەکەی لەدەستبدات:

بن + /– چك/ ⟵ بنچك

قن + /– چك/ ⟵ قنچك

کەف + /– چك/ ⟵ کەفچك ⟵ کەوچك[2]

٢- تەمەنێکی دیاریکراو نیشاندەدات:

جووجە + / – چك/ ⟵ جووچك

---

[1] د.فاروق عومەر سدیق، وانەوچاوپێکەوتنی تایبەتی، ١٩/١/ ٢٠٠٨.

[2] وشەی (کەوچك) لەبنجدا(کەفچك) بووە،کە بچووککراوەی (کەفگیر)ە، بەڵام لەپاشدا دەنگی[ف] لەهەردوو وشەکەدا، بەهۆی گۆڕانی فۆنەتیکییەوە بووەتە[و]. د.فاروق عومەر سدیق، وانەوچاوپێکەوتنی تایبەتی، ١٩/١/٢٠٠٩.

**/– چکە/:**

**ناو + /– چکە/ ⟵ ناو**

پێ + /– چکە/ ⟵ پێچکە

مێ + /– چکە/ ⟵ مێچکە[1]

**/– ۆچکە/:**

**ناو + /– ۆچکە/ ⟵ ناو**

بەگوێرەی ئەم تەرزە، قۆناغێکی تایبەتیی تەمەنی مرۆڤ نیشاندەدات، جگە لەوەی ناوی نوێش دەنێت:

منداڵ + /– ۆچکە/ ⟵ منداڵۆچکە

بەربەر + /– ۆچکە/ ⟵ بەربەرۆچکە

**/– شك/:** ئەلۆمۆرفی/– چك/ە، وشەی نوێ سازدەکات بەپێی تەرزەکانی:

**١– ناو + /– شك/ ⟵ ناو**

کەنی + /– شك/ ⟵ کەنیشك

**٢– ئاوەڵناو + /– شك/ ⟵ ناو**

تاڵ + /– شك/ ⟵ تاڵیشك

**/– ژۆڵە/[2]:**

ناوی تەمەنێکی دیاریکراوی گیاندار دەنێت، بەپێی تەرزی:

**ناو + /– ژۆڵە/ ⟵ ناو**

کار + /– ژۆڵە/ ⟵ کارژۆڵە

---

[1] (مێچکە) بەگۆشتی گیانداری مێ دەوترێت.

[2] لە لێکدانی مۆرفیمەکانی/– چە/ + /– لە/ دروستبووە، واتە مۆرفیمێکی لێکدراوە، کە تێیدا بەهۆی گۆڕانی فۆنەتیکییەوە دەنگی [چ] بۆ [ژ] گۆڕاوە.

٣/١-٢-٦ /- کەلە/ و ئەلۆمۆرفەکەی:

ئەم مۆرفیمە بەپێی ئەم تەرزەی خوارەوە ڕۆڵدەبینێت:

**ئاوەڵناو + /- کەلە/ ⟵ ئاوەڵناو**

خڕ + /- کەلە/ ⟵ خڕکەلە

جوان + /- کەلە/ ⟵ جوانکەلە[1]

(جوانکەلـە) واتـا (نەجوانـەو نەناشـیرینە)، کەواتـە مـۆرفیمی /- کەلـە/ لەپلـەی (جوانی)یەکـەی هێناوەتـە خـوارەوەو واتاکـەی لـە سـنوورێکی مامناوەندا بەرجەستەکردووە (نەك لـەو پلـە بـەرزەی ئاوەڵناوەکـە لەبنجـدا هەیەتی)، بۆیە (جوانکەلە) وەك ئاوەڵناوێك، هاوسەنگییەکی لەنێوان هـەردوو چەمکی (جوان، ناشیرین)دا ڕاگرتووە، تا قسەکردنەکە شـێوازێکی ڕێکوپێـكو دڵخۆشکەری پێوەدیاربێت.

هـەروەها مۆرفیمەکـە لـەبواری ڕەنگەکانیشـدا بـەکاردێت، کـە لەگـەڵ هەندێکیاندا یەکدەگرێتو پلەی ڕەنگەکەی دەردەخات:

ڕەش + /- کەلە/ ⟵ ڕەشکەلە

سپی + /- کەلە/ ⟵ سپیکەلە

سوور + /- کەلە/ ⟵ سوورکەلە

لە(ڕەشکەلە)دا، هەرچەندە مۆرفیمەکە لە ڕاستیی ڕەنگـی (ڕەش)ی نەگۆڕیوە، چونکە بۆ کەسێك بەکاردێت، کە ڕەنگی پێسـتی، ئەسمـەری تـۆخ بێت، بەڵام ئەم بەکارهێنانە شێوازێکە بۆ مامەڵەکردن، کـە جـوانیی دەربـڕین بـە ئاوەڵناوەکـە دەبەخشـێتو پلەیـەك واتاکـەی بەئاڕاسـتەی کاڵبوونـەوەی ڕەنگەکە بەرزدەکاتەوە، لەبەرئەوەی کاتێك لـە وەسـفی کەسـێکدا دەوترێـت (ڕەشـە)، دەربڕینەکـە جـۆرە ڕەقـیو زبرییـەکی تێدایـە، بـەڵام زیـادکردنی مۆرفیمەکە، جۆرە ناسکییەك دەگەیەنێت، بەمەش بـەهای واتـایی ئاوەڵنـاوە داڕێژراوەکە پلەیەك بەرزدەبێتەوە، وەك لە ڕستەی (١٥)دا دەردەکەوێت:

---

[1] هەندێ کات (جوانکیلە)ش بەکاردێت.

١٥) شیرین کچێکی ڕەشکەلەی خوێنگەرمی ڕۆحسووکە.

بەمپێیـــە، (ڕەشـــکەلە) هاوڕێیـــەتی لەگـــەڵ ئـــەو کەرەســـتانەدا دروستدەکات، کە واتاکانیان پۆزەتیڤەو جەخت لە بەرزیی نرخی واتای (ڕەشکەلە) دەکەنەوە، بەلآم زمان ڕێگەنادات (ڕەشکەلە) لەگەڵ ئەو دەرخەرانەدا، کە نێگەتیڤن وەك (بۆر، ناشیرین)، پەیوەندیی هاوڕێیەتی دروستبکەن، چونکە واتای (ڕەشکەلە)، لەو ناشیرینییە دوورکەوتووەتەوە، (بڕوانە(١٦)).

١٦) شیرین کچێکی ڕەشکەلەی بۆری ناشیرینە*.

(سپیکەلە) واتا (نەسپییەو نەڕەشە، بەلآم ڕەنگی سپی تێیدا زاڵترە)، تێبینیدەکرێ لەگەڵ ئەوەشدا، کە مۆرفیمی/-کەلە/ لە ڕادەی سپێتیی ڕەنگەکە کەمدەکاتەوە، بەلآم هاوکات جۆرێك لە نەرمیو خۆشیی دەربڕین هەستیپێدەکرێت، هەروەك لەڕستەی (١٧)دا ئەو دەرخەرانەی لە بەکارهێنانی سینتاکسیدا لەگەڵیدا دێن، جەخت لەسەر پۆزەتیڤیی واتاکەی دەکەنەوە.

١٧) شیلان کچێکی سپیکەلەی ئێسکسووکە.

مۆرفیمی/-کەلە/ش لە وشەی (سوورکەلە)دا، کەمێك لە ڕادەی سووریی ڕەنگەکە کەمدەکاتەوەو پلەکەی دادەبەزێنێ، بۆیە واتاو بەکارهێنانەکەی پۆزەتیڤە (بڕوانە (١٨)).

١٨) ئارام کوڕێکی سوورکەلەی قۆزی بالآبەرزە.

کەواتە بەکارهێنانی (ڕەشکەلە، سپیکەلە، سوورکەلە)و هەندێکیتر لە ئاوەڵناوەکانی وەك (باریکەلە، سووکەڵە،....هتد) لە زماندا، دەچنە خانەی ئیفمیزمەوە، کە پەنابردن بۆ ئەو جۆرە مۆرفیمانە لەکاتی ئاخاوتندا، وادەکات لەبەردەم هەندێ چەمكو واتای نێگەتیڤدا، کە ڕەنگە هەستی گوێگر برینداربکەن، ببێتەڕێگر، بۆیە واتاکانیان خراپ نین، هەرچەندە مەبەستی قسەکەرو ئاوازی وتن، کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی واتا دەبێت، کە لە هەندێ باردا، ئاڕاستەکە پێچەوانە دەکەنەوەو لەنرخو بەهایان دەهێننەخوارەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا، بەگشتی بۆ بەرزکردنەوە، یان نزمکردنەوەی پلە بەکاردەهێنرێن.

نموونەکان دەریدەخەن، لەناو بواری ڕەنگەکاندا هەندێکیان، کە بریتین لە (سپی، ڕەش، سوور، سەوز، زەرد)، پاش وەرگرتنی ئەمجۆرە مۆرفیمانە، گرنگترین نیشانەی واتاییان دەبێتە + مرۆڤ .

ئەگەر سەرنجبدەین، دەبینین هەندێ ڕەنگی وەك (مۆر، هەناری، شیری، خۆڵەمێشی، پیازی،...هتد)، کە زۆربەیان وشەی داڕێژراون، ڕێگەنادەن ئەم مۆرفیمانەیان پێوە بلکێنرێت، وەك لە نموونەکانی خوارەوەدا نیشاندراون:

| | | |
|---|---|---|
| مۆر + /- لە/ | ← | مۆرەڵە* |
| شین + /- ەڵە/ | ← | شینەڵە* |
| پرتەقاڵی /- ەڵە/ | ← | پرتەقاڵیڵە* |
| هەناری + /- کەلە/ | ← | هەناریکەلە* |
| پیاز + /- کەلە/ | ← | پیازیکەلە* |
| ئاگری + /- کەلە/ | ← | ئاگریکەلە* |

بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمانە تەنیا لەگەڵ هەندێ ڕەنگدا، دەگەڕێتەوە بۆ:

١- ڕەنگەکانی (سپی، ڕەش، سوور، سەوز، زەرد) بنجین، واتە بنەڕەتیین، بۆیە لەچاو ڕەنگەکانی تردا چالاکترن و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەڕێژەیەکی زیاتر بەکاردێن، بەوپێیەی ئەو کەرەستانەی لە سروشتدان، زیاتر ئەمجۆرە ڕەنگانەیان هەیە، بەڵام ئەوانیتر، لە پلەی خوارتردان.

٢- تێبینی ئەوە دەکرێ، وشە یەك مۆرفیمییەکان، وەك (سوور، ڕەش) بۆنموونە، کاتێ مۆرفیمی بچووککردنەوەیان پێوە دەلکێنرێت، بەکارهێنانیان لەبارترە، واتە بەئاسانی گۆدەکرێن، بەڵام ڕەنگەکانی تری وەك (هەناری، خۆڵەمێشی،...هتد)، وشەی دروستکراوی دوو مۆرفیمین، بۆیە ڕەنگە وەرنەگرتنی ئەو مۆرفیمانە، تاڕادەیەك پەیوەندی بە قورسیو گرانیی دەربڕینیانەوە هەبێت.

**/- کەڵە/**: جۆری تەرزەکەی بریتییە لە:

**ئاوەڵناو + /- کەڵە/ ⟵ ئاوەڵناو**

لووس + /- کەڵە/ ⟵ لووسکەڵە

پان + /- کەڵە/ ⟵ پانکەڵە

ئەگەر واتای (لووسکەڵە)ش وەربگرین، تێبینیدەکەین، واتایەکی نێگەتیڤ دەدات، وەك لە نموونەی (١٩)دا دیارە:

١٩) ئاسۆ کوڕێکی لووسکەڵەی پەڕپووتە.

**/- کۆلە/**: تەرزەکەی بەم چەشنەیە:

**ئاوەڵناو + /- کۆلە/ ⟵ ئاوەڵناو**

درێژ + /- کۆلە / ⟵ درێژکۆلە

وشەی (درێژ) بەگشتی لە بیرو تێڕوانینی کۆمەڵدا، وەك ئاوەڵناوێك واتایەکی نێگەتیڤی هەیە، بەڵام زیادکردنی مۆرفیمی/- کۆلە /، بۆ نرخپێدانو بەرزکردنەوەی واتاکەیەتی.

**خستنەڕووی هەندێ تێبینی:**

دوای خستنەڕووی نموونەکان[1] و سەرنجدانیان، دەگەینە چەند ڕاستییەك، لەوانە:

---

[1] جێی ئاماژەیە، بەوپێیەی زاراوە بەشێکە لە وشەی گشتیی زمانەکە، مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە لە شێوەی فۆڕمی سادەو لێکدراودا، گرنگیی زۆریان لە سازکردنو بچووککردنەوەیدا هەیە، بۆ نموونە:

- بواری بایۆلۆژی: (کۆرپەلە، بۆریچکە، ڕیشاڵۆك، ناوکۆکە).(ئەکرەم قەرەداخی، ٢٠٠٢: ٥١، ١٠٨، ١١٨، ١٤٠).
- بواری کیمیا: (دەنکۆکە). (کەمال جەلال غەریب، ١٩٧٩: ١٤٢))، (ترشۆك). (جەمال عەبدول، ٢٠٠٢: ١٩٢).
- بواری زمان: (زارۆچکە، گیرەك، جووتۆکە، ئاستۆکە).
- بواری فیزیا: (تەنۆچکە، تەنۆلکە). (نەوزاد عومەر محێدین، (٢٠٠٢: ١٨٣) ، (پارچۆڵکە). (جەمال عەبدول(٢٠٠٢: ٢٠). سەرەڕای وشەکانی (فەرهەنگۆك، خشۆك، بیرۆکە، لوولەك،

١– ئەم مۆرفیمانە، توانای گۆڕینی بەشە ئاخاوتنیان هەیە، بەمشێوەیە:
أ– لە ناوەوە بۆ ئاوەڵناو: (ترسنۆك، لەرزۆك، كرمۆڵ،.....هتد).
ب– لە ئاوەڵناوەوە بۆ ناو: (ترشۆكە، مزرۆكە، ڕەشكە، شەلكە، ڕیشۆڵە، ...هتد).
پ– لە ڕەگەوە بۆ ئاوەڵناو: (گرینۆك، گەڕۆك، ...هتد).

لێرەدا شایانی باسە، یەككگرتنی مۆرفیمی/– كە/و ئەلۆمۆرفەكانی لەگەڵ ئاوەڵناودا، بەگشتی بەشەئاخاوتنی وشەكە دەگۆڕێت، وەك (دڕك، گەشكە، جوانوو،.....هتد)، بەلاّم /– لە/و ئەلۆمۆرفەكانی لەم بارەدا، بەپێچەوانەوەن، وەك (ناسكۆڵە، وردیلە، خڕیلە، كزۆڵە،.....هتد).

٢– هەندێ لە مۆرفیمەكان دەچنە خانەی مۆرفیمی (دانسقە)[1]وە؛ ئەمانیش، ئەو مۆرفیمانە دەگرنەوە، كە لە وشەیەك، یان چەند وشەیەكی كەمدا بەرچاودەكەون، وەك مۆرفیمی/– ژۆڵە/ لە وشەی (كارژۆڵە)دا، /– شك/ لە وشەكانی (كەنیشك، تاڵیشك)دا،/– ژیلكە/ لە (پەیژیلكە)دا، .....هتد.

---

خوولەك، دەزوولە)، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێویستمان نەزانی زۆر بەوردیی لە بابەتەكە بكۆڵینەوە، چونكە سازكردنو داڕشتنی زاراوە، پێویستی بەوەیە لەلایەن لیژنەیەكی پسپۆری تایبەتی زمانەوانییەوە هەڵبسەنگێنرێتو بڕیاری لەسەربدرێت، جگە لەوەی، زاراوەی بوارە جیاوازەكانی (بایۆلۆژی، كیمیا،...هتد)، سەرەڕای لایەنی زمانی، دەبێت لەڕووی بەكارهێنانیشەوە لەبواری خۆیاندا تاوتوێ بكرێن، لەبەر ئەم هۆیانە، لەخستنەڕووی ئاماری لێكۆڵینەوەكەدا، پشتیان پێنەبەستراوە.

تەنیا ئەوەی لێرەدا گرنگە، بچووككردنەوەی وشەی گشتی (باو)ی زمانەكە، وەك لە بەشەكانی پێشتردا ئاماژەی پێدرا، بۆ دەربڕینی كۆمەڵێك مەبەستی جۆراوجۆری (سۆز، خۆشەویستی، شكاندن،....هتد) بوو، بەلاّم لەزاراوەدا، ئەو مەبەستانە بوونیان نییە، بەڵكو لكاندنی ئەم مۆرفیمانە، تەنیا گوزارشت لە واتای (بچووكی)، یان سازكردنی زاراوە دەكەن.

[1] زاراوەی (دانسقە)م، لە(محەمەدی مەحوی، زانستی هێما، ٢٠٠٨: ١٢٦)وە وەرگرتووەو بەكارهێنانیمان لەم شوێنەدا، بەپەسەند زانی.

٣- ئـەو ئاوەڵناوانـەی بـەهۆی مـۆرفیمی بچـووككردنەوەوە دارێـژراون، بەكارهێنانیان سنووردارە، بەپێچەوانەی بناغەكانیانەوە، كـە بـەكارهێنانێكی گشتییان هەیە (بڕوانە (٢٠)، (٢١)).

٢٠) أ- سۆزان كچێكی جوانە.

ب- سۆزان كچێكی جوانكەلەیە.

٢١) أ- ئوتومبیلەكەت جوانە.

ب- ئوتومبیلەكەت جوانكەلەیە*.

### ٣/١-٢-٧ ئەو مۆرفیمانەی بوون بە بەشێك لەوشەكان:

هەندێجار ئەو مۆرفیمانەی لەكاتی خۆیدا بەمەبەستی بچووككردنەوەی وشەكان لەگەڵ بناغەكاندا یەكیانگرتووە، بەهۆی لە كاركەوتنی بناغەكانەوە، لـە ئـەنجامی بـەكارهێنانی زۆری وشـەكە، كـە وردە وردە كەوتووەتـە سەردەمێكی ترەوە، كە دروستكەری وشەكە نین، بـەڵكو تـەنیا پاشماوەیـەو واتای بچووككراوەییەكەیان لەدەستداوە، سەرەڕای ئەوەی هەنـدێ جـار ئـەو گۆڕانـە دەنگییانـەی بـە تێپـەڕبوونی كـاتو قۆناغـە یـەك لـەدوای یەكـەكان بەسەریاندا هاتوون، وایانكردووە ببن بەبەشێك لـەو وشـانەی سـازیانكردوون، هەروەك (باكایف)یش بۆچوونی وایە، زۆرجار ڕێكدەكەوێ، مۆرفیمەكـە ببێـت بەبەشێك لەوشەكە، وەك (گۆلك، گورچك)[1]، بـەجۆرێكی وا، كـە لـە ئێسـتای زمانـدا وەك وشـەیەكی یـەك مـۆرفیمی سـادە دەردەكـەونو بـەكاردەهێنرێن، چونكە ناتوانرێـت جـارێكیتر بناغـەو مۆرفیمەكـە لەیەكجیابكرێنـەوەو بـۆ دوو مۆرفیم كەرتبكرێن، وەك لەم وشانەدا دیارن:

• لفكە:

بچـووككراوەیەو نـاوێكی نوێیـە، بـەلأم لـە ئێسـتادا بناغەكـە بەتـەنیا بەكارناهێنرێت، بەڵكو بووەتە بەشێك لێی (بڕوانە(٢٢)).

---

[1] چ. خ. باكایف، (١٩٧٣: ٢٤٣).

٢٢) لفكەیەكی بچووكم كڕی.

واتــە مــەرج نییــە قــەبارەی (لفكــە) بچــووك بێــت، بۆیــە قســەكەر بــۆ دیاریكردنی قەبارەكەی، پەنا بۆ بەكارهێنانی مۆرفیمی سەربەخۆ دەبات.

• توورەكە:

لە ئێستادا، وەك وشەیەكی سادە، كە مۆرفیمی /- كـە/ بەشـێك بێـت لێـی بـەكاردێتو مامەڵـەی لەگـەڵ دەكرێـت، هەرئەمـەش وایكـردووە بڵـێین: (توورەكەی بچووك، توورەكەی گـەورە)، كەواتـە مۆرفیمەكـە لـە بناغـەدا بـە مەبەستی بچووككردنەوە پێوەی لكێنراوە، بەڵام ئێسـتا بچـووككراوەییەكەی لەدەستداوە.

• دایك:

((لەخوارووەدا، گومانی تێدانیە كە لەسەرەتاوە (دا) بێ سوفیكسی(- ك،- یك) (كەئەركی گەیاندنی واتای خۆشەویستیو بچـوككردنەوە دەگەیـەنن بـەو وشانەی دەچنە سەری) بەكارهێنراوە، پاشان لەگەڵ ئەو دوو سوفیكسەدا كە دواتر بوون بەبەشێك لێیو لێی جیانابنەوە، فـۆرمی (دایـك، داك) سـازكراوە، هەر لەو ڕەگـەش واتـە لـە (دا) وشـەكانی: دایـە، دایەگـەورە، داپـیر، دایـەن، سازكراون))[1].

• باوك:

ئەگــەر لــەڕووی مۆرفۆلۆژییــەوە تەماشــابكرێت، لــە((باو) + /- ك/) سازكراوە، دواتر پاشگری /- ك/، كە كاتی خۆی بۆ مەبەستی خۆشەویستیو ناسكو نازداری دراوەتە پاڵ (باو)، ئێستا بـووە بەبەشـێك لێـیو لـە ڕێزمانـدا وەك وشــەیەكی یەكپارچــەو لەقاڵبــدراو هەڵسوكــەوت دەكــات[2]، واتــە لــەو

---

[1] فـارووق عومـەر سـدیق، ڕەچـەڵەكی وشـەو پەلهاویشـتنی، (وشـەی دایـك)، ژمـارە (٢٣١١)ی ئەدەبو هونەری كوردستانی نوێ، ٢٣/١١/٢٠٠٠.

[2] فـارووق عومـەر سـدیق، ڕەچـەڵەكی وشـەو پەلهاویشـتنی، (وشـەی بـاوك)، ژمـارە (٢٣١٧)ی ئەدەبو هونەری كوردستانی نوێ، ٣٠/١١، ٢٠٠٠.

وشەیەدا بەتەنیا بەکارنایەت، نەك لە هەموو وشەیەکدا، وەك لە (باوەپیارە)دا دەیبینین.

• مەلۆتکە:

لەو ڕووەوە، کە (مەلۆتکە)، بە (منداڵی ساوای زۆر بچووك) دەوترێت، بۆیە پێدەچێت/- کە/ مۆرفیمی بچووککردنەوە بێت، بەڵام لەبەرئەوەی لە ئێستادا، (مەلۆت)مان نییە، کە وەك وشەیەکی سەربەخۆی واتادار لە زماندا بەکاربێت، بۆیە وەك بەشێك لە وشەکە تەماشادەکرێت.

• هێلکە:

لەدیالێکتی کرمانجیی ژووروودا (هێك)[1]ە، بەڵام لەکرمانجیی خواروودا /- لکە/، کە لەبنەڕەتدا بچووکیکردووەتەوە، دواتر بووەتە بەشێك لێی، بۆیە دواتر هێزی ئەو بچووککردنەوەیە کەمبووەتەوەو نرخی نەماوە، لەبەرئەوە لەڕێی بەکارهێنانی مۆرفیمی ترەوە بچووکیی قەبارەکەی دیاریدەکرێت.

• مەنجەڵ:

وشەکە بچووککردنەوەی تێدایە، بەڵام ئێستا (مەنج) بەتەنیا بەکارناهێنرێت، بۆیە مۆرفیمی /- ەڵ/ بووەتە بەشێك لێی. (مەنج) بناغەی وشەکەیە، وەك لە(مەنجەنیق) یشدا بوونی هەیە)[2].

• پەپوولە:

بەوپێیەی (پەپوو)، لەوشەکانی (پەپوو سلێمانە، کوونە پەپوو)دا هەیە، کەواتە/- لە/، لە بنجدا بۆ بچووککردنەوە بووەو لەگەڵ بناغەکەدا لەیەکجیابوون، بەڵام ئێستا بەبەشێك لێی دادەنرێت، چونکە بەلابردنی، ئەوەی دەمێنێتەوە لە واتا بنەڕەتییەکە دوور دەکەوێتەوە.

---

[1] چ. خ. باکایف، (١٩٥٧: ٤٠٩).

[2] د. فارووق عومەر سدیق، وانەو چاوپێکەوتنی تایبەتی، ٢٠٠٩/١/١٩.

• مێتولکە:

مۆرفیمی /– وولکە/، بووە بەبەشێك لە بناغەکە، چونکە (مێت) ئێستا بەتـــەنیا بـــەکارناهێنرێت، بـــەلاَم لـــە بنەڕەتـــدا مۆرفیمەکـــە وشـــەکەی بچووککردووەتەوە، چونکە (مێتوولکە)، بەمانای (گەرای ئەسـپێ) دێـت، کـە خۆی لەخۆیدا بچووکە.

• لەچك[1]:

لـە ئێسـتای زمانـدا، مۆرفیمـەکان پێکـەوە بەوشـەیەکی سـادەی یـەك مۆرفیمی دادەنرێن، چونکە کەرتکردنیان واتای (سەرپۆش) ناگەیەنێت.

• هەڵۆژە:

(– ژە) بووەتـە بەشـێك لـە بناغەکـە، چـونکە لـە ئێسـتادا، (هـەڵو) بەتەنیا بەکارناهێنرێت، بەلاَم لە زمانی فارسیدا، کە هـاوگروپی کوردییـە، تـا ئەمڕۆ (ئاڵو) بەکاردێت، کە بەرامبەر (هەڵۆژە)ی کوردییە.

سـەرەڕای بـوونی چـەندین وشـەی تـر، کـە مۆرفیمـەکان بوونەتـە بەشـێکیانو ناتوانرێـت لـە ئێسـتادا بـە تـەنیا بـەکاربهێنرێن، وەك وشـەکانی (تووتکە، تووتەڵە، پرپۆڵە، گورچیلە، گورچك، سورێنچك،.....هتد).

لەمەوە دەردەکـەوێت، هەریـەکێك لـەو وشـانەی باسـکران، لەسـەردەمو ڕۆژگـاری خۆیانـدا، لەخسـتنەتەکیەکی مـۆرفیمێکی سـەربەخۆ و یـەکێك لـە مۆرفیمـەکانی بچـووککردنەوە پێکهـاتوون، بـەلاَم دواتـر بـەهۆی پێویسـتیی بـەکارهێنانو گـۆڕانی دەنگییـەوە بەتێپـەڕبوونی کـات یـەکیانگرتووەو لـە ئەنجامدا بوونەتە بەشـێك لەبناغـەکان، بەشـێوەیەك لێکدانـەوەو دیـاریکردنی واتـــاو ستراکچـــەری هەنـــدێکیان کـــارێکی گرانـــە، بۆیـــە زۆرجـــار پێویســـت بەلێکۆڵینەوەی ئیتمۆلۆژی دەکات.

---

[1] د.فارووق عومەر سدیق، وای بۆ دەچێت لەم وشەیەدا، (لە) بەواتای(لا)، یان (ڕوو) دێت، کە دواتـر/– چـك/ی پێـوە لکێنـراوە، بەمـەش تێکـڕای وشـەکە، واتـای (ڕوو دادەپۆشـێت)، دەگەیەنێت.

**٣/١-٢-٨ ئاماری ئەو مۆرفیمانەی بەشداریی سازکردنی وشەی نوێیان بەرامبەر بەکەرەستەی نویێ کردووە:**

پاش وردبوونەوە لە مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە، ئەوانەی ئەرکی سازکردنی وشەی نوێیان بینیوە وەك هێما بۆ کەرەستەی نویێ، لە کۆی (١٨٠) نموونە، کەهێنراونەتەوە، چ ئەوانەی لە بناغەکان جیادەکرێنەوەو چ ئەوانەش، کە بوون بەبەشێك لێیان، لە خشتەی (٢)دا، ڕێژەی بەشداریکردنیان بەگوێرەی بەپێزییان، خراوەتەڕوو، دواتریش بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، لە چارتی (٢)دا جیاوازیی ڕێژەکان نیشاندراوە.

**خشتەی دووەم:**

**ڕێژەی بەشداریکردنی (م. بچووککردنەوە) لەسازکردنی وشەکاندا.**

| کۆمەڵە | مۆرفیم | ژ. وشە | ڕ. بەشداریکردن |
|---|---|---|---|
| یەکەم | /- کە/ و ئەلۆمۆرفەکانی | ٩٨ | ٪٦٤ |
| دووەم | /- لە/ و ئەلۆمۆرفەکانی | ٤٩ | ٪١٧ |
| سێیەم | /- چك/ وئەلۆمۆرفەکانی | ١٤ | ٪١٠ |
| چوارەم | /- یلکە/ وئەلۆمۆرفەکانی | ٦ | ٪٣ |
| پێنجەم | /- چە/ و ئەلۆمۆرفەکانی | ٥ | ٪٢ |
| شەشەم | /- کەلە/و ئەلۆمۆرفەکەی | ٨ | ٪٤ |




**چارتی (٢) نیشاندانی جیاوازیی ڕێژەکان**

**٢/٣ خستنەڕووی ئاماری گشتیی مۆرفیمەکان:**

خشتەی (٣)، ئاماری گشتیی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە ئاشکرادەکات، کە سەرجەمی ئاماری خشتەی (یەکەم، دووەم)[1] لەخۆدەگرێت، ژمارەی تێکڕای نموونەکانیش (٢٢٠) وشەن. ئاماری هەر مۆرفیمێك، لەسەر بنەمای نموونەکان ئەنجامدراوە، واتە ڕاستیو دروستیی ڕێژەکان، پشت بەو نموونانە دەبەستن، کە لە سەرلەبەری نامەکەدا کراونەتە کەرەستەو داتای لێکۆڵینەوەکەو کاریان لەسەر کراوە. سەرئەنجام هەموو ئەمانەش، ڕێژەی بەپێزیی هەر مۆرفیمێك لەسازکردنی وشەی نوێدا نیشاندەدەن.

[1] بۆ خشتەی یەکەم، بڕوانە: بەشی سێیەمی نامەکە، (٣/١-١-٦)، ل ٧٧، بۆخشتەی دووەمیش، بڕوانە:(٣/١-٢-٨)، ل ١٠٥.

| کۆمەڵە | مۆرفیم | ژ.وشە | ڕ.بەشداریکردن |
|---|---|---|---|
| یەکەم | /– کە/و ئەلۆمۆرفەکانی | ١٠٣ | ٪٤٦ |
| دووەم | /– لە/و ئەلۆمۆرفەکانی | ٦١ | ٪٢٧ |
| سێیەم | /– چك/وئەلۆمۆرفەکانی | ٢٠ | ٪٩ |
| چوارەم | /– یلکە/وئەلۆمۆرفەکانی | ١٦ | ٪٧ |
| پێنجەم | /– چە/و ئەلۆمۆرفەکانی | ١٢ | ٪٥ |
| شەشەم | /– کەلە/و ئەلۆمۆرفەکەی | ٨ | ٪٣ |




**چارتی (٣) نیشاندانی جیاوازیی ڕێژەکان**

## ئەنجام

ئەنجامە گرنگەکانی نامەکە، لە چەند خاڵێکدا خراونەتە ڕوو:

١- پەیوەندییەکی بەرامبەری لەنێوان (پێز، بەرهەم)دا بەدیدەکرێت، واتە زۆربوونی پێز، ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بە بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمداریی دەکاتو بەپێچەوانەشەوە، لەبەرئەوە نرخو بەهای واتاییان پەیوەستن بەیەکەوە، بۆیە دەکرێت لەڕوانگەی ڕادەی وشە بچووککراوەکانەوە وەك پێوەرێك، بڕیار لەسەر ڕێژەی پێزی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە بدرێت.

٢- لە بچووککردنەوەی (ناو، ئاوەڵناو)دا، گروپێك لە مۆرفیمە داڕێژەکان، کە پاشگرەکانی /- کە، - لە، - چە، - یلکە، - چکە، - کەلە/ن، ڕۆڵێکی فراوان لە سازکردنی وشەی داڕێژراوی بچووککراوەدا دەبینن، لە کاتێکدا لە هەندێ زمانی تردا وەك ئینگلیزی، سوود لە پێشگرو پاشگریش دەبینرێت، تەنانەت لە ئیسپانیدا ئەم چەشنە مۆرفیمە لەشێوەی ناوگردایە، کە بناغەکە بۆ دوو بەش جیادەکاتەوە.

٣- لەڕووی ستراکچەرەوە یاساکانی سەرەوڕیزبوونو بەدوایەکدا هاتنی فۆرمە لێکدراوەکانی ئەم مۆرفیمانە لەگەڵ (ناو)دا، بەگشتی ئەمانەن:

أ- یاسای

| ناو + مۆرفیمی /- لە/ + مۆرفیمی /- کە/ |
|---|

ب- یاسای

| ناو + مۆرفیمی /- چە/ + مۆرفیمی /- کە/ |
|---|

لەگەڵ ئاوەڵناویشدا ستراکچەری مۆرفیمەکە لە لێکدانی /- کە/،/- لە/ دروستبووەو بەپێچەوانەی (ناو)ەوە، یاسای سەرەوڕیزبوونەکەی بەم چەشنەیە:

| ئاوەڵناو + مۆرفیمی /- کە/ + مۆرفیمی /- لە/ |
|---|

٤- ئەم مۆرفیمانە لەڕووی ئەرکەوە بۆ دوو چەشن پۆلدەکرێن:

أ- ئەوانەی تەنیا واتای بچووککراوە بەوشەکان دەبەخشن، وەك (مەنجەڵۆکە، لێفۆکە، دیزەڵە، داسوولکە، ڕێچکە،....هتد).

ب- ئەوانەی بەشداریی سازکردنی وشەی نویٚ بەرامبەر بەکەرەستەی نویٚ دەکەن، وەك (مارمارۆکە، خاڵخاڵۆکە، دەسك، مستیلە، مزرۆکە،....هتد)، کە هەر مۆرفیمێکیش، بەپێی تەرزێك، یان زیاتر وشە نوێکە سازدەکات.

٥- بەگشتی بەکارهێنانی ئەم مۆرفیمانە لەڕووی سیمانتیکەوە دوو لایەنەیە، لە هەندیٚ باردا واتای پۆزەتیڤو لە هەندیٚ باری دیکەشدا واتای نێگەتیڤ بە وشە دەبەخشن، ئەمەش زیاتر لە بچووککردنەوەی ناوی تایبەتیی مرۆڤدا هەستی پێدەکرێت، کە لێکدانەوەیان پشت بە کۆنتێکستو دەوروبەری وتراوەکە دەبەستێت.

٦- لە هەندیٚ وشەی داڕێژراوی بچووککراوەدا، ئەو مۆرفیمانەی وشەکانیان سازکردووە لە ئەنجامی زۆریی بەکارهێنانو گۆڕانی فۆنەتیکییەوە، وردە وردە بوونەتە بەشێك لێیان، بەچەشنێك کەرتکردنو دیاریکردنی ستراکچەری هەندێکیان، کارێکی گرانەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ئیتمۆلۆژیی سەربەخۆ هەیە.

٧- بەگشتی ئاماری کۆتایی لێکۆڵینەوەکە، کە تێیدا (٢٢٠) نموونە وەك کەرەستەو داتا وەرگیراون، چەند ڕاستییەك دەخاتەڕوو:

أ- بەپێزیی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە لە سازکردنی وشەی نوێدا، بەگوێرەی بەرهەمدارییان:

- /- کە/و ئەلۆمۆرفەکانی بەڕێژەی (٤٦٪).
- /- لە/و ئەلۆمۆرفەکانی بەڕێژەی (٢٧٪).
- /- چك/و ئەلۆمۆرفەکانی بەڕێژەی (٩٪).
- /- یلکە/و ئەلۆمۆرفەکانی بەڕێژەی (٧٪).
- /- چە/و ئەلۆمۆرفەکانی بەڕێژەی (٥٪).
- /- کەلە/و ئەلۆمۆرفەکەی بەڕێژەی (٣٪).

ب- بەگشتی ئەو فۆڕمانەی سادەن، بەرهەمیان زیاترە لەوانەی لێکدراون، بۆیە مۆرفیمە سادەکان بەپێزترنو بەشدارییەکی زۆرتریان لە بچووککردنەوەی ناو و سازکردنی وشەی نوێدا کردووە.

پ- (ناو) وەك بناغەی وشە سازبووەکان، لە پلەی یەکەمو (ئاوەڵناو)یش لە پلەی دووەمدا دێت.

## سەرچاوەکان

**بەزمانی کوردی:**

**ا- کتێب:**

١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٧٧)، وشە ڕۆنان لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢-__________.(١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم - ناو- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٣- بەکر عومەر عەلی، شێرکۆ حەمەئەمین قادر(٢٠٠٦)، زاروشێوەزار، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، (ب. ش).

٤- تۆفیق وەهبی(١٩٢٩)، دەستووری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم، دار الطباعة الحدیثة، بەغدا.

٥- جەلال مەحموود عەلی(١٩٨٢)، ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

٦- ڕۆژان نوری عەبدوڵا(٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم، (ب.ش).

٧- زەریٚ یوسوپۆڤا(٢٠٠٥)، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، و: د.کوردستان موکریانی، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە (٨)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.

٨- سەعید سدقی کابان(١٩٢٨)، مختصر صرف و نحوی کوردی، چاپخانەی نجاح، جزئی (١)، طبع اول، بەغدا.

٩- فازیل عومەر(٢٠٠٥)، گیرەکێن زمانیٚ کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر.

١٠- لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە(٢٠٠٤)، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، چاپخانەی الطباع، چاپی سێهەم، بەغدا.

١١- لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە(٢٠٠٧)، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی دووەمی ناوەندی، چاپخانەی ئارام، چاپی یەکەم، بەغدا.

١٢- محەمەدی مەحویی(٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم (١٠٤)، بەرگی یەکەم، سلێمانی.
١٣- محەمەدی مەحوی ونەرمین عومەر (٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.
١٤- محەمەدی مەحویی(٢٠٠٨)، زانستی هێما (هێما، واتاو واتالێکدانەوە)، بەرگی دووهەم، زانکۆی سلێمانی، (بلاْونەکراوە).
١٥- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠)، زمانەوانی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاْحەدین .
١٦- محەمەد مەعروف فەتاح، سەباح رەشید قادر(٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، بەشی ڕووناکبیری، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
١٧- مستەفا سالْح کەریم، مەحموود ئەحمەد محەمەد(١٩٩٥)، پەندەکانی پیرەمێرد، چاپخانەی (الزمان)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، بەغدا.
١٨- مەحموود زامدار(١٩٩٨)، ناو و نازناو و ناتۆرەو ساناکردنی ناو لەناو زمانو لەلای گەلی ئێمەدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
١٩- نەسرین فەخری، کوردستانی موکریانی(١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاْحەدین.
٢٠- نوری عەلی ئەمین(١٩٥٨)، گرتنی کەلێنێکی تر لەڕێزمانی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
٢١- ................ (١٩٥٨)، قواعیدی زمانی کوردی لە"صرف و نحو"دا، بەرگی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
٢٢- ................ (١٩٦٠)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.

**ب- فەرهەنگ:**

١- ئەکرەم قەرەداخی(٢٠٠٢)، فەرهەنگی بایۆلۆژی بۆماوەی خانە(ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی)، (عەرەبی- کوردی- ئینگلیزی)، (فەرهەنگ ٤)، (گۆڤاری زانستی سەردەم)، لەبلاْوکراوەکانی گۆڤاری زانستی سەردەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٢- جەمال عەبدول(٢٠٠٢)، فەرهەنگی کیمیای شیکاری(ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی)، پاشکۆی زانستی سەردەم(فەرهەنگ ٢)، (گۆڤاری زانستی سەردەم)، سلێمانی.

٣- شێخ محەمەدی خاڵ(١٩٦٠)، فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی کامەران، جزمی یەکەم، سلێمانی.
٤- کەمال جەلال غەریب(١٩٧٩)، فەرهەنگی زانیاری(عەرەبی- ئینگلیزی- کوردی)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
٥- کەمال میراودەلی (٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، ژمارە: ٣٢٦، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٦- نەوزاد عومەر محێدین(٢٠٠٢)، فەرهەنگی فیزیا(ئینگلیزی - عەرەبی - کوردی)، پاشکۆی زانستی سەردەم (فەرهەنگ ١)، (گۆڤاری زانستی سەردەم)، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٧- هەژار(عبدالرحمان شرفکندی)(١٣٨١)، هەنبانە بۆرینە، بڵاوکەرەوەی سروش، چاپی سێیەم، تاران.

**پ- نامەی زانکۆیی (بڵاونەکراوە):**

١- تابان محەمەد سەعید حەسەن(٢٠٠٨)، گەشەسەندنو پوکانەوەی گەنجینەی وشە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٢- تریفە عومەر ئەحمەد(٢٠٠٨)، مەبەستی پڕاگماتیکیی لە وتاردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٣- شێرکۆ حەمە ئەمین قادر (٢٠٠٢)، مۆرفیمە لێکسیکی ورێزمانییەکانو ئەرکیان لەدیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٤- کەوسەر عەزیز ئەحمەد(١٩٩٠)، بیردۆزی مۆرفیمو هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
٥- هۆگر مەحموود فەرەج، پراگماتیک و واتای نیشانەکان(٢٠٠٠)، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**ت- گۆڤار:**

١- عەبدولقادر محەمەد ئەمین(١٩٧٨)، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر پاشگری (کە) لەزمانی کوردی دا، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە (٥١).
٢- محەمەد فارووق عومەر(١٩٩٠)، ناوی تایبەتی مرۆڤ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٥).

٣- هۆگر مەحموود فەرەج(٢٠٠٥)، کردەی گەیاندن لەنێوان سیمانتیك‌و پراگماتیکدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە (١٥).

**ج- ڕۆژنامە:**

فارووق عومەر سدیق، ڕەچەڵەکی وشەو پەلهاویشتنی، ئەدەب‌و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارەکانی:

- (٢٣١١)، ٢٠٠٠/١١/٢٣.
- (٢٣١٧)، ١١/٣٠، ٢٠٠٠.
- (٢٣٦٨)، ٢٠٠١/٢/١.

**دیدارو چاوپێکەوتن:**

١- پ.ی.د.فاروق عومەر سدیق، پسپۆر لەمۆرفۆلۆژیدا، زانکۆی سلێمانی، (٢٠٠٨/٤/١٥، ٢٠٠٨/٧/٣، ٢٠٠٨/٨/٣١، ٢٠٠٩/١/١٩).

٢- پ.ی.د.محەمەد مەحوی، پسپۆر لەزانستی زماندا، زانکۆی سلێمانی، (٢٠٠٩/١/١٠).

٣- ڕزگار مەجید محەمەد ساڵح، کاسب، کۆیە، (٢٠٠٨/١١/١٥).

**وانەی خوێندنی باڵا:**

د.فاروق عومەر سدیق، وانەی لێکسیکۆلۆژی، (١٦/٥/ ٢٠٠٧).

**بەزمانی عەرەبی:**

١- حاتم صالح الضامن(١٩٩١)، الصرف.

٢- عبد الجبار علوان النايلة(١٩٨٨)، الصرف الواضح، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر.

٣- فارس محمد عيسى(٢٠٠٠)، علم الصرف، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، عمان.

٤- هادي نهر(٢٠٠٢)، الصرف الوافي (دراسة وصفية تطبيقية في الصرف وبعض المسائل الصوتية)، دار الامل للنشر والتوزيع، ط ٢، الاردن.

**بەزمانی فارسی:**

١- على اكبر دهخدا(١٣٧٧)، لغت نامه، چاپ دانشگاه تهران، جزء پنجم، چاپ دوم.

٢- محمد معين(١٣٦٠)، فەرهەنگی فارسی، چاپخانەی سپهر، چاپ چهارم، تاران.

٣- محمود شفیعی(١٣٧٧)، شاهنامەو دستور، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ دوم.

**بەزمانی ڕووسی:**

١- ئـەبرامیان. ڕ(١٩٦٥)، فەرهـەنگی پەهلـەوی- فارسـی- ئەرمـەنی- ڕووسـی- ئینگلیزی، یەریڤان.
٢- ئەیوبی. ك. ڕ، سمیرنۆڤا. ئی. ئا (١٩٦٨)، دیالێکتی موکری، چاپخانەی زانست، لێنینگراد.
٣- باکایف، چ. خ. (١٩٥٧)، فەرهەنگی کوردی - ڕوسی، مۆسکۆ.
٤- ............. (١٩٧٣)، زمانی کوردی یەکێتی سۆڤێت، چاپخانەی زانستیی ئەکادیمیای سۆڤێتی.
٥- ستیپانۆڤ، یو. س.(١٩٧٥)، بناغەی زمانەوانی گشتی، چاپی دووەم، مۆسکۆ.
٦- ڤینۆگرادۆڤ، ڤ. ڤ.(١٩٤٧)، مۆسکۆ.
٧- میشکۆف، ئۆ. د.(١٩٧٦)، وشەسازی زمانی ئینگلیزی ئەمڕۆ، چاپخانەی ئەکادیمیای زانستیی سۆڤێتی، مۆسکۆ.
٨- میلەر، ب. ڤ.(١٩٥٠)، فەرهەنگی فارسی- ڕووسی، مۆسکۆ.

**بەزمانی ئینگلیزی:**

1- Bauer, L.(1983), English Word-formation, Cambridge University Press, Printed in Great Britain at the University Press, Cambridge. First published 1983, Reprinted 1984, 1987, 1989, 1991, 1993.
2- CRUSE, A.(2006), A Glossary of Semantics and Pragmatics.
3- Crystal, D. (2003) A dictionary of Linguistics and phonetics, 5th edition, Black well: Oxford.
4- FALK, J. S.(1978), LINGUISTICS AND LANGUAGE, Second Edition, JOHN WILEYN & SONS- NEW YORK/ SANTA BARBARA.
5- Fasold, R.W.(2006), An Introduction to Language and Linguistics, Cambridge: NewYork.
6- FROMKIN, V. and RODMAN, R. and HYAMS, N. (2003) An Introduction to language, 7th edition, Thomson, Heinle. U.S.A.
7- Haspelmath, M.(2002), Understanding Morphology, Oxford University Press.

8- KATAMBA, F. and STONHAM, J.(2006), Morphology, 2nd edition.
9- LYONS, L.(1981), Language and Linguistics, Cambridge University Press: New York.
10- (2002) Oxford word power, oxford university press: New York.
11- Spencer, A. and Zwicky A. M.(2001), The Handbook of Morphology, Blackwell.
12- TRASK. R. L.(1993), A Dictionary of Grammatical Terms In Linguistics, Routledge: London.
13- Yule, G.(2006), The Study of Language, 3th edition, Cambridge.

**پێگەی ئینتەرنێت:**

http:// www.Tabari.Blogsky.com, Tabari, (1368).

**پاشکۆ (لیستی وشە بچووککراوەکان):**

أ- لیستەی وشە بچووککراوەکان (ئەوانەی تەنیا واتای بچووککراوە دەگەیەنن)، بەوپێیەی کراونەتە داتا لە لێکۆڵینەوەکەداو ئاماری مۆرفیمەکانیان لێهەڵهێنجراوە:

| ژ | /- کە/ وئەلۆمۆرفەکانی | ژ | |
|---|---|---|---|
| ١- | چلکە | ٢١- | پارچە |
| ٢- | پووشکە | ٢٢- | قاڵیچە |
| ٣- | لێفۆکە | ٢٣- | خوانچە |
| ٤- | مەنجەلۆکە | ٢٤- | بێڵچە |
| ٥- | کەپرۆکە | | /- چك/ و ئەلۆمۆرفەکانی |
| | /- لە/و ئەلۆمۆرفەکانی | ٢٥- | خانووچکە |
| ٦- | جۆگەلە | ٢٦- | ڕێچکە |
| ٧- | کانیلە | ٢٧- | گوێچکە |
| ٨- | تەشپیلە | ٢٨- | شارۆچکە |
| ٩- | گۆزەڵە | ٢٩- | ماڵۆچکە |
| ١٠- | کوویەڵە | ٣٠- | ئاگرۆچکە |
| ١١- | دیزەڵە | | /- یلکە/ |
| ١٢- | دۆشەکەڵە | ٣١- | تەشپیلکە |
| ١٣- | بووکەڵە | ٣٢- | جامیلکە |
| ١٤- | زەنگۆڵە | ٣٣- | پەیژیلکە |
| ١٥- | مەشکۆڵە | ٣٤- | داسوولکە |
| ١٦- | پەنجۆڵە | ٣٥- | پاچوولکە |
| ١٧- | دەبوولە | ٣٦- | تەشتوولکە |
| | /- چە/ | ٣٧- | شاخوولکە |
| ١٨- | دەریاچە | ٣٨- | سەبەتوولکە |
| ١٩- | باخچە | ٣٩- | جاموولکە |
| ٢٠- | ناوچە | ٤٠- | گردۆڵکە |

ب– لیستەی وشە بچووککراوەکان (ئەوانەی لەپاڵ گەیاندنی واتای بچووککراوەدا، بوون بەهێما بۆ کەرەستەیەکی نوێ)، بەو پێیەی، کراونەتە داتا لەلێکۆڵینەوەکەداو ئاماری مۆرفیمەکانیان لێهەڵهێنجراوە:

| ژ | /- کە/و ئەلۆمۆرفەکانی | ژ | | ژ | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١– | گوڵنکە | ٢٣– | دەنك | ٤٥– | کۆترەباریکە |
| ٢– | ملوانکە | ٢٤– | رانك | ٤٦– | نانەوردە |
| ٣– | بەروانکە | ٢٥– | ژیشك | ٤٧– | شێرەبەفرینە |
| ٤– | دانکە | ٢٦– | پەتك | ٤٨– | ئەسپەئاسنینە |
| ٥– | بەچکە | ٢٧– | ئەستوورك | ٤٩– | پەستەك |
| ٦– | لەتکە | ٢٨– | درك | ٥٠– | مێخەك |
| ٧– | شەلکە | ٢٩– | دەستە | ٥١– | کرمەك |
| ٨– | گەشکە | ٣٠– | شەوە | ٥٢– | کووتەك |
| ٩– | ڕەشکە | ٣١– | دانە | ٥٣– | تنۆك |
| ١٠– | پیسکە | ٣٢– | بەندە | ٥٤– | بەرۆك |
| ١١– | ترێ ڕەشکە | ٣٣– | چلە | ٥٥– | تیرۆك |
| ١٢– | ترێ سپیکە | ٣٤– | حەفتە | ٥٦– | ترسنۆك |
| ١٣– | کۆترەشینکە | ٣٥– | پەنجە | ٥٧– | لەرزۆك |
| ١٤– | ماسییەپانکە | ٣٦– | شەشە | ٥٨– | گرینۆك |
| ١٥– | گەنمەزەردکە | ٣٧– | ڕاستە | ٥٩– | مژمژۆك |
| ١٦– | مناڵە وردکە | ٣٨– | تەختە | ٦٠– | پیسپیسۆك |
| ١٧– | مێخەکە | ٣٩– | لوولە | ٦١– | بارۆکە |
| ١٨– | کۆڵەکە | ٤٠– | پنە | ٦٢– | بزنۆکە |
| ١٩– | پوولەکە | ٤١– | گولاڵەسوورە | ٦٣– | شەکرۆکە |
| ٢٠– | ناوك | ٤٢– | ڕیخۆڵەکوێرە | ٦٤– | دەسرۆکە |
| ٢١– | دەسك | ٤٣– | ڕیخۆڵەباریکە | ٦٥– | حەمامۆکە |
| ٢٢– | لانك | ٤٤– | گرێ کوێرە | ٦٦– | چارۆکە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٧- | جلۆکه‌ | ٩١- | ده‌نووک | ١١٤- | مستیله‌ |
| ٦٨- | ژنۆکه‌ | ٩٢- | بچووک | ١١٥- | قووتیله‌ |
| ٦٩- | هێلکه‌شه‌یتانۆکه‌ | | /- له‌/و ئه‌لۆمۆرفه‌کانی | ١١٦- | ده‌غیله‌ |
| ٧٠- | ترشۆکه‌ | ٩٣- | مێرووله‌ | ١١٧- | خشپیله‌ |
| ٧١- | مزرۆکه‌ | ٩٤- | پشیله‌ | ١١٨- | وردیله‌ |
| ٧٢- | شێتۆکه‌ | ٩٥- | به‌رووله‌ | ١١٩- | خنجیله‌ |
| ٧٣- | گێلۆکه‌ | ٩٦- | براله‌ | ١٢٠- | خڕیله‌ |
| ٧٤- | که‌رۆکه‌ | ٩٧- | که‌نیله‌ | ١٢١- | کیسه‌ڵ |
| ٧٥- | فه‌قیرۆکه‌ | ٩٨- | جووجه‌ڵه‌ | ١٢٢- | دوومه‌ڵ |
| ٧٦- | فڕۆکه‌ | ٩٩- | دانووله‌ | ١٢٣- | تۆپه‌ڵ |
| ٧٧- | مارمارۆکه‌ | ١٠٠- | مێشووله‌ | ١٢٤- | زه‌رده‌ڵ |
| ٧٨- | خاڵخاڵۆکه‌ | ١٠١- | کاکۆڵ | ١٢٥- | پووچه‌ڵ |
| ٧٩- | جاڵجاڵۆکه‌ | ١٠٢ | کرمۆڵ | ١٢٦- | فشه‌ڵ |
| ٨٠- | حه‌تحه‌تۆکه‌ | ١٠٣- | به‌رخۆله‌ | ١٢٧- | سه‌وزه‌ڵه‌ |
| ٨١- | خولخولۆکه‌ | ١٠٤- | بچکۆله‌ | ١٢٨- | زیته‌ڵه‌ |
| ٨٢- | فرفرۆکه‌ | ١٠٥- | کچۆڵه‌ | ١٢٩- | قیته‌ڵه‌ |
| ٨٣- | خانوو | ١٠٦- | کیژۆڵه‌ | ١٣٠- | گرده‌ڵه‌ |
| ٨٤- | ڕۆژوو | ١٠٧- | بنۆڵه‌ | ١٣١- | سووکه‌ڵه‌ |
| ٨٥- | پاروو | ١٠٨- | ڕیشۆڵه‌ | ١٣٢- | باریکه‌له‌ |
| ٨٦- | په‌توو | ١٠٩- | نه‌رمۆڵه‌ | ١٣٣- | ڕه‌قه‌ڵه‌ |
| ٨٧- | داسوو | ١١٠- | ناسکۆڵه‌ | ١٣٤- | ڕووته‌ڵه‌ |
| ٨٨- | پووشوو | ١١١- | شڕۆڵه‌ | ١٣٥- | سیسه‌ڵه‌ |
| ٨٩- | ڕه‌ژوو | ١١٢- | کزۆڵه‌ | ١٣٦- | ته‌نکه‌ڵه‌ |
| ٩٠- | جوانوو | ١١٣ | کاریله‌ | | |

| | |
|---|---|
| | /- ژە/ |
| ١٣٧- | بانیژە |
| ١٣٨- | پەیژە |
| ١٣٩- | سوورێژە |
| ١٤٠- | گۆریچە |
| | /- یلکە/و ئەلۆمۆرفەکانی |
| ١٤١- | چاویلکە |
| ١٤٢- | نامیلکە |
| ١٤٣- | جاشوولکە |
| ١٤٤- | تەپۆڵکە |
| | /- چك/و ئەلۆمۆرفەکانی |
| ١٤٥- | بنچك |
| ١٤٦- | قنچك |
| ١٤٧- | کەوچك |
| ١٤٨- | جووچك |
| ١٤٩- | پێچکە |
| ١٥٠- | مێچکە |
| ١٥١- | منداڵۆچکە |
| ١٥٢- | بەربەرۆچکە |
| ١٥٣- | کەنیشك |
| ١٥٤- | تاڵیشك |
| ١٥٥- | کارژۆڵە |
| | /- کەلە/ |
| ١٥٦- | جوانکەلە |
| ١٥٧- | خرکەلە |

| | |
|---|---|
| ١٥٨- | رەشکەلە |
| ١٥٩- | سپیکەلە |
| ١٦٠- | سوورکەلە |
| ١٦١- | لووسکەڵە |
| ١٦٢- | پانکەڵە |
| ١٦٣- | درێژکۆلە |
| | ئەو مۆرفیمانەی بوون بەبەشێك لەوشەکان |
| ١٦٤- | لفکە |
| ١٦٥- | توورەکە |
| ١٦٦- | دایك |
| ١٦٧- | باوك |
| ١٦٨- | مەلۆتکە |
| ١٦٩- | هێلکە |
| ١٧٠- | مەنجەڵ |
| ١٧١- | پەپوولە |
| ١٧٢- | مێتوولکە |
| ١٧٣- | لەچك |
| ١٧٤- | هەڵۆژە |
| ١٧٥- | تووتکە |
| ١٧٦- | تووتەڵە |
| ١٧٧- | پریۆڵە |
| ١٧٨- | گورچیلە |
| ١٧٩- | گورچك |
| ١٨٠- | سوورێنچك |

## هێماو کورتکراوەکان:

| | |
|---|---|
| ( ) | نیشانەی واتایی |
| [ ] | دەنگ |
| /– .../ | مۆرفیم (پاشگر) |
| | پێکهاتووە لە |
| | بووە بە |
| ⟵ | دەبێت بە |
| / | یان |
| * | واتای نادروست |
| ٪ | ڕێژەی سەدی |
| م. | مۆرفیم |
| ڕ. | ڕێژە |

## لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| **ب** | |
| Diminutive | بچووککردنەوە |
| Productivity | بەرهەمداری |
| **پ** | |
| Meaningful | پڕواتا |
| **ش** | |
| Semantic analysis | شیکردنەوەی واتا |
| **ك** | |
| Act | کردە |
| **گ** | |
| Diminutive affix | گیرەکی بچووککردنەوە |
| Derivational affix | گیرەکی وشەداڕێژەر |
| **م** | |
| Derivational morpheme | مۆرفیمی وشەداڕێژ |
| Metaphorically | میتافۆرییانە |
| **ن** | |
| Proper name | ناوی تایبەتی |
| **و** | |
| Literally | واتای فەرهەنگیی (دەقاودەق) |

# پێڕستی ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| **بەشی یەکەم: چەمکی پێزو مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە** | ٧ |
| **١/ ١ بەرهەمهێنان** | ٧ |
| ١/١–١ بەپێزیی پەیوەست بەبەرهەمدارییەوە | ٨ |
| ١/١–٢ بەپێزیی‌و بەرهەمداریی لەزماندا | ٩ |
| ١/١–٣ بەپێزیی لە مۆرفۆلۆژیدا | ١٢ |
| ١/١–٤ بەپێزیی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوەو هۆکارەکانی | ١٦ |
| **٢/١ کورتەیەك لەبارەی مۆرفیمەوە** | ١٩ |
| ٢/١–١ مۆرفیمە وشە داڕێژەکان | ٢٢ |
| ٢/١–٢ مۆرفیمە سینتاکسییەکان | ٢٣ |
| **٣/١ زاراوەی بچووککردنەوە لە زماندا** | ٢٤ |
| **٤/١ پۆلکردنی کەرەستە فەرهەنگییەکان لەڕووی قەبارەوە** | ٢٥ |
| **٥/١ بچووککردنەوەی وشە** | ٢٥ |
| **٦/١ پێناسەی مۆرفیمی بچووککردنەوە** | ٢٧ |
| ٦/١–١ تایبەتمەندییەکانی مۆرفیمی بچووککردنەوە | ٢٩ |
| ٦/١–٢ پاڵنەرەکانی بچووککردنەوە | ٣٤ |
| ٦/١–٣ بنەمای هەڵبژاردنی مۆرفیمی بچووککردنەوە | ٣٦ |
| **٧/١ پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی، پێشتر لەبواری بچووککردنەوەدا کراون** | ٤٠ |
| **بەشی دووەم: ئەرك‌و بەکارهێنانی مۆرفیمی بچووککردنەوەو ڕۆڵیان لە بچووککردنەوەی ناوی تایبەتیی مرۆڤدا** | ٥٣ |
| **١/٢ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمی بچووککردنەوە** | ٥٣ |
| ١/٢–١ ئەرك‌و مەبەستی مۆرفیمی بچووککردنەوە | ٥٥ |
| ١/٢–٢ پەیوەندیی سینۆنیم لەنێوان مۆرفیمەکانی بچووککردنەوەدا | ٥٨ |

٢/١-٣ بەکارهێنانی سینتاکسیی هەندێ وشەی بچووککراوە ٦١
٢/١-٤ واتای فەرهەنگیو پراگماتیکیی وشەی بچووککراوە ٦٤
**٢/٢ بچووککردنەوەی ناوی تایبەتیی مرۆڤ ٦٧**
٢/٢-١ شێوازی بچووککردنەوەی ناوی تایبەتیی مرۆڤ ٦٩
٢/٢-١-١ قۆناغی یەکەم: کورتکردنەوە ٦٩
٢/٢-١-٢ قۆناغی دووەم: بچووککردنەوە ٧٠
٢/٢-٢ مۆرفیمەکانی بچووککردنەوەی ناوی مرۆڤ ٧١
٢/٢-٣ مەبەستەکانی بچووککردنەوەی ناوی مرۆڤ ٧٤
٢/٢-٤ لێکدانەوەی ناوی بچووککراوەی مرۆڤ لەڕوانگەی کۆمەلایەتییەوە ٧٧

**بەشی سێیەم: پێزی مۆرفیمی بچووککردنەوە لە سازکردنی وشەی نوێدا ٨١**
**١/٣ پێزی مۆرفیمی بچووککردنەوە لە سازکردنی وشەی نوێدا ٨١**
٣/١-١ یەکەم: ئەو مۆرفیمانەی وشەی بچووککراوە دادەڕێژن ٨١
٣/١-١-١ /- کە/و ئەلۆمۆرفەکانی ٨٢
٣/١-١-٢ /- لە/ و ئەلۆمۆرفەکانی ٨٣
٣/١-١-٣ /- چە/ ٨٤
٣/١-١-٤ /- چکە/ و ئەلۆمۆرفەکانی ٨٥
٣/١-١-٥ /- یلکە/ و ئەلۆمۆرفەکانی ٨٦
٣/١-١-٦ ئاماری ئەو مۆرفیمانەی بەشداریی داڕشتنی وشەی بچووککراوەیان کردووە ٨٧
٣/١-٢ دووەم: ئەو مۆرفیمانەی وشەی نوێ وەك هێما بەرامبەر بە کەرەستەی نوێ سازدەکەن ٨٨
٣/١-٢-١ /- کە/ و ئەلۆمۆرفەکانی ٨٩
٣/١-٢-٢ /- لە/ و ئەلۆمۆرفەکانی ٩٩
٣/١-٢-٣ /- چە/ و ئەلۆمۆرفەکانی ١٠٦
٣/١-٢-٤ /- یلکە/ و ئەلۆمۆرفەکانی ١٠٦
٣/١-٢-٥ /- چك/و ئەلۆمۆرفەکانی ١٠٧
٣/١-٢-٦ /- کەلە/ و ئەلۆمۆرفەکەی ١٠٩

٣/١-٢-٧ ئەو مۆرفیمانەی بوون بە بەشێك لە وشەکان ١١٤
٣/١-٢-٨ ئاماری ئەو مۆرفیمانەی بەشداریی سازکردنی وشەی نوێیان بەرامبەر بەکەرەستەی نوێ کردووە ١١٨
**٢/٣ خستنەرووی ئاماری گشتیی مۆرفیمەکان** ١١٩
ئەنجام ١٢١
سەرچاوەکان ١٢٣
پاشکۆ (لیستی وشە بچووککراوەکان) ١٢٩